یەکێتی ئەورووپا خۆشحاڵی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم راگەیاند

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

XEBAT

خەبات

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5790) ستێ شەممە 16ی تەمموز 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

دلاوەر خالید ئاژگەیی نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند: لە کۆبوونەوەی دوێنێی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا کە لە بروکسێل بەڕێوەچوو، یەکێتی ئەورووپا خۆشحاڵی خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی حکوومەتی هەرێم ڕاگەیاند. ئاژگەیی ڕاشیگەیاند: یەکێتی ئەورووپا پێشوازی لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکات و داواش لە هەردوولا دەکات بەردەوامی بە دیالۆگی دوولایەنە بدەن لە چوارچێوەی دەستووری عێراق. هەروەها هەردوولا کاری هاوبەش ئەنجام بدەن بۆ بەڕێوەبردن و دابینکردنی ئاسایش لە ناوچە جێناکۆکەکان.

کۆڕیای باشوور.. پەیام و بەرنامەی حکوومەتی هەرێم بە 18 وڵاتی جیهان گەیەندرا

نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، بەشداری لە کۆڕبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جێندەری لە کۆریای باشوور کرد و پەیام و بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە 18 وڵاتی جیهان گەیاند. **(زیاتر لە ل6 بخوێنەوە)**





سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ شاندێکی بەریتانی کۆدەبێتەوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەڕێزان جەنەڕاڵ سیر جۆن لۆریمەر ڕاوێژکاری باڵای وەزارەتی بەرگریی بەریتانیا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جۆن ویکلس باڵێزی بەریتانیا لە عێراق و جێمس سۆرنتۆن کونسوڵی گشتیی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەریان، دۆخی سیاسی و ئەمنیی عێراق بەگشتی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، پەیوەندییەکانی هەولێر - بەغدا، چارەسەرکردنی دەستووریی کێشەکانی هەولێر - بەغدا، مەشق و ڕاهێنان بە هێزی پێشمەرگە و بەردەوامیی ڕیفۆرم لە وەزارەتی پێشمەرگەی تاوتوێ کرد.

لە کۆبوونەوەیەکدا کە ئێوارەی دوێنێ دووشەممە 15/7/2019لە هەولێر بەڕێوە چوو، شاندی میوان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونیان لە بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ هیوای سەرکەوتنیان بۆ خواست، بەڕێزیشیان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە کونسولی نوێی بەریتانیا لە هەرێمی کوردستان کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست لە کار و ئەرکی نوێیدا.

بەرەوپێشبردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و بەریتانیا لە بوار جیاوازەکاندا، هاوکاری و هەماهەنگیی عێراق و هەرێمی کوردستان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بەتایبەتی بەریتانیا بۆ بنەبڕکردنی مەترسیی تیرۆر و ڕووبەڕووبوونەوەی تووندڕەوی، ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە زیانبەرکەوتووەکانی شەڕی داعش و گەڕانەوەی ئاوارەکان بۆ زێدی خۆیان، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد

ئەمڕۆ شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێم بۆ دەربڕینی نیازپاکی سەردانی بەغدا دەکات

دوێنێ دووشەممە 2019/7/15 ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمی سازکرد و تیایدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سوپاسی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی مووچەخۆران و پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی شەهیدانی کرد کە لە سالانی رابردوو شانیان دایە بەر بەرگریی کردن و پاراستنی سەروەری هەرێمی کوردستان و قارەمانانە بەڕووی هەموو سەختی و ناخۆشی و قەیران و ئابلۆقەکان وەستانەوە، بەڵێنیشی دا کە درێغی نەکەن لە خزمەتکردنی هاوواڵتیان بە بێ جیاوازی. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

نێچیرڤان بارزانی بۆ گەنجان:

کار، بڕوا و متمانەبەخۆبوون و کەسایەتی و خەونی گەورە لەلای کۆمەڵگە دڕووست دەکات



سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەممە 2019/7/15 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشانگەی ڕوانگە فوردەسی کردەوە کە لەلایەن دەزگای ڕوانگەوە ڕێکخرابوو و ژمارەیەک لە وەزیر و کەسایەتیی ئەکادیمی و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان تیایدا ئامادە بوون.

لە ڕێوڕەسمەکەدا دوای پێشکەشکردنی چەند وتەیەک لە لایەن ئامادەبووانەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا جیا لە دەربڕینی خۆشحاڵی بە بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمەکەدا، باسی لە گرنگیی پیشانگاکانی کار لە جیهان کرد کە تیایدا کارخواز و خاوەنکار یەکتری دەدۆزنەوە و هەردوولا سوودمەند دەبن، هەروەها خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا کە پرۆژەی ڕوانگە فوردس ئەمسال وایکردووە زیاتر لە 150 کۆمپانیای بواری جیاواز لەم پێشانگەیەدا بەشدار بن و زیاتر لە 1700 دەرفەتی کار بۆ گەنجانی کارخواز دەرەخسێنێن و بۆ ئەم کارەش دەستخۆشی لێکردن. بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش دا کە هەموو دەرفەتێکی کار گەر بۆ یەک کەسیش بێت، کارێکی گرنگە چونکە کار ئومێد، ژیان، سەرەتا، ئەزموونێکی نوێ بۆ کەسێک، خانەوادەیەک دەستەبەر دەکات و وابەستەیی بە نیشتمانەوە و خۆشەویستی بۆ خاک بەهێزتر دەکات و هێزی بەرگەگرتن و ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدیبەکان لە ناخی مرۆڤدا دەچێنێت و بڕوا و متمانەبەخۆبوون و کەسایەتی و خەونی گەورە دڕووست دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەرپرسێکی حکوومەتی ئەمەریکا: پشتیوانی حکوومەت و خەڵکی کوردستان و عێراق دەبین بۆ فراوانکردنی بازنەی دیموکراسی و ئازادییە ئاینییەکان

بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەتی ئەمەریکا هاوکار و پشتیوانی خەڵک و حکوومەتی کوردستان دەبێت بۆ فراوانکردنی بازنەی دیموکراسیەت و ئازادییە ئاینییەکان و بەڵێنی ئەوەشی داوە سەردانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکات بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی زیاتری ڕەوشی ئازادییە ئاینییەکان و بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**



بە فەرمی هەولێر بووە دەستەخوشکی پاریس

لە تەلاری شارەوانی پاریس، یاداشنامەی دەستە خوشکیی پاریس و هەولێر واژوو کرا و بەمەش هەولێر بووە 55ـەمین دەستە خوشکی پاریس. ئان ئیدالگۆ سەرۆکی شارەوانی پاریس و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک بۆ میدیاکان باسیان لەگرنگی ئەم یاداشتنامەیە کردووە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دەزگای ڕوانگە چوارەم پێشانگەی هەڵی کاری کردەوە

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)

ئیدارەی ترەمپ خەریکی ئامادەکردنی پاکێجێکی نوێی گەمارۆکانە بۆ سەر تورکیا

ئاژانسی هەواڵی بلۆمبێرگ ئاشکرای دەکات، چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستە، تورکیا بە فەرمی مووشەکی بەرگریی S400ی لە ڕووسیا وەرگرت، ئەگەرچی چەند بەشێکی ئەو مووشەکە ماوە بگاتە تورکیا، بەڵام پارچە گرنگەکان گەیشتوون و ئێستە خەریکن بەکاری بخەن. **(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)**





بە هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵی و بەردەڵانەکانی دەشتی هەولێر تۆمارکراون

هێشتا پرۆژەکان لە هەندێک شوێنی هەولێر نەپەڕیونەتەوە ئەوبەری بازگەکان، کە دەگەیتە قەزای دەشتی هەولێر دەبینی هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری نییە لە ڕێگاوبان و نەخۆشخانە و سەوزایی و ئاو و قوتابخانەی باش، بە قسەی قایقامی قەزای دەشتی هەولێریش زیاتر لە 200 هەزار کەس لە پێکهاتەو نەتەوەی جیا لەو سنوورە فراوانە دەژین، بۆیە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دروست دەبن و پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانیش هێشتا ئەو توانا باشەیان نییە بتوانن کۆنترۆڵی ئەو سنوورە فراوانە بکەن. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**

ئەمڕۆ شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێم بۆ دەربڕینی نیازپاکی سەردانی بەغدا دەکات

حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە یەکەمین کۆبوونەوەیدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد:

بنبڕکردنی دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن دەبێتە یەکێک لەکارە لەپێشینەکانی وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی حکوومەت

سەرجەم وەزیرەکان و خاوەن پۆستە باڵاکان دەبێت پابەندبن بە دەوامی فەرمی وەزارەتەکانیان



دوێنێ دووشەمە 2019/7/15 ئەنجوومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، یەکەمین کۆبوونەوەی فەرمی سازکرد و تیایدا چەند بڕیارێکی گرنگی دەرکرد. لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران بەناوی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە سوپاسی خەڵکی کوردستان بە گشتی و بەتایبەتی موچەخۆران و پێشمەرگە قارەمانەکان و خانەوادەی شەهیدانی کرد کە لە ساڵانی رابردوو شانیان دایە بەر بەرگریکردن و پاراستنی سەروەری هەرێمی کوردستان و قارەمانانە بەڕووی هەموو سەختی و ناخۆشی و قەیران و ئابلۆقەکان وەستانەوە، بەڵێنیشی دا کە درێغی نەکەن لە خزمەتکردنی هاوواڵتیان بە بێ جیاوازی.

هەر لەکۆبوونەوەکەدا، دوای ڕوونکردنەوەی کارەکانی دەستبەکاربوونی وەزیرەکانی کابینەی نوێ، ئەنجوومەنی وەزیران وەزیرەکانی راسپارد لەژێر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کابینەی نۆیەم، بەرنامەی کارەکانی وەزارەت لەماوەی 30 ڕۆژدا دابڕێژن و پێشکەشی ئەنجوومەنی وەزیرانی بکەن بۆ ئەوەی پەسەند بکرێت وبخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. هەر لەو کۆبونەوەیەدا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رایگەیاند: سبەینێ شاندێکی باڵای حکوومەتی هەرێم بۆ دەربڕینی نیاز پاکی سەردانی بەغدا دەکات بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا لە چوارچێوەی دەستوور.

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆک وەزیران چەند بڕیارێکی گرنگی لەبارەی دەوامی وەزیرەکان و خاوەن وەزیفە باڵاکان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و نەهێشتنی ڕۆتین و دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن لەناو دامودەزگاکانی حکوومەت خستەڕوو، دواتر بەکۆی دەنگ پەسەندکران.

دەقی بڕیارەکانی یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران:

یەکەم: سەرجەم وەزیرەکان و خاوەن پۆستە باڵاکان دەبێت پابەندبن بە دەوامی فەرمی وەزارەتەکانیان لە دەستپێکی دەوامی ڕۆژانی یەکشەممەوە تا کۆتایی دەوامی فەرمی لە ڕۆژانی پێنجشەممە.

دووەم: سەرجەم فەرمانبەرانی حکوومەتی هەرێم دەبێت پابەند بن بە کاتی دیاریکراوی دەوامی فەرمی و هیچ کەسێک بۆی نییە لە کاتی دەوامی فەرمیدا شوێنی کارکردنی خۆی بەجێبهێڵێت یان کارێکی دیکەی دەرەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات.

سێیەم: فەرمانبەران دەبێت پابەند بن بە پاراستنی نهێنیی کاروباری فەرمانبەرییەتی و نابێت ئەو زانیارییانەی کە بە نهێنی پۆلێن دەکرێن، لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان ئاشکرا بکرێن.

چوارەم: دەبێت ڕۆتین لەدامودەزگاکانی حکوومەتدا نەمێنێت و سەرجەم مامەڵەی هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و ورد، لەلایەن فەرمانبەرانەوە جێبەجێ بکرێت. هەروەها وەڵامدانەوەی سکاڵا و پرسیاری هاوواڵتیان بە شێوەیەکی خێرا و گونجاو، ئەرکی دامودەزگاکانی حکوومەتە و دەبێت بەجێبهێڵێت یان کارێکی دیکەی دەرەوەی ئەرکەکەی جێبەجێ بکات.

پێنجەم: دیاردەی بەرتیلدان و بەرتیل وەرگرتن، لەناو دامودەزگاکانی حکوومەتدا هەستی پێدەکرێت، بۆیە بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەبێتە یەکێک لەکارە لەپێشینەکانی وەزیر و بەرپرسە باڵاکانی حکوومەتی هەرێم و ئەم بابەتە بە هیچ شێوەیەک چاوپۆشی لێ ناکرێت و سەرپێچیکاران بە تووندی سزا دەدرێن.

پەیامی پیرۆزبایی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی گرێدان و سەرکەوتنی کۆنگرەی حەقدەمینی حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق

دوێنێ دووشەمە 2019/7/15 مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەبۆنەی گرێدان و سەرکەوتنی کۆنگرەی حەقدەهەمینی حزبی دەعوەی ئیسلامی عێراق، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی نوری مالیکی ئەمیندارێ گشتی و ئەنجومەنی شورای حزبی دەعوە کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز نوری مالیکی ئەمیندارێ گشتیی حزبی دەعوەی ئیسلامی

بەڕێزان لە ئەنجومەنی شورای حزبی دەعوە

سڵاوی خواتان لێ بێت

بە بۆنەی گرێدان و سەرکەوتنی حەقدەهەمین کۆنگرەی حزبە تیکۆشەرەکەتان و هەڵبژاردنەوەتان بە ئەمیندارێ گشتی، بە گەرمی پیرۆزبایی لە بەڕێزتان دەکەین و لە ڕێی ئێوەشەوە لە ئەندامانی کۆنگرە و کۆی ئەندام و لایەنگران و جەماوەری تیکۆشەری حزبەکەتان دەکەین. هیوادارین کۆنگرە و بڕیار و ڕاسپاردەکانی لە خزمەت پێشکەوتنی حزبەکەتان و قووڵکردنەوەی گیانی پێکەوەژیان و ئاشتی و لە ئاست چاوەڕوانی هەموولایەک بێت.

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی و هیوای سەرکەوتن و پێشڕەچوون بۆ حزبە تیکۆشەر و دێرینەکەتان، لەم بۆنەیەدا جارێکی دیکە تەئکید لە پەیوەندی مێژوویی و هاوخەباتی درێژخایەنی نێوانمان دەکەینەوە کە بەرهەمەکەی ڕووخاندنی دیکتاتۆریەت و هاتنە ئارای عێراقی نوێ، عێراقی دیموکراتی و شەراکەت و تەوافوق و تەوازونی نێوان پێکهاتەکانی بوو. هەمیشە هیوادارین بە گیانی هاوخەباتیی جاران و لە پێناو عێراقێکی ئاسوودە و ئارام کە هەموان تێیدا بە ماف و ئازادی و عەدالەت شاد بژن بڕەو بە پەیوەندی نێوانمان بدەین.

جارێکی دیکە بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەین و هیوای سەرکەوتن و پێشکەوتنی بەردەوامتان بۆ دەخوازین.

مەکتەبی سیاسی

پارتی دیموکراتی کوردستان

2019ی7ی15



سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزیدیی پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

بەبۆنەی هەڵبژاردنی مەسرور بارزانی، وەک سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، بابا شێخ، سەرۆکی ئەنجوومەنی ڕۆحانی ئێزیدی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆک وەزیرانی نوێ و کابینە وەزاریەکەی کرد.

ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

دڵخۆش و بەختەوەرین، کە بە ناوی خۆم و نوێنەرایەتی تەواوی ڕۆڵەکانی ئایینی ئێزیدی ئەوپەڕی پیرۆزبایی وەفاداریتان لێ بکەم و پیرۆزبایی ئەرکە نوێیەکەت وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانتان لێ دەکەین، ئێمە باوەڕی تەواومان هەیە، کە هەڵبژاردنتان وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی پێکهاتەی کابینەی نوێی حکوومەت، نەخشەی ئایندەیەکی نوێ دەکێشێت و ڕەنگدانەوەی لەسەر باوەڕبوونی سەرکردایەتی سیاسی و گەلی کوردستان بە کەسایەتییە بەڕێزەکەتان دەبێت، کە بەڵێنت بە گەلەکەمان داوە. بوونی جەنابیان لە سەرۆکایەتی حکوومەت هیوایەکی پرشنگدار و پەناگەیەکی لەخۆگرتنە بۆ تەواوی ڕۆڵەکانی هەرێم بە سەرجەم پێکهاتە ئاینی و نەتەوەکانییەوە، لەناویان پێکهاتەی ئێزیدیش جێ دەگرێت.

هەروەک ئەوپەڕی هیوای تەندروستی باش و سەرکەوتن بۆ پۆستە باڵاکەت دەخوازین و ئومێدی خێر و خۆشی و ئاسایش و ئاشتیش بۆ گەلی کوردستانمان دەخوازین.

بابا شێخ، سەرۆکی ئەنجومەنی ڕۆحانی ئایینی ئێزیدی

مەحما خەلیل: کار ل سەر جینۆسایدا شنگال دهێتە کرن

قایمقامی شنگال پشتی پوستی شیرەتگاریا پەرلەمانێ کوردستانێ وەرگرتی دیار کر بەرنامەکێ ڕێکوپێک بۆ شنگال و جینۆسایدا شنگال دێ پێشکیشی پەرلەمانێ کوردستانێ کەت. مەحما خەلیل گۆت: بۆ جینۆسایدا شنگال دی کار کەین، چونکو ئەڤە دوسیەیا دبەرژوەندیا مرۆڤایەتی و هەموو خەلکێ کوردستانێ دایە داکو چوو جارێن دی جینۆسایدا بسەری خەلکێ مە مەهێن ومللەتی مە ژی وەکو مللەتی هەموو دونیایی ب مافێن خوە شاد بن هەموو هەولدانان دی کەین بۆ دەستڤە ئێنانا هەموو پالپشتی بۆ جینۆسایدا شنگال هەروسا ژی بۆ ئیکلایکرنا چارەنڤیسی دەڤەرێن مە دگەل بەغدا و ڤەگەریانا ئاواران بۆ سەر جھ و مالێن وان و بنبرکرنا ئەو زێدەگاڤێن ل وان دەڤەران دهێنە کرن. خێرا ژی کر: بەرنامەکێ ڕێک وپێک دی دانن ب هەڤکاریا و هەماهەنگیا هەڤالان ل پەرلەمانێ کوردستانێ بۆ شنگال و باشکرنا ڕەوشا شنگال هەموو ڕوویەکی ڤە دی هەموو شیانبێن خوە بۆ خزمەتکرنا خەلکێ خوە ل پەرلەمانێ ئێخمە دکارێدا.

بە فەرمی هەولێر بووە دەستەخوشکی پاریس



K24/ دوێنێ دووشەمە لە تەلاری شارەوانی پاریس، یاداشنامەی دەستە خوشکیی پاریس و هەولێر واژوو کرا و بەمەش هەولێر بووە 55ـەمین دەستە خوشکی پاریس.

ئان ئیدالگۆ سەرۆکی شارەوانی پاریس و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک بۆ میدیاکان باسیان لەگرنگی ئەم یاداشتنامەیە کردووە.

بە گوتەرەی یاداشنامەکە هەماهەنگی و کارکردن لە نێوان هەر دوو پایتەختدا زیاتر بەرفراوان دەبێت بە تایبەتی لە بواری ئابووری و کولتووری و ژینگەیدا. مانگێک پێش ئێستا لە ولاتی ئۆگەندا ڕێکخراوی کۆنفیدراسیۆنی پایتەختە فرانکفۆنییەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا، نەوزاد هادی وەکو پارێزگاری هەولێر بەشداری کردبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا ئەو شارانەی کە دەستە خوشکی پاریسن بەشداریان کردبوو، لە کۆبوونەوەیەکدا ئەندامبوونی هەولێر خرایە دەنگدان و بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەولێر بووە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا.

پاریس ناوەندێکی بەهێزی سیاسی و ئابووری کولتووری جیهانییە، پێنجەم گەورە شاری ئابووری جیهانە و یەکەم گەورە شاری ئەورووپایە، بەهۆی ئەو شوێنە سەرنجڕاکێش و شوێنەوارە کۆنانەی هەیەتی ساڵانە بە ملیۆنان گەشتیار لەجیهانەوە سەردانی ئەم شارە دەکەن.

هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی تازەدایە و بەرەو ئایندەیەکی باشتر لە هەموو ڕوویەکەوە هەنگاو دەنێت

نێچیرڤان بارزانی بۆ گەنجان: بیربکەنەوە، داهێنان بکەن

پێویستە هەرسێ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی پلان و ڕوانگە و کاری هاوبەشیان هەبێت

سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 2019/7/15 بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشانگەی ڕوانگە فورەسی کردەوە کە لەلایەن دەزگای ڕوانگەوە ڕێکخرابوو و ژمارەیەک لە وەزیر و کەسایەتیی ئەکادیمی و نوێنەرانی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان تیایدا ئامادە بوون.

لە ڕێورەسمەکەدا دوای پێشکەشکردنی چەند وتەیەک لە لایەن ئامادەبووانەوە، بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان وتەیەکی پێشکەش کرد و تیایدا جیا لە دەربڕینی خۆشحاڵی بە بەشداریکردن لە ڕێورەسمەکەدا، باسی لە گرنگیی پیشانگاکانی کار لە جیهان کرد کە تیایدا کارخواز و خاوەنکار یەکتری دەدۆزنەوە و هەردوولا سوودمەند دەبن، هەروەها خۆشحاڵیی خۆی نیشان دا کە پرۆژەی ڕوانگە فورەس ئەمساڵ وایکردووە زیاتر لە 150 کۆمپانیای بواری جیاواز لەم پێشانگەیەدا بەشدار بن و زیاتر لە 1700 دەرفەتی کار بۆ گەنجانی کارخواز دەرەخسێنێت و بۆ ئەم کارەش دەستخۆشی لێکردن.

بەڕێزیان ئاماژەی بەوەش دا کە دوای ساڵی 2003 هەرێمی کوردستان قۆناغێکی گەورەی ئاوەدانکردنەوە و بنیاتنانی ژێرخان و بەرەوپێشچوونی ئابووری بە خۆیەوە بینی. بە دەیان هەزار دەرفەتی کار لە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان لە بواری جیادا دروست بوون. لەو ماوەیەدا سیمای هەرێمی کوردستان بە تەواوی بۆ باشتر گۆڕا. ئەگەر شەڕی داعش و قەیرانەکان نەبوونایە، بێگومان دۆخی وڵاتەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە ئەمڕۆ باشتر دەبوو. کار و دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ سەتان هەزار کەسی دیکە خێراتر و ئاسانتر دەبوو.

وڵاتان کە تووشی شەڕ و قەیران دەبن، وا بە ئاسانی نایەنەوە سەرخۆ. کاریگەری و دەرهاویشتەی خراپی شەڕ و قەیران، تا ماوەیەکی درێژ، دەمێنن. لێرەش بۆ ئەوەی دۆخەکە بکەوێتەوە سەر ڕێچکەی خۆی، پلان و کار و هەوڵ و ماندووبوونی دەوێت. ئێستا، کە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی تازەدایە، بەرەو ئایندەیەکی باشتر هەنگاو دەنێت. دڵنیام دۆخی ئابووری باشتر دەبێتەوە، بازاڕ دەگەشێتەوە، دەرفەتی کاریش بۆ گەنجانی کوردستان زیاتر دەبێت. بۆ ئەمەش پێویستیمان بەخۆڕێکخستنەوە و ئامادەکاری هەیە بۆ قۆناغی داهاتوو.

ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو سەلماندوویەتی کە دۆزینەوەی کار، تەنیا ئەرکی حکوومەت نییە و کەرتی گشتی ناتوانێت هەموو دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بخاتە کارەوە. کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و کۆمەڵگەی مەدەنی، دەتوانن پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بن تاکو زۆرترین دەرفەتی کار دابین بکەن. پێویستە لە هەرێمی کوردستان ئەو سێ کەرتە باشتر پێکەوە هاوکار و هەماهەنگ بن. دەبێ پلان و میکانیزمی هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی هەرسێکیان بە باشترین شێوە، بەشداری لە ڕاستکردنەوەی دۆخەکەدا بکەن.

پێویستە هەرسێ دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری و کارگێڕی، پێکەوە کار بکەن. پلان و ڕوانگە و کاری هاوبەشیان هەبێت، بۆ ئەوەی کاروباری کۆمەڵگە لە هەموو بوارەکاندا باشتر بکرێت و وڵات بەرەو پەرەپێدانی زیاتر ببات. خوێندنی پیشەیی لە قۆناغی ئامادەیی و لە زانکۆش، دەبێ گرنگیی زیاتری پێ بدرێت و وەڵامی بازاڕی کار و پێداویستییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ قۆناغی ئێستا و قۆناغەکانی داهاتوو بداتەوە.

گەنجانی خۆشەویست،

ئێوەش دەبێ سەرەتایەکی تازە لە بیرکردنەوە دەست پێبکەن. بیرکردنەوەی تازە بکەنە ئەرکێکی جددیی خۆتان. دەبێ بیرێکی جددیتر لە کار و داهێنان بکەنەوە. دەبێ کار بکەن و هەوڵ بدەن بۆ هێنانەکایەی بیرۆکەی تازە. بیر لە کێشە و پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بکەنەوە. هەوڵ بدەن بزانن چۆن چارەسەر دەکرێن؟ ئێوە دەتوانن ''بیر بکەنەوە ''و ''بیر بکەنەوە ''تا لە ئەنجامدا بتوانن ببنە داهێنەری کارێک بۆ خۆتان و بۆ دەیان گەنجی وەک ئێوە. بیرکردنەوە لە چۆنیەتیی دابینکردنی پێداویستییەکان، ماکی داهێنانە.

ڕاستە ئێوەی گەنج، خواست و خەونی گەورەتان هەیە، مافی خۆتانە داواکاری و خەونی گەورەتان هەبێت. مافی خۆتانە ژیانێکی باشتر بژین و پێداویستی و خواستەکانتان فەرهەم بن. بەڵام دەبێ ئەوەتان لە بیر بێت کە ڕێگەی زۆر دوورین، بە هەنگاوی یەکەم دەستپێدەکات. ئێوە تازە سەرەتای تەمەنی ژیان و کارتانە. هەرگیز لە بیر نەکەن کە هیچ خەونێک لە شەو و ڕۆژێکدا نابێتە ڕاستی. خەونی پێوە ببینە، ئومێدی لەسەر بنیات بنێ، بەڵام ئەوە دروست نییە لە ڕۆژی یەکەمەوە چاوت لە کارێکی گەورە بێت. نابێ پێت وابێ، دەبێ لە ڕۆژی یەکەمدا پلەیەکی کارگێڕیی گەورەت هەبێت.

ئەمڕۆ، با کارێکی ئاساییت قبووڵ بێت، بە نەرمی و بە سادەیی دەست بە کارێک بکە. ئەرکێکی لە ئاستی تەمەن و خوێندن و توانای خۆتدا بگرە ئەستۆ. ڕازیبە بە دەرفەتێک کە ئەمڕۆ بۆ کار دەستت دەکەوێت. هەوڵ بدە و باش لەسەر کارەکەت بوەستە. داهێنانی تێدا بکە، ئەزموون و شارەزایی بە دەست بهێنە، ئینجا دەبینیت چۆن هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سەرکەوتن و بەدیهێنانی خەونەکانت هەڵدەکشێی. دەبینی چۆن ڕێگەی دوور، هێدی ـ هێدی نزیک دەبێتەوە.

ئەوانەی پەلەیانە و دەیانەوێت لە شەو و ڕۆژێکدا بگەنە هەموو شتێک، ناتوانن سەرکەوتوو بن. سەرکەوتن بە ئەزموون و تاقیکردنەوەیە. بە کەڵەکەبوونی کەوتن و شکست، بە هەڵسانەوە و بەردەواميیە بۆ سەرکەوتن .کات و ماندووبوون و شەونخوونی پێویستە. هەوڵدان و بەرگەگرتن و لەخۆبوردەیی. سەرکەوتن و بەڕاستیکردنی خەونەکان، بە فێربوونە لە هەڵەی ڕابردوو. خۆت هەوڵ بدە، بە دوای کاردا بگەڕێ. ئەم کار و ئەو کار تاقیبکەرەوە، تا خۆت لەو کارەدا دەدۆزیتەوە کە دڵنیای تیایدا سەرکەوتوو دەبیت.

گەنجانی خۆشەویست..

ئێمە لە هەرێمی کوردستان قۆناغ و ڕۆژگاری زۆر سەخت و ئاڵۆزمان بەڕێکرد، بەڵام بە ئومێدەوە ڕوومان لە ئایندەیەکی باشترە. ئایندەیەک کە ژیانێکی باشتر و دەرفەتی کاری زیاتر بۆ گەنجانی وەک ئێوە دابین دەکات. ئایندەیەک کە ئێوەی گەنج و نەوەی ئەمڕۆمان، سبەی قسەی یەکلاکەرەوەی تێدا دەکەن. ئەرکی بنیاتنان و بەرەوپێشبردن و بەڕێوەبردن و پاراستنی دەکەوێتە ئەستۆی ئێوەی گەنجانی خۆشەویست. بۆیە بە هەر کارێک کە ئەمڕۆ دەستی پێ بکەی، خۆت بۆ ئەو ئایندەیە ئامادە بکە. بزانن کە ئایندەی ئەم وڵاتە لە دەست ئێوەدایە.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی لە هەموو ئەو گەنجانە دەکەم کە لەم پێشانگەیەدا شانسی دەرفەتێکی کار بە دەست دەهێنن. هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم. بۆ ئەوانەش کە ئەمجارە و لێرە شانسی بەدەستهێنانی دەرفەتی کارێکیان نەبێت، با نائومێد نەبن، کۆڵ نەدەن و بە گیانێکی گەنجانەوە بە دوای دەرفەتێکی دیکەی کاردا بگەڕێن. گەیشتن بە خەون و ئامانج، بەردەوامی و کۆڵنەدانە.

سوپاس و پێزانین بۆ هەموو سپۆنسەران و هاوبەشانی ئەم پێشانگەیە لە کۆمپانیا و لایەن و دەزگا و ڕێکخراوی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی، کە دەرفەتی کاریان بۆ گەنجانی کوردستان دابین کردووە.

سوپاس و پێزانین بۆ وەزارەتی هاریکاریی ئابووری و پەرەپێدانی ئەڵمانیا BMZ و دەزگای GIZی ئەڵمانی کە بۆ کردنەوەی ئەم پێشانگەیە، هاوکاریی پرۆژەی ڕوانگە فورەسیان کردووە.

سوپاسی هەموو ئەو هاوکارییانەشیان دەکەم کە لە هەرێمی کوردستانداا لە دوای قەیرانی دارایی و هاتنی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان، دەزگای GIZی ئەڵمانی لە هەرێمی کوردستان پێشکەشی کردووە، دەمەوێ سوپاسێکی تایبەتیان بکەم کە لێرەن.

سوپاس بۆ دەزگای ڕوانگە و بۆ هەموو ئەوانەی ڕەنجیان لەم کارەدا کێشاوە. هیوای دەرفەتی کاری زیاتر بۆ گەنجانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان و ڕۆژێکی خۆش بۆ ئێوەی بەڕێزیش ئارەزوو دەکەم.

هەموتان بەخێر بێن.

زۆر سوپاس.







دەزگای روانگە چوارەم پێشانگەی هەلی کاری کردەوە

ئاری ڕەسول: ئامانجمان دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە بواره جیاجیاکاندا کار بکەن



دوێنێ دووشەممە 2019/7/15 بە بەشداری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی و ژمارەیەک لە بەرپرسان و خاوەنکاران، چوارەمین پێشانگەی دەزگای روانگە کرایەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە 14 وڵاتی جیاوازەوە بەشدارن و ئامانج لێی دۆزینەوەی هەلی کارە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت لە بواره جیاجیاکاندا کار بکەن.

بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی دەزگای روانگە، ئاری ڕەسول لە لێدوانێکدا گوتی: ئامانجی ئێمە لە پرۆژەی روانگە فورەس، ئەوەیە بتوانین کارخوازان و خاوەنکاران بەیەکەوە ببەستینەوە، بتوانن هەلی کاریان بۆ بدۆزینەوە و بیانخەینە بازارەوە، بۆیە ئەم پرۆژەیەی ئەمڕۆ چەندین چالاکی لەخۆدەگرێت، بەشێک لە کارەکانمان بریتییە لە ڕاهێنانی چڕنیەتی نووسینەوەی سی ڤی، هەروەها چوارشۆپن هەیە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت هاوکارییان بکرێت لە نووسینەوەی سی ڤی، ڕاهێنانی دیکەمان هەیە کە چڕن چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن.

ئاری ڕەسول گوتیشی: لەم پێشانگەیەدا کە ماوەی دوو ڕۆژ دەخایەنێت، 166 کۆمپانیا بەشداڕە و لەو ژمارەیەش تا ئێستا 122 کۆمپانیا هەزار و 690 هەلی کاریان ڕاگەیاندووە و پێشبینیش دەکەین سبەی ئەو 44 کۆمپانیایەی ماوەتەوە، ژمارەی هەلی کارەکایان بۆ ئێمە بنێرن. ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە ئەمە چوارەم پێشانگەیە دەزگای ڕوانگە دەیکاتەوە و لە ڕێگای ئەو پێشانگەیانەش تا ئێستا چوار هەزار و 332 کەس کاریان دەستکەوتووە و ڕاشیگەیاند لە ساڵی پار 700 کەس کاریان دەستکەوتووە و ئەمسالیش لە 14 وڵاتەوە کۆمپانیاکان لە بواره جیاجیاکان بەشدارن.

کۆنسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان سەردانی مەزاری نەمرانی کرد

هیوادارین لە ئایندەیەکی نزیکدا هەولێر و بەغدا سەرجەم کێشەکانی نێوانیان چارە بکەن



شاندێکی ئەمەریکا بە سەرۆکایەتیی ستیڤن فەیگن، کونسوڵی گشتیی ئەمەریکا لە هەرێمی کوردستان، سەردانی مەزاری نەمرانیان لە بارزان کرد. دواتریش لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، ستیڤن فەیگن، ئامانجی سەردانەکەی ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند: ئەم سەردانەم بۆ سەر مەزاری نەمران لە بارزان، بۆ ئەو مەبەستە بووە کە لە نزیکەوە ببینم کە بنەماڵەی بارزانی و گەلی کورد، بە گشتی و بارزانییەکان بە تایبەتی، ڕووبەڕووی چ ستەم و تراژیدیایەک لەلایەن ڕژێمی پێشووی عێراقەوە بوونەتەوە. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداش، کۆنسوڵی گشتیی ئەمەریکا گوتی: پەیوەندییەکان پێشەوەچوونی باشیان بەخۆوە بینیوە و هیواداریشین لە ئایندەیەکی نزیکدا هەولێر و بەغدا سەرجەم کێشەکانی نێوانیان چارە بکەن.

بەرپرسێکی حکوومەتی ئەمەریکا بۆ خەبات:

پشتیوانیی حکوومەت و خەڵکی کوردستان و عێراق دەبین بۆ فراوانکردنی بازنەی دیموکراسی و ئازادییە ئاینییەکان



خەبات - مەریوان نەقشبەندی

بەرپرسێکی باڵای حکوومەتی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات ئاماژە بەوە دەکات کە حکوومەتی ئەمەریکا هاوکار و پشتیوانی خەڵک و حکوومەتی کوردستان دەبێت بۆ فراوانکردنی بازنەی دیموکراسیەت و ئازادییە ئاینییەکان و بەڵێنی ئەوەشی داوە سەردانی هەرێمی کوردستان و عێراق بکات بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی زیاتری ڕەوشی ئازادییە ئاینییەکان و بەربەستەکانی بەردەم ئەم پرۆسەیە.

خاتو نەدین بلێسەر ماینزا ئەندامی کۆمسیۆنی ئازادییە ئاینییەکان لە حکوومەتی ئەمەریکا لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەی خەبات گوتی: سااڵ لەدوای ساڵ تۆماری هەرێمی کوردستان لەبواری ئازادی ئاینی و کرانەوە بەڕووی فرەیی ئاینیدا زیاتر دەچێتەپێشەوە و ستایش دەکرێت و ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دەرەوە لەبارەی ئازادییە ئاینییەکاندا ئەم ڕاستییە دەردەخات و هیواشی خواست بەپشتیوانی ئەمەریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئازادی ئاینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهاندا باشتر بێت. گوتیشی: لەم ماوەیەی دوایی سەردانی وڵاتی میانمارم کرد و دواتریش سەردانی ئەو ناوچەیەی بەنگلادیشم کرد کە نزیکەی 700 هەزار ئاوارە و هەڵاتووی موسڵمانی میانماری لێیە کە بە موسڵمانەکانی ڕۆهینگا ناسراون و ژمارەیەک لەقوربانیەکانم دواند و هەموویان تەئکیدیان کردەوە کە لە ساڵی 2017 سوپای میانمار شالاوێکی دڕندانەیان دژی موسڵمانانی ئەم وڵاتە و تەنانەت دژی مەسیحیەکانیش بەرپاکردووە و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتیشیان ئەنجام داوە. خاتو نەدین ماینزا کە پێشتر سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووە و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ ئیدارەی دۆنالد ترەمپ هەیە، لەسەر هەڵوێستی ئەمەریکا بەرامبەر ئەم تاوانانەی سوپای میانمار گوتی: ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا سەرقاڵی دەرکردنی بڕیارێکن بۆ سزادانی سەرکردە سەربازییەکانی میانمار و ئەو کۆمپانیا بازرگانیانەی کە ئەوان خاوەندارێتی دەکەن.

ئیدارەی ترەمپ خەریکی ئامادەکردنی پاکێجێکی نوێی گەمارۆکانە بۆ سەر تورکیا

مووشەکی S400 کێشەیەکی گەورە بۆ ناتۆ و ئەمەریکا دروستە دەکات

لۆمۆندی فەرەنسی: ئەو یارییە بەردەوام نابێت و تورکیا بە دۆڕاوی لێی دەچێتە دەرەوە

خەبات: زانکۆ جاف

ئاژانسی هەواڵی بلۆمبێرگ ئاشکرای دەکات، چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستە، تورکیا بە فەرمی مووشەکی بەرگریی S400ی لە ڕووسیا وەرگرت، ئەگەرچی چەند بەشێکی ئەو مووشەکە ماوە بگاتە تورکیا، بەڵام پارچە گرنگەکان گەیشتوون و ئێستە خەریکن بەکاری بخەن. ئەم هەنگاوەی تورکیا وڵاتانی ناتۆی هێناوەتە دەنگ و بە گوێرەی بۆچوونی زۆرێک لە شرۆڤەکارانیش، تورکیا دەبێت چاوەڕوانی سزای ئەمەریکا بکات کە خەریکی ئامادەکردنی پاکێجێکی نوێی گەمارۆکانە بۆ سەر تورکیا، هۆکاری ئەم گەمارۆیانەش بۆ کڕینی سیستمی بەرگری مووشەکی S400ی ڕووسیا لە لایەن ئەنقەرە، دەگەڕێتەوە.

گەمارۆکانی ئەمەریکا

ئاژانسی هەواڵی بلۆمبێرگ ئاشکرای دەکات، ئیدارەی دۆنالد ترەمپ خەریکی ئامادەکردنی پاکێجێکی نوێی گەمارۆکانە بۆ سەر تورکیا، هۆکاری ئەم گەمارۆیانەش بۆ کڕینی سیستمی بەرگری مووشەکی S400ی ڕووسیا لە لایەن ئەنقەرە، دەگەڕێتەوە. بە گوێرەی زانیارییەکانی بلومبێرگ، واشنتۆن لە ڕۆژانی داهاتوودا وردەکارییەکانی سزاکانی بۆ سەر تورکیا دەخاتەڕوو. بلۆمبێرگ باس لەوەش دەکات، کە ئەم گەمارۆیانە بە هەماهەنگی وەزارەتی دەرەوە، وەزارەتی بەرگری و ئەنجوومەنی ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا بە سەر ئەنقەرەدا دەسەپێندرێ. ئەم پلانەی واشنتۆن، دەبێ لە لایەن سەرۆکی ئەمەریکاوە واژۆی کۆتایی لە سەر بکرێت.

نیگەرانییەکانی ئەورووپا

چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستە، تورکیا بە فەرمی مووشەکی بەرگریی S400ی لە ڕووسیا وەرگرت، ئەگەرچی چەند بەشێکی ئەو مووشەکە ماوە بگاتە تورکیا، بەڵام پارچە گرنگەکان گەیشتوون و ئێستە خەریکن بەکاری بخەن. ئەم هەنگاوەی تورکیا وڵاتانی ناتۆی هێناوەتە دەنگ و بە گوێرەی بۆچوونی زۆرێک لە شرۆڤەکارانیش، تورکیا دەبێت چاوەڕوانی سزای ئەمەریکا بکات. هەر لە سەرەتای ئیمزاکردنی گرێبەستی کڕینی ئەو مووشەکەوە، ئەمەریکا و وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ تورکیایان ئاگادار کردەوە، کە هەنگاوێکی لەو شێوەیە نەهاوێت، چونکە سزای دەدەن و ڕەنگە لە ئەندامبوون لە ناتۆش دووری بخەنەوە. بەڵام ڕەجەب تەییب ئەردۆغان وەکو عادەتی هەمیشەیی خۆی کە دەڵێ تفێک بخەینە سەر زەوی، کەس بۆی نیە بڵێت ئەو تفە هەڵگرنەوە، بۆیە ڕووبەڕووی ناتۆ بووەوە و ئەو مووشەکەی کڕی.

کاردانەوەکان لە میدیای تورکیا

هاتنی ئەو مووشەکە بۆ تورکیا، زیانی زۆر بە چەکەکانی وڵاتانی ناتۆ دەگەیەنێت. فاتیح ئالتایلی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگی تورکیا نووسیویەتی: پێویستە تورکیا هەموو ئەو چەکانەی هەیەتی لەناو ئەو سیستەمە تۆمارى بکات بە فڕۆکەشەوە، هەروەها ئەو چەکانەی ناتۆش هەیەتی تورکیاش هەیەتی، بۆیە لەو ڕێگەیەوە ڕووسیا نهێنی هەموو چەکەکانی ناتۆ دەزانێت و بە ئاسانی لە ڕێگەی ئەو مووشەکەوە کۆنترۆڵی چەکەکان دەکات. ڕۆژنامەی (خەبەر تورک) بڵاوی کردووەتەوە، تورکیا بە کڕینی ئەو مووشەکە دنیای بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە، ڕەنگە ئیدی وڵاتانی جیهانیش بێنە وەاڵم و بە ئاڕەزووی خۆیان بێنە خاوەنی هەر چەکێک کە بیانەوێت.

ئەمەریکا ناتوانێت چاو لەو هەنگاوە گەورەیەی تورکیا بپۆشێت، چونکە ئەگەر چاوی لێ بپۆشێت، ئەوکات وڵاتانی ئەندام لە ناتۆش گرێبەست لەگەڵ ڕووسیا دەکەن و ئەوانیش دەبنە خاوەنی ئەو مووشەکە، یاخود هەر چەکێکی تر کە دەیانەوێت. ئاشکراشە کڕینی چەک لە ڕووسیا لە لایەن وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ، زیانی گەورە لە ئەمەریکا دەدات، چونکە چەکەکانی ئەمەریکا قورسایی خۆیان لە دەست دەدەن و ڕووسیا جێگەیان دەگرێتەوە.

کاردانەوەی وڵاتە عەرەبییەکان

هەریەک لە وڵاتانی سعوودیە، قەتەر، هیندستان و عێراقیش داوایان کردووە ببنە خاوەنی مووشەکی بەرگریی S400 بەاڵم ئەمەریکا ڕێگری لێ کردوون، وەکو ئەوەی چەند میدیایەکی تورکیا باسی دەکەن، ئەگەر ئەمەریکا سزای تورکیا نەدات، ئەوکات ئەو وڵاتانەش بوێرییان دەبێت و دەبنە خاوەنی ئەو مووشەکە و گرێبەست لەگەڵ ڕووسیا دەکەن. فاتیح ئالتایلی پێی وایە ڕەنگە یەکەم سزای ئەمەریکا ڕاگرتنی پێدانی فرۆکەی جەنگی F35 نەبێت، بەاڵم دڵنیایە ئەمەریکا بەبێ سزای تورکیا دڵی ئاو ناخواتەوە و لە ماوەیەکی نزیکشدا ئەو سزایە دەخاتە بواری جێبەجێ کردنەوە. هەر لەگەڵ گەیشتنی ئەو مووشەکە بۆ تورکیا، بەهای لیرەی تورکی بەرامبەر بە دۆلار زۆر دابەزی، چاوەڕوانیش دەکرێت لەگەڵ یەکەم سزای ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا لیرەی تورکی زیاتر دابەزێت. وەکو ئەوەی چەند میدیایەکی بەریتانیش باسی لێوە دەکەن، ئەمەریکا جگە لە سزای ئابووری سزای سەربازیش بەسەر تورکیادا دەسەپێنێت، دیارترینیان پرس نەکردنە بە تورکیا بۆ دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام لە خاکی سووریا.

یاریکردن بە ئاگر

ڕۆژنامەی "لۆمۆند"ی فەرەنسی ئاماژە دەکات کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆکی تورکیا لەسەر هەردوو پەتی ڕووسیا و ڕۆژئاوا یاری دەکات لەوانە ئەمەریکا و ئەورووپا وەک دوو هاوپەیمانی مێژوویی، بەاڵم ئەو یارییە بەردەوام نابێت و ئەردۆغان بەدۆڕاوی لێی دەچێتە دەرەوە. ڕۆژنامەکە ئاماژە دەکات، سەرەڕای جیاوازی ئەجیندەکانی تورکیا و ڕووسیا لە سووریا، لە هاوینی 2016ـەوە تورکیا دۆخەکەی لەگەڵ ڕووسیا هێور کردووەتەوە، ڕوونیکردەوە، ئەردۆغان لەگەڵ هەردوولا یاری دەکات وەک ئەندامێکی ناتۆ لەگەڵ ڕۆژئاوا و بە سازکردنی گرێبەستی ئێس 400 لەگەڵ ڕووسیا بۆ هەڕەشەکردن لە ڕۆژئاوا. ڕۆژنامەکە دووپاتیکردەوە کە یاریەکە بەردەوام نابێت و بۆ ئەردۆغان مەترسیدارە، بەتایبەتی دوای سزاکانی ئەمەریکا و ڕەخنەکانی ئەورووپا بۆ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و هەڵمەتەکانی لە دژی کورد و گرتنی نەیارانی. "لۆمۆند"، ئاماژەی بەوەش کردووە کە سزاکانی داهاتووی ئەمەریکا بۆ سەر تورکیا بەهێزی گرێبەستی کڕینی ئێس 400ی ڕووسی، دەبێتە گورزێکی بەهێز بۆ ئابووری تورکیا تا هەتایە. زیاتریش گوتی: لەوەتەی پارتی داد و گەشەپێدان گەیشتووەتە دەسەاڵت لە تورکیا لە 2002دا، ئەنکەرە دووڵە لە پابەندبوون بە بڕیارەکانی هاوپەیمانی ناتۆ.

سەرۆکی شارەوانیی مۆسکۆ کۆبوونەوەیەکی فەرمی لەگەڵ فەلاح حەسەن و شاندەکەی ئەنجام دا



فەلاح حەسەن ئەو گەنجە کوردەی کە جێگری یەکەمی سەرۆکی لاوانی سیاسیی ئەورووپایە و هاوکات نوێنەری دەرەوەی لاوانی پارتی دیموکراتی کوردستانیشە، بەسەرۆکایەتی شاندێکی لاوانی سیاسی ئەورووپا چەند دیدارێکی فەرمی لە مۆسکۆدا ئەنجامداوە و ئەمجارەش بۆ کۆبوونەوەیەکی فەرمی لەگەڵ ئەلێکسی شاپۆشنیکۆڤ سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیای فیدڕاڵ کۆبووەوە.

لەمبارەیەوە فەلاح حەسەن دەڵێت: من وەکو کوردێک فەخرمەندبووم کە بەئاڵای کوردستانەوە سەرۆکایەتی شاندێکی لاوانی سیاسی ئەورووپام دەکرد و داوای ئەوەشم لە سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ کرد کە لەگەڵ پارێزگا و شارەوانیی هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستاندا پەیوەندییان هەبێت و هەماهەنگییەک لەنێوانیاندا دروست بێت. فەلاح حەسەن دەشڵێت: سەرۆکی شارەوانی مۆسکۆ گفتی پێماندا وە کە ئامادەیە پێشوازی لە شاندی هەولێری پایتەخت بکات و دەرگاکانیان بۆ دۆستایەتی و هەماهەنگی کراوەن کە ئەمەش سەرەتایەکی باشە بۆ پتەوکردنی دۆستایەتییەکان چونکە شاری مۆسکۆ یەکێکە لەهەرە گرنگترین و بەهێزترینی پایتەختەکانی جیهان.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی و حکوومەتەکەی دەکات

بەبۆنەی دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی، وەک سەرۆکی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و ڕاگەیاندنی حکوومەتەکەی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی حکوومەت و کابینەکەی دەکات. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێز جەنابی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سلاوێکی گەرم..

بەبۆنەی هەڵبژاردنی بەڕێزتان وەک سەرۆکی حکوومەت و پێکهێنانی نۆیەمین کابینەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پیرۆزباییەکی گەرم لە بەڕێزتان و جێگری سەرۆک و وەزیرەکانی کابینەی نوێ دەکەین، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین، ئومێدەوارین پێکهێنانی کابینەی نوێ ببێتە فاکتەری سەقامگیری و ئارامی، لە ئاست چاوەڕوانی و خواستی خەڵکی کوردستان بێت.

حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پشتگیری لە جێبەجێکردنی هێڵە گشتییەکانی کاری کابینەی نوێ دەکات، کە چاکسازی و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و خزمەتگوزاری لە پێشەوەی کارەکانی خۆی داناوە، بێگومان جێبەجێکردنی ئەو کارنامەیە دەستەبەری پێشکەوتن و حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو و بەڕێوەبردنێکی باش دەکات و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەباتە قۆناغێکی نوێ.

دووبارە هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

لەگەڵ ڕێز و پێزانینمان..

دەستەی سەرۆکایەتی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

کۆنسوڵی گشتیی ڕووسیا پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی دەکات

کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات بەبۆنەی دەستبەکاربوونی وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

لەوپەیامەدا، ئۆلیگ لێڤین، کونسوڵی گشتیی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی لە دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی وەکو سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کابینەی نوێ دەکات و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکە نوێیەکەی بۆ دەخوازێت.

لەوپەیامەدا کونسوڵی ڕووسیا لە هەوڵێر دەڵێت: ئێمە لەوبڕوایەداین لەڕێگای ڕوانگەی تۆوە کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت. هەروەها کۆنسوڵی ڕووسیا لە هەرێمی کوردستان ڕاشیدەگەیەنێت کە ئەوان دڵنیان لەگەڵ دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی پەیوەندییە مێژوویییەکەی نێوان ڕووسیا و هەرێمی کوردستان پتەوتر دەبن لەسەرجەم بوارەکاندا.

سەرۆکی هاوبەندی کلدانەکانی عێراق و جیهان پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی کرد

سەرۆکی هاوبەندی کلدانەکان لە عێراق و جیهان، سەفا سەباح هندی، بە ناوی کلدانەکانی عێراق و جیهانەوە پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد. لە پەیامەکەدا هاتووە: بە ناوی خۆم و سەرجەم ئەندامانی هاوبەندی کلدانی لە عێراق و جیهان جوانترین پیرۆزباییتان ئاراستە دەکەین بۆ وەرگرتنی متمانە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق.

هەروەها هاتووە: دڵنیاین و متمانەیەکی زۆرمان بە توانای گەنجانە و شارەزایی فراوانتان هەیە. هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین لەو ئەرکەی پێتان سپێردراوە. لە پێناو داهاتوویەکی باشتر بۆ هەرێمی کوردستان و گەلەکەی و بەدیهێنانی خواست و ئاواتی گەلی کریستیانی ئێمە بە گشتیی و گەلی کلدان بە تایبەت لە پاڵ هەموو براکانیان لە پێکهاتەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان. هەروەها هیوادارین پەیوەندییەکی بەرهەمدارتان لەگەڵ حکوومەتی بەغدا هەبێت بۆ بنیاتنانی عێراقی گەشاوە و دیموکراتیی.

مەکتەبی سیاسی حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

بەبۆنەی پێدانی متمانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بە کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی، حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان لە پەیامێکدا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی و حکوومەتەکەی دەکات.

دەقی پەیامەکە:

بۆ بەڕێز جەنابی کاک مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بابەت/پیرۆزبایی:

دوای سلاو و ڕێزمان

بەبۆنەی هەڵبژاردنی جەنابتان وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ کابینەی نۆیەم، دڵنیاین لە لێهاتوویی، کار و چالاکی، سەلقیە و ئەزموونی پڕ خەباتتان بۆ بەڕێوەبردن و باشکردنی دۆخی هەرێم و زیاتر خزمەتکردن و بەرەوپێشچوونی هەرێمەکەمان لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی کوردستاندا و پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلەکەمان و دەربازبوونی هەرێم لە ململانێی ناوچەیی و هەرێمییەکان و هێشتنەوەی ئاشتی، ئارامی و تەبایی ناومااڵی کورد و شکستهێنان بە پیلانی دوژمنان.

بۆیە ئێمەش وەک حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان، بە ناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و سەرکردایەتی و سەرجەم کادر، ئەندام، دۆست و هەواداڕانی حزبەکەمانەوە، پیرۆزبایی گەرم ئاراستەی جەنابتان و تەواوی ستافە بەڕێزەکەتان دەکەین، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

مەکتەبی سیاسی حزبی پێشکەوتنخوازی دیموکراتی کوردستان



فوئاد حوسێن پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا، فوئاد حوسێن، وەزیری دارایی عێراق، پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی بەهۆی بوونی بە سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کرد.

لە پەیوەندییەکەدا، وەزیری دارایی عێراق هیوای سەرکەوتنی بۆ کابینەی نوێ خواست کە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو 2019/07/10 پەرلەمانی کوردستان متمانەی پێدا.

عەدنان موفتی پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی دەکات

عەدنان موفتی، سەرۆکی پێشووتری پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی، سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەکات.

عەدنان موفتی لە پەیامەکەیدا، بۆ مەسرور بارزانی دەڵێت: پیرۆزبایی لە خۆتان و گشت ئەندامانی کابینەکەتان دەخوازم، ئومێدم سەرکەوتنتانە، هەر ساغ و سەلامەت بن.

بزووتنەوەی ئیسلامی پشتگیریی کارنامەی کابینەکەی مەسرور بارزانی دەکات

کارنامەی مەسرور بارزانی، سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان دەنگدانەوەیەکی زۆری لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە دروستکردووە، بەرپرسێکی بزووتنەوەی ئیسلامیش دەڵێت، هەموو خاڵەکان گرنگن و پێویستە بە هەموو لایەک پشتگیری بکەن بۆ جێبەجێکردن و ئەنجامدانی چاکسازی.

دکتۆر عەبدوڵڵا وەرتی، گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان، لە لێدوانێکدا بە ماڵپەڕی پارتی ڕاگەیاندووە: ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد لەنێو کارنامەی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا بە سەرۆکایەتیی مەسرور بارزانی، خاڵی زۆر گرنگ و باشی تێدا بوو، هەر لە قەدەغەکردنی بازرگانی لە بەرپرسان و نەهێشتنی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی چاکسازی و بەرپاکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، بۆیە پێویستە ئەم کابینەیە وەک یەک تیم کار بکەن بۆ ئەنجامدانی چاکسازی و نەهێشتنی قۆرخکاری و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی بازاڕی ئازاد لە کوردستان، ئەمە یەکێکە لە داخوازییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان. گوتەبێژی بزووتنەوەی ئیسلامی گوتیشی: هەر کەس و لایەنێک بە شێوەیەکی ڕیشەیی دەست بە پڕۆسەی چاکسازی بکات، جێگەی دەستخۆشییە، ئومێدمان وایە لە کابینەی نوێدا ئەو نموونەیە پیشانی خەڵکی کوردستان بدەن، هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستانیش دەیانەوێ چاکسازیی ڕیشەیی لە جومگە سەرەکییەکاندا بکرێت. دکتۆر عەبدوڵڵا وەرتی ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: باوەڕمان وایە مەسرور بارزانی لە پۆستەکەیدا ئەو هەنگاوانە دەنێت، کە لە کارنامەکەیدا ئاشکرای کرد، بەاڵم ئەوەش پێویستی بە هەماهەنگیی هەموو هێزە سیاسییەکان هەیە، هەتا ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆنیش هەر بۆ ئەوەیە عەدالەت هەبێت و ئەنجامدانی چاکسازییە و دابینکردنی مافی شایستەیە بۆ هاوواڵتیان.

لێژنەی ناوەندی حزبی چەپی کوردستان -سووریا پیرۆزبایی لە مەسرور بارزانی دەکات

بەبۆنەی دەستبەکاربوونی مەسرور بارزانی، وەک سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێم، مەحمود مەلا، سەرۆکی لیژنەی ناوەندی حزبی چەپی کوردستان – سووریا پەیامێکی پیرۆزبایی ئاراستەی مەسرور بارزانی و حکوومەتەکەی کرد. ئەمەش دەقی پەیامەکە:

فەخامەتی سەرۆک مەسرور مەسعود بارزانی بەڕێز، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سڵاوێکی کوردانە و زیاتر.. باشترین و گەرمترین پیرۆزباییت لەخۆتان و لە ڕێگەی جەنابتانەوە ئاراستەی سەرجەم گەلی کوردستان دەکەین، بە بۆنەی ئەو متمانەیەی گەلی کوردستان لە ڕێگەی نوێنەرەکانییەوە لە پەرلەمان پێتانی بەخشیوە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان – عێراق، هیوای سەرکەوتن بۆ ئەرکە نوێیەکەت دەخوازین، هەموومان باوەڕمان بە تواناکانت هەیە کە دەتوانیت ئەو ئەرکە گەورەیە هەڵگری و نوێنەرایەتی گەلی کوردستان بە کورد و عەرەب و کریستیانەوە بکەیت، و هەوڕەها نوێنەرایەتی تەواوی دانیشتوانی هەرێمیش.

جەنابتان لە میانەی بەڕێوەبردنی ئایش لە کوردستان ئەوەتان سەلماندووە، کە کەسایەتییەکی شارەزا و سەرکەوتووی، ئەمەش لەو ئایش و سەقامگیرییەدا ڕەنگی داوەتەوە، کە بە هۆیەوە کوردستان بووەتە پەناگەیەکی ئارام بۆ تەواوی گەلی کوردستان و عێراقیش، هەروەها کوردستان بووەتە نموونەی تاقیکردنەوەیەکی بەرزی پێکەوەژیانی ئاشتیانە لە نێوان سەرجەم پێکهاتەکانی.

ئەوەشتان سەلماندووە کە ئێوە باشترین شوێنگرەوەن بۆ باشترین پێشینەکانتان، لە پەیڕەوی ڕێبازی کوردایەتی و پڕۆژەی نەتەوەیی کوردستان، کە لەلایەن مەلا مستەفا بارزانی نەمری باپیرتانەوە دەستی پێکراوە و دواتر سەرۆک مەسعود بارزانی باوکتان لەسەری ڕۆیشتووە، لە ڕێگەی سەرکردایەتیکردنێکی حەکیمانە بۆ کوردستان و گەیاندنی بە کەناری ئارام.

هەموومان باوەڕمان بە ئێوە و تواناکانی ئێوە هەیە، کە دەتوانن بەردەوامی بەو ڕێبازە بەشەرەفە بدەن. هەڵبژاردنت وەک سەرۆکی کابینەی نوێمی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لەم قۆناغە هەستیارە پڕ لە گۆڕانکاری و تەحەدیاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەدا، ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر شانتان، هەموومشمان باوەڕمان بەوە هەیە کە بۆ ئەو ئەرکە گونجاون.

ئێمە لە حزبی چەپی کوردستان – سووریا هیوای کاری خێرتان بۆ دەخوازین، هەروەک زۆربەی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە سووریاش هەمان هیوا و ئومێدیان بۆ ئێوە هەیە، شانازی بەو پەیوەندییە برایەتییەوە دەکەین، کە لەسەر ڕێبازی بارزانیی نەمر ئێمەی لە دۆزی کورد کۆکردووەتەوە، داواش لە بەڕێزتان دەکەین، ئەرکی بەڕێوەبردنی دۆزی کورد لە سەرجەم پارچەکانی کوردستان لە ئەستۆ بگرن و گرنگی بە پەیوەندی کورد لەگەڵ کورد بدەن.


هەروەک داواتان لێ دەکەین پشتیوانی و پشتگیری مافەکانی کورد لە کوردستانی سووریا بکەن و بە چاوی گرنگییەوە سەیری ئەو برا کوردانەی سووریا بکەن، کە نیشتەجێی شار و شارۆچکە و کەمپەکانی هەرێمی کوردستانن و گرنگی بە قوتابیانەمان بدەن، کە لە قوتابخانە و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دەخوێنن، چونکە گەنج قەڵغانی بەکاری هەر گەلێکە و، باوەڕمان پێتانە کە باشترین پشتیوانی لێدەکەن.

لە کۆتاییدا دەمانەوێت هیوای سەرکەوتنتان بۆ بخوازین، لە سەرکردایەتیکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بەرەوپێشچوون و گەشەسەندنی زیاتر و سەقامگیری و ئایشێکی بەهێزتر بەخۆیەوە ببینێت، کە ئەو پڕۆژە و خزمەتگوزاریانە پێشکەش بە تەواوی گەلی کوردستان بکات، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان ببێتە نموونەیەکی بەرز لە سەر ئاستی هەموو ناوچەکە.

سەرۆکی لێژنەی ناوەندی حزبی چەپی کوردستان – سووریا

سەرکونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران:

پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکە جێگای بایەخی ئێمەیە



بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئەرکەکانی وەک سەرکونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر، دوێنێ عەلی حوسێن بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئامادەبوونی ئەندامانی مەکتەب، پێشوازی لە ئاغای مورتەزا عەبادی سەرکونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران و شاندێکی یاوەری کرد.

لە دیدارێکدا سەرکونسوڵی کۆماری ئیسلامی سوپاسگوزاری و خۆشحالی خۆی دەربڕی کە ئەو ماوەیە لە شاری هەولێر بە هەماهەنگی لەگەڵ دەزگا پەیوەندارەکان و حزب و لایەنەسیاسییەکان کاری کردووە، لەمبارەیەوەش سوپاسی پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی پەیوەندییەکانی پارتی کرد کە هەمیشە هاوکار و هەماهەنگ بوونە بۆ کاری هاوبەش و خزمەتکردن بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان، هاوکات تەئکیدی کردەوە پێگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ناوچەکە جێگای بایەخی ئێمەیە وەک کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەموو قۆناغەکانیشدا ئەم پەیوەندییانە بەردەوام پارێزراو بونە، پاشان عەلی حسێن بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە ئێمە خۆشحال بوین بەکاری هاوبەشی نێوان هەردوولا لەماوەی ڕابردوو و تەئکیدی لە پەیوندی بەهێزو پالپشتی و هەماهەنگی نێوان هەردوولا بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و وولاتانی هەرێمی و ناوچەکە بەگشتی کردەوە، هەرلەم دیدارەدا ڕەوشی سیاسی و پێشهات و تەئکیدیان لە پەیوندی گەلی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و خوازیاری هەماهەنگی زیاتر و لە هەموو ئاستەکاندا کرایەوە.

لەمبارەیەوە باسی لێوەکرا، هاوکات باس لە پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و هەولەکان بۆ چارەسەرکردنی تەواوی گرفتەکانی بەردەم هەموو ئەم پەیوندییانە بەگشتی تیشکی خرایەسەر، لە کۆتایی دیدارەکەدا هەردوولا تەئکیدیان لە پەیوندی گەلی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران و خوازیاری هەماهەنگی زیاتر و لە هەموو ئاستەکاندا کرایەوە.

پرسەو سەرەخۆشی

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان
بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو قادر سەعید قوباد

بەدڵگرانییەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری شاری سلێمانی (قادر سەعید قوباد، سەرۆکی هۆزی مەنمی)مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمی خانەوادە بەڕێزەکەتانین و سەرەخۆشیمان ئاڕاستەی ئێوە و خزمانی هۆزی مەنمی و دۆستانتان دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو قانعی مینە ڕەش

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی فاتح ئەمین ناسراو بەقانعی مینە ڕەشمان پێگەیشت. هاوخەمیمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانی خوالێخۆشبوو دەکەین.

لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

***

بەڕێزان لە خانەوادەی خوالێخۆشبوو لەتیف ڕەشید قادر

بەدڵگرانییەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری سلێمانی (لەتیف ڕەشید قادر)مان پێگەیشت. هاوبەشی خەمان بۆ خانەوادە بەڕێزەکەتان ڕادەگەیەنین و سەرەخۆشی ئاڕاستەی ئێوە و خزم و دۆستانتان دەکەین. لە خودای گەورە داواکارین ئارامی و دڵنەوایی بە هەموو لایەک ببەخشێت و خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات.

إنا لله و إنا إليه راجعون
بارەگای بارزانی

سوپاس و پێزانین

بە ناوی خانەوادەی (عەبدولغەنی عەلی یەحیا بۆتانی)، زۆر سوپاسی ستافی ڕۆژنامەکەتان دەکەین لە پرسەکەمان ئامادەبوون و هاوخەمییبوونتان دەربڕی بە بلاوکردنەوەی پرسە. خودای گەورە ئەجر و پاداشتتی ستافی ڕۆژنامەکەتان و هەموو لایەک بداتەوە و گیانی خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکاتەوە.

إنا لله و إنا إليه راجعون
خانەوادەی خوالێخۆشبوو
عەبدولغەنی عەلی یەحیا

چەکەکانی هەرێمی کوردستان بە ئەلیکترۆنی دەکرێن

بە گوێرەی پلانێکی وەزارەتی ناوخۆ، جەردی هەموو چەکی هەرێمی کوردستان بە فەرمی و نافەرمییەوە دەکرێت، ئەندامێکی لیژنەی ناوخۆش دەڵێ، جۆرەها چەک لە دەست هاوواڵتیانە و پێویستە بە یاسایەکی نوێ ڕامالێنی چەک دەستی پێبکرێت.

ڕێڤینگ هرووری، ئەندامی لیژنەی ناوخۆ لە پەرلەمانی کوردستان، بە مالپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاندوە: پەرلەمانی کوردستان یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان هەموار دەکاتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو چەکەی هەیە بە فەرمی و نافەرمییەوە، بەڵام سەرەتا وەزارەتی ناوخۆ دەیەوێ جەردی هەموو چەکەکان بکات، هەتا بزانن چ جۆرە چەکێک لە دەستی هاوواڵتیاندا دەمێنێتەوە و چ چەکێک دەستی بەسەردا دەگیرێت، بەپێی پلانی وەزارەتی ناوخۆ، دوای جەردی چەک، هەموو دەخرێتە نێو سیستەمێکی ئەلیکترۆنیی پێشکەوتوو بە کۆمپیۆتەر و هەموو چەکێک کۆنترۆڵەکەی لە دەست حکومەتدا دەبێت.

ئەندامەکەی لیژنەی ناوخۆ گوتیشی: سیستەمی ئەلیکترۆنی بەو شێوەیە دەبێت، لە هەموو ناوچەکان ئاماری چەک کۆدەکرێتەوە و بەسەر جۆری چەکەکاندا دابەش دەکرێت، دواتر لێک جیا دەکرێتەوە کە چ جۆرە چەکێک مافی هەیە مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت و چ چەکێک ڕادەستی حکوومەت دەکرێتەوە.

هرووری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: زۆربەی هاوواڵتیانی هەرێمی کوردستان خاوەنی چەکن، ئێمە دەمانەوێ بە چەند قۆناغێک چەک داماڵین لەنێو هاوواڵتیاندا، ئەویش بە دەرکردنی یاسایەکی نوێ، چونکە ناکرێت ئەو هەموو چەکە لە دەست هاوواڵتیاندا بێت و تاوانی پێ ئەنجام بدرێت، بەڵام هەنگاوی سەرەکی ئەوەیە، پێویستە ڕۆشنبیرییەک لای تاک دروست بکرێت، کە چەکی بۆ چییە و خۆی هەڵینەگرێت.

ڕێکخراوا یونامی: بەردەوام دێ پشتەڤانیا ڕاوشکاریا سیاسی و کارگێڕی و ئابوری ل سازیێن دەڤەرێ کەین

خەبات ـ دهوک:

دوهی سپێدێ 2019/7/15 بەهزاد علی ئادەم جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ ب ئامادەبونا ماجد سەید سالح جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ بو کاروبارێن تەکنیکی ب وەکالەت پێشوازیا بەرێز پاتریک گیزێک بەرپرسێ بادەکا ڤەژاندن وپێشئێخستنێ ل ڕێکخراوا یونامی ل هەرێما کوردستانێ وشاندێ دگەلدا کر. دهڤدیتنەکێدا بەحسێ ڕەوشا ئاوارە و پەنابەران و ڕەوشا خەلکێ خوجهێ پارێزگەها دهوکێ وکارتێکرنا وێ ژمارا زور یا ئاوارە وپەنابەران وقەیرانا دارایی وشەڕێ تیرورستێن داعش ل سەر هەموو سەکتەرێن خزمەتکاری ل دهڤەرێ وکارتێکرنا توبارنکرنا لەشکرێ ترکی ل سەر خەلکێ دهڤەرێن سنوری هاتە کرن.

بەرپرسێ بادەکا ڤەژاندن وپێشئێخستنێ ل ڕێکخراوا یونامی ل هەرێما کوردستانێ سوپاسیا حکومەتا کوردستانێ و پارێزگەها دهوکێ کر بو حەواندنا وێ ژمارا زور یا ئاوارە وپەنابەران ، هەروەسا پەسنا ڕولێ پێشمەرگێ کوردستانێ کر و ئەو قوربانییێن خەلکێ هەرێمێ داین بو بەرهنگاربونا تیرورستێن داعش وبەرهەڤیا ڕێکخراوا یونامی نیشان دا بو پشتەڤانیکرنا ڕاوشکاریا سیاسی وکارگێڕی وئابوری ل سازیێن دهڤەرێ بو وێ یەکێ باشتر خزمەتا هەموویان بهێتە کرن. جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ خوشحالیا خو ب سەردانا شاندێ ناڤبری دیارکر و تەکەزکر کو سەردایی هەبونا قەیرانا درایی وشەر داعش ونەبونا بودجا تایبەت لێ کارگێریا پارێزگەهێ بەردەوام خزمەتکاریێن پێدڤی گەهاندینە ئاوارە وپەنابەران وخوجهێن پارێزگەهێ وخواست کو هەموو لایەن حکومەتا ئیراقا فیدرال وهەرێما کوردستانێ وجڤاکێ دەولەتی پلانەکا ستراتیجی بەرهەڤکەن بو ڤەگەراندنا ئاوارە وپەنابەران بو سەر جهێن وان. پاش گەنگەشە ل سەر چەند بابەت وپروژێن گرێدای ژیانا ڕوژانە یا وەلاتیان وئاوارە وپەنابەران هاتنە کرن. هەژی گوتنێ یە ڕێکخراوا یونامی ژ سالا 2006ێ وەرە دەست ب بەرنامێن خو یێن شیرەتکاری ل ئیراقێ ول هەرێما کوردستانێ کریە وهەتا نوکە یا بەردەوامە ل سەر وان بەرنامەیان.



کۆریای باشوور.. پەیام و بەرنامەی حکوومەتی هەرێم بە 18 وڵاتی جیهان گەیەندرا



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەرین بڵاوی کردەوە کە هێزەکانیان لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر، پاش چاودێریکردنی کەسێک کە گومان دەکرا ماددە هۆشبەرەکان بەکاربێنێت، دواجار بە بڕیاری دادوەر لەبەردەم دوکانێکی دەرمانخانە لە قەڵادزێ بە 5 پارچە حەبەوە لە جۆری ترامادۆڵ دەستگیر کرا.

ڕاشیدگەیەنن، دواتر بە بڕیاری دادوەر و دوای پشکنینی دەرمانخانەکە 5 پارچەی تر لە هەمان جۆری حەب دۆزرایەوە و لە هەمانکاتدا لە لایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر خاوەنی دەرمانخانەکە دەستگیر کرا، کە کۆی گشتی ئەو حەبانەی دەستیان بەسەر داگیراوە ژمارەیان 10 پارچەیە کە دەکاتە 100 دەنک. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەرین دەشڵێت ، بە بڕیاری دادوەر و بە ماددەی 14 لە یاسایی ماددە هۆشبەرەکان هەردوو تۆمەتبارەکە ڕاگیر کراون، دوای لێکۆڵینەوەش لەگەڵیاندا دانیان ناوە بە تاوانەکەیاندا، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

نوێنەری بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، بەشداری لە کۆڕبەندی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جێندەری لە کۆڕیای باشوور کرد و پەیام و بەرنامەی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی بە 18 وڵاتی جیهان گەیاند.

نەقیب کارزان سابیر حەمەد، بەڕێوەبەری نووسینگەی منارە لە بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان و خێزانی لە هەولێر، لەوبارەیەوە بە میدیاکانی ڕاگەیاند، وەک نوێنەری حکوومەتی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، بەشداربیان لە کۆڕبەندێکی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی جێندەری لە کۆڕیای باشوور کردووە، کە 18 وڵاتی جیهان تێیدا بەشدار بوون.

بە وتەی نەقیب کارزان، لەو کۆڕبەندەدا کە وەک نوێنەری وڵاتێک پێشوازی لە نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، وتارێکیان پێشکەش کردووە و تێیدا پەیام و بەرنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی جێندەری لە کۆڕیای باشوور ڕوونکردۆتەوە.

ئەو کەسانەی گومانیان لە پسوولەی ئاو هەیە دەتوانن سەردانی فەرمانگەی ئاو بکەن

خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی:

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر بەخەباتی ڕاگەیاند: لەسەر هەموو هاوواڵتییان پێویستە پابەندی بەستنی پێوەری ئاو بن و دەستکاری پێوەرەکە نەکەن و هەرکەسێکیش ئەگەر گومانی لە پسولەی ئاوەکەی هەیە، ڕاستەوخۆ دەتوانێ سەردانی ئاوی هەولێر بکات، بۆئەوەی بە وردی لە کێشەکەی بکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بۆ بکەین دیارە بە هۆی ئەوە پێوەرەوە هاوواڵتییان بەپێی پێویست ئاو بەکاربهێنن و تا ئێستاش بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە هاوواڵتییان پێوەری ئاویان بەستووە و ئەو کەسانەی وادەزانن کە پێوەری ئاو لە بەرژەوەندی گشتیدا نییە ئەوا وانییە بەڵکو بە بەستنی پێوەری ئاو ڕێژەی زێدەڕۆیی و بەفیڕۆدان لەسەر ئاودا نامێنێ و کێشەی کەم ئاویشی چارەسەر کردووە و هەر کەسێکیش پارەی ئاوی زۆر بۆ هاتۆتەوە دەتوانێ بەدواداچوون بکات لە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر تا ئەو گومانەی هەیەتی لەسەر هاتنی پارەی زۆری ئاو ئەوا زیاتر دڵنیا دەبێتەوە.

سلێمانی.. خواست لەسەر سەهۆڵ بە هۆی بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە

لە وەرزی هاویندا پلەکانی گەرما لە هەرێمی کوردستان و عێراق زیاتر بەرەو هەلکشان دەچێت، ئەمەش وای کردووە پێداویستی کاسبکاران و هاوواڵتییان بە سەهۆڵ زیاتر بێت. لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، وادەی پێدانی کارەبای نیشتمانی لە لایەن حکوومەت بە هاوواڵتیان و بازاڕ و کارگەکان کەمتر بۆتەوە، ئەوەش وای کردووە بازاڕی کارگەکانی بەرهەمهێنانی سەهۆڵ گەرمتر ببێت.

لە شاری سلێمانی لە ئێستادا چەندین کارگە ڕۆژانە سەهۆڵ بەرهەم دەهێنن. سەهۆڵ لەم وەرزی گەرمای هاوینەدا پێداویستییەکی سەرەکی هاوواڵتییان بە گشتی و ئەو کاسبکار و دوکانانەیە کە کارەکانیان بەبێ سەهۆڵ بەڕێوەناچێت، بەتایبەت سارەدەمەنی و گۆشت فرۆش و چێشتخانە و هۆتێل و چایخانە و ماسی فرۆشەکان.

کارگەی سەهۆڵی کاژاو نزیکەی 40 ساڵە لە سلێمانی کاردەکات، خاوەنی کارگەکە باس لەوە دەکات کارگەکەیاندا بەپێی پێویستی بەکارهێنەرانی سەهۆڵە، ڕۆژانەش تا چەند خواستیان زیاتر بێت بڕێکی زیاتر سەهۆڵ بەرهەم دەهێنن.

لەئێستادا بە هۆی دروستبونی کێبڕکێ لە نێوان کارگەکانی بەرهەمهێنانی سەهۆڵ لە سلێمانی، نرخی یەک قاڵب سەهۆڵ بە 750 دینارە، خاوەن کارخانەکان باس لەوە دەکەن دروستبوونی کێبڕکێ زیانی لە کارەکەی ئەوان داوە و نرخ زۆر دابەزیوە.



پشدەر.. 2 کەس بەتۆمەتی بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر دەستگیرکران

بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەرین بڵاوی کردەوە کە هێزەکانیان لە نووسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر، پاش چاودێریکردنی کەسێک کە گومان دەکرا ماددە هۆشبەرەکان بەکاربێنێت، دواجار بە بڕیاری دادوەر لەبەردەم دوکانێکی دەرمانخانە لە قەڵادزێ بە 5 پارچە حەبەوە لە جۆری ترامادۆڵ دەستگیر کرا.

ڕاشیدگەیەنن، دواتر بە بڕیاری دادوەر و دوای پشکنینی دەرمانخانەکە 5 پارچەی تر لە هەمان جۆری حەب دۆزرایەوە و لە هەمانکاتدا لە لایەن مەفرەزەکانی نوسینگەی نەهێشتنی تاوانی پشدەر خاوەنی دەرمانخانەکە دەستگیر کرا، کە کۆی گشتی ئەو حەبانەی دەستیان بەسەر داگیراوە ژمارەیان 10 پارچەیە کە دەکاتە 100 دەنک. بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەرین دەشڵێت ، بە بڕیاری دادوەر و بە ماددەی 14 لە یاسایی ماددە هۆشبەرەکان هەردوو تۆمەتبارەکە ڕاگیر کراون، دوای لێکۆڵینەوەش لەگەڵیاندا دانیان ناوە بە تاوانەکەیاندا، پەڕاوی لێکۆڵینەوەیان بۆ کراوەتەوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە.

www.xebat.net
ژمارە (5790) 2019/7/16 ی شەممە

قایقامی قەزای دەشتی هەولێر:

بە هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆیی لەسەر زەوییە کشتوکاڵی و بەردەڵانەکان تۆمارکراون

کەموکوڕی لە سێکتەری تەندروستی هەیە هەر لەو بڕە دەرمانەی کە بۆ قەزاکە دێت، تا دەگاتە نەبوونی نەخۆشخانەیەکی باشی حکوومی

خەبات: کارزان حەیدەر

هێشتا پرۆژەکان لە هەندێک شوێنی هەولێر نەپەڕیونەتەوە ئەوبەری بازگەکان، کە دەگەیتە قەزای دەشتی هەولێر دەبینی هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری نییە لە ڕێگاوبان و نەخۆشخانە و سەوزایی و ئاو و قوتابخانەی باش، بە قسەی قایقامی قەزای دەشتی هەولێریش زیاتر لە 200 هەزار کەس لە پێکهاتەو نەتەوەی جیا لەو سنوورە فراوانە دەژین، بۆیە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر دروست دەبن و پۆلیس و دەزگا ئەمنیەکانیش هێشتا ئەو توانا باشەیان نییە بتوانن کۆنترۆڵی ئەو سنوورە فراوانە بکەن.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ(خەبات)، ئیبراهیم شێخەڵلا قایقامی قەزای دەشتی هەولێر باسی کەمی خزمەتگوزاری و زێدەڕۆیی بێ ژمارە دەکات.



سنووری قەزای دەشتی هەولێر

ئیبراهیم شێخەڵلا قایقامی قەزای دەشتی هەولێر، سنووری قەزاکەی دیاری کرد و بەقسەی ئەو، قەزای دەشتی هەولێر لە سێ ناحیە پێک دێت لەگەڵ ناوەندی قەزا، ئەوانیش ناحیەی کەسنەزان کە سێ شارەوانی هەیە، مەلا ئۆمەر، شاوێس، کەسنەزان، لەگەڵ ناوەندی قەزا کە بنەسلاوەیە، هاوکات ناحیەی دارەتوو و قوشتەپە، لە بازگەی شێراوە تاکو پردی بەستۆرە.

پێکهاتەی دانیشتوانەکەشی، ئاوارەی ناوخۆی کەرکووک و دەوروبەری و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاوارەی عەرەبی ناوەڕاست و باشوورن، جگە لە خەڵکی دروست بکەین لەگەڵ یەک دوو شوێنی دیکە کە سەوزایان لێ چاندووە، جگەلەوە بودجەمان نەبووە ڕووبەڕی سەوزایی زیاد بکەین.

200 هەزار کەس بێ نەخۆشخانەیە

200 هەزار کەس لە قەزای دەشتی هەولێر بێ نەخۆشخانەن، بۆ هەر نەخۆشیەکی گەورەو بچووک دەبێ بچنە هەولێر هەر چەندە ئەگەر حاڵەتیان تەنگەتاو بێ و پێویستی بە فریاکەوتن بێ.

قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر دەڵێ: کەموکوڕی لە سێکتەری تەندروستی هەیە هەر لەو بڕە دەرمانەی کە بۆ قەزاکە دێ، تا دەگاتە نەبوونی نەخۆشخانەیەکی باشی حکومی کە هاوواڵتیان قەزاکە پشتی بە ڕێژەیەکی کەمی داهاتی فەرمانگەکانی بەستووە تا بتوانێ چەند پرۆژەیەکی بچووکی خزمەتگوزاری پێ جێبەجێ بکات.

ئیبراهیم شێخەڵلا ئاشکرای کرد بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەکان پشتیان بە داهاتی شارەوانیەکان بەستووە کە ڕێژەکەی 17% یە و لە پرۆژەی کورت مەودا خەرج دەکرێت.

لە سێکتەری کارەباش، 8%ی داهاتیان بۆ دەگەڕێتەوە و لە تۆڕەکانی کارەبا خەرجی دەکەن، لە ئاویش 40%ی داهاتیان بۆ دێتەوە و لە پرۆژەکانی ئاو خەرجی دەکەن هەرچەند دەوڵەمەند و خێرخوازان و کۆمپانیاکان هەندێجار هاوکاریان دەکات لە قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر دەڵێ:"لەهەر خافڵ بوونێک، زێدەڕۆییەکی زۆر دەکرێتە سەر زەویە بەردەڵانەکان و کشتوکاڵیەکان، بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆری پێکهاتەو نەتەوە و عەشیرەت و خێڵی جیاوازی تێدایە، زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێ و بەو توانا کەمەی پۆلیس و ئاسایش هەیەتی، ناتوانێ ئەرکەکەی خۆی بە تەواوی جێبەجێ بکات



ئیبراهیم شێخەڵلا: بڕیارە لە ئەنجوومەنی وەزیران بودجەیەک تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی پرۆژەکانی پێ جێبەجێ بکەین

بە هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆیی لەسەر زەوی کشتوکاڵی و بەردەڵانی هەیە

ڕێگە گرتن و لادانی ئەو هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆییەی کراوەتە سەر زەویە کشتوکاڵی و بەردەڵانیەکان بەشێوەیەک زەحمەت بووە، پەرلەمانی کوردستان دەیەوێ ڕێگە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام ڕێگە چارەیەکە خزمەت بە نیشتیمان ناکات، بەڵکو چاو داخستنە بەرامبەر تاوانی دەست بەسەرداگرتنی مووڵکی گشتی.

قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر ئاشکرای دەکات، بە هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆیی تۆمار کراوە، بەتایبەت لەسەر ڕێگای پیرمام تا دەگاتە کەسنەزان و پشتی بەرزاییەکانی کەسنەزان، لە بنەسلاوەو دارەتوو و قوشتەپەش بەهەمان شێوە، لەسەر زەویە کشتوکاڵی و بەردەڵانیەکان زێدەڕۆیی کراوە.

بۆ چارەسەری ئەو هەزاران حاڵەتی زێدەڕۆییە، ئیبراهیم شێخەڵلا دەڵێ:"بەپێی یاسای ژمارە 3ی ساڵی 2018 کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، چارەسەری کێشەی زێدەڕۆیی بەو شێوەیە کراوە، لیژنەیەک لە سنووری شارەوانی و لیژنەیەکیش لە دەرەوەی سنووری شارەوانی پێکهێنداوە بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لە زێدەڕۆی کردن دوای دەرچوونی ئەو یاسایە.

بەڵام ئەو زێدەڕۆییەی پێش ئەو دەرچوونی ئەو یاسایە کراوە، چارەسەریان بۆ دەدۆزرێتەوە لە تەملیک کردن و بەکرێدان و هەڵوەشاندنەوە.

قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر بە کورتی و کرمانجی گوتی:"بەپێی ئەو یاسایەی ساڵی 2018، ئەوەی پێشی دەرچوونی یاساکە زێدەڕۆیی کردبێ چارەسەری بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەوەی دوای ئەو یاسایە زێدەڕۆیە کردبێ، لێی هەڵدەگیرێت.

قەزایەکی بێ ڕێگاوبان و شوێنی کات بەسەر بردن

جێی تێڕامان و پرسیارە، قەزایەکی سەر بە هەولێر کە خەریکە دەبێتە گەڕەکێکی دیکە لە هەولێر، هێندە بێ خزمەتگوزاری بێ.

ئەگەر گەڕانێک بکەی بە بنەسلاوەکە قایمقامیەتی قەزای دەشتی هەولێری لێیە، پێت سەیرە نیمچە شارێک ڕێگاو بانی نییە و شوێنی سەوزایی و باخ و گوڵەکانیشی بوونەتە زبڵخانە، نە گەنجان شوێنێکیان هەیە بۆ خۆیان کۆببنەوەو کاتی لێ بەسەر ببەن یان لە یاریگایەک یاریەکی وەرزشی لێ بکەن، نە منداڵانیش شوێنێکیان هەیە یاری لێ بکەن، هەمیشە دەیان بینی لەنێو تۆز و خۆڵ چاویان بزربووە، ئەگەر ئێوارەش دابێ، خانەوادەکان شوێنێک شک نابەن بچن کاتێکی خۆشی لێ بەسەر ببەن، ژیان بۆ ئەوان جۆرێکی دیکەیەو بۆ هەناسە هەڵمژینێک دەبێ بێنەوە نێو شار، بۆ هەموانیش ئەوە ناگونجێ.

سێکتەری پەروەردە

دووجار پەیوەندیان بە بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر مامۆستا سابیر حەمەد کانەبی کرد بۆ ئەوەی لە بارەی ڕەوشی پەروەردەی سنوورەکە پرسیاری لێ بکەین، وەڵامی پەیوەندییەکەی نەدایەوە هەرچەند 14ی حوزەیران پشووی فەرمی بوو، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی بەڕێوەبەری پەروەردەی دەشتی هەولێر وەڵامی پەیوەندی هاوڵاتیان ناداتەوە، ڕەنگە سێکتەری پەروەردە کێشەکانی کەمتر نەبی لە کێشەکانی سێکتەری تەندروستی و خزمەتگوزاری و ڕێگاوبان لە قەزاکە، ئەگەر زیاتر نەبێ.



ڕەوشی پەروەردە لە قەزای دەشتی هەولێر لە ڕەوشی تەندروستی باشتر نییە

قەزاکە خۆی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی جیاوازی لە عەشیرەت و خێڵ و تیرە تێدایە.

بە پارەیەکی کەمی داهاتی فەرمانگەکان پرۆژە دەکرێت هەر چەند ڕووبەڕێکی فراوان هەیە و دیاری کراوە بۆ سەوزایی، بەڵام کەمترین ڕێژەی سەوزایی لە قەزای دەشتی هەولێر دەبیندرێت.

ئیبراهیم شێخەڵلا قایمقامی قەزای دەشتی هەولێر دەڵێ: لە نەبوونی توانای شارەوانی و نەبوونی ئاو، توانیومانە تەنها یەک پارک بەناوی نەمران لە نزیک شارەوانی ناچار دەکات بۆ نەخۆشی بچووکیش بچنە هەولێر.

ئیبراهیم شێخەڵلا دووپاتی کردەوە، نەبوونی نەخۆشخانەیەکی گەورەی حکومی لە قەزاکە گرفتێکی گەورەیە و پێویستە وەزارەتی تەندروستی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیخاتە نێو پلانی خۆی بۆ جێبەجێکردن.

نەبوونی بودجە

هیچ بودجەیەک ئێستا لە قەزای دەشتی هەولێر لەبەر دەست نییە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان، هەر لەبەر ئەوە قایمقامیەتی پرۆژەکانی ئاو لە چەند گەڕەکێک و شوێنێکی قەزاکە، قایقامی قەزای دەشتی هەولێر دەشڵێ:"بڕیارە لە ئەنجومەنی وەزیران بودجەیەک تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی پرۆژەکانی پێ جێبەجێ بکەین.

ڕەوشی ئەمنی

هەرچەند لە ڕووی ئاسایشەوە قەزای هەولێر ئارامەو پارێزراوە، بەڵام بەهۆی سنووری فراوانیەوە، پێویستی بە پۆلیس و ئاسایشی زیاتر و توانی باشتر هەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی.





مەرجەعی سیاسی گەورەی کوردستان



نقشبەندی ئیبراهیم سرینی

وتەیەک هەیە دەڵێ "گەر گەوردیەکت نەبوو، بچۆ گەوردیەک بۆخۆت بکڕە". هەروەها لە وتەیەکی پێشینانداە دەڵێ " تەگبیرکارت بێتێ پیشەکار دروست دەبێتەوە" ئەم دوو وتەیە ماناو واتای زۆر دەبەخشێ بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگای کوردی کە بەدرێژایی مێژوو ستەمی لێکراوەو دابەش کراوە؟! وە بەردەوام دوژمنایەتی و رق و کینە لەنێوانیاندا چێندراوە، بۆیە دەبینین هەرکاتێ میللەتی کورد هەنگاوێک بەاوێژێت بۆ پێشەوەو نزیک بووبێتەوە لە ئامانجە سەرەکییەکەی ئەوا بەشێوەیەکی دوور لە مافەکانی مرۆڤ و بێ ویژدانانە بەرنامەڕێژی کراوە بۆ ئەوەی لەم مافە دووربکەوێتەوە بێ ئەوەی میللەت درک بەوە بکات کە چ کارەساتێک بۆ نەوەی دوای خۆی جێ دەهێڵێت!؟

وەک چۆن دابەش بوون و قۆڵ بوونەوەی کێشەکان و رق زیاتر بەناویاندا ڕۆ دەچێ کە بێ شک دەستی دەرەکی و فیتنە لە پشتەوەی ئەو کارەساتە گەورانەیە کە بەسەر نەتەوەی کورد داهاتووە و چەندین دەیەیە دەناڵێنێ بەدەستی دووبەرەکی و نا سیستەم بوون و دووا‌کەوتنی بەهۆی ئەوەی هیچ لەو شەنس و هەلانەی هاتنە پێشەوە کە وەکو هەلی ئەڵماسی و زێڕی بوون نەتوانرا سودیان لێبوەربگیرێت یا هەڵبقۆزرێنەوە، ئەم مافە ڕەوایە بێتە ڕاستەقینە بەهۆی مللمانێی نێو خۆیی و خیانەت! بێ گوێدانە ئەو هەموو کارەسات و ماڵوێرانیەی بەسەر ئەم گەلە داهاتووە و ئەم خوێنە بەهەدەر چووەی کە لەپێناویدا رشتراوە! رابردوو ڕوونە ئەوەی بیبەوێت لێکۆڵینەوە بکات و مێژووی ڕاستی و زانستی بخوێنێتەوە.

لەم وتارەدا ڕاشکاوانە باس لە مەرجەعی سیاسی گەورەی کورد سەرۆک مسعود بارزانی دەکەین سەبارەت بەم هەڵوێستانەی کە لە رابردوودا لە ئێستادا دەیانوێنێ وەکو سەرکردەو رابەری نەتەوەیەکی ستەمدیدە، کە ئاشکرا نیە بەرەو کوێ هەنگاوی پێدەهاوێژێت لەلایەن ئەمەریکاو وڵاتانی دیکە مەبەست لە کوردانی ڕۆژئاواو ڕۆژهەلات و باکورە وە ئەو بارودۆخە هەستیارەی ماوەی رابردوو و ئێستا پێی تێپەڕ دەبێ هەستیارو تا ڕادەیەکی زۆر ترسناکە بۆیە هەنگاوی جددی و حەکیمانە فریادڕەس دەبێت و کەشتی کوردستان بە سەلامەت لە شەپۆلە تاریکو ترسناکەکانی بەردەو ناوچەی ڕۆژهەلات ناوەڕاست هاتووە دەربازی دەبێت و لەکەناری ئارامیدا ئۆقرە دەگرێت، بە پێچەوانەوە هەر کەموکوڕیێک یا هەوڵدانێک بۆ نغرۆ کردنی ئەم کەشتیە لەناوەوە ئەوە کەس بە سەلامەتی تیای دەرناچێ و هیچ تاقم و لایەنێک سەلامەت نامێنن؟!، دەبێتە نەفرەتێکی گەورە کە نەوەکانی داهاتوو لە ئێستای دەکەن و ئەوانیش بێ ناسنامەو وڵات بەنادیار دەسپێردرێن!!. لێرەدا بە کورتی چەند هەڵوێست و هەنگاوی حەکیمانەی سەرۆک بارزانی دەخەینە ڕوو کە لە رابردوودا ناویەتی.

ئەوکاتەی تورکیای سەردەمی عەسکەر هەڕەشەی دەستوەردان لەکاروباری ناوخۆی کوردستان و هێرش کردنە سەر باشوری کوردستانی دەکرد لە ساڵی 1999 - 2000دا هەر ئەوکات سەرۆک مسعود بارزانی بەرەنگاری هەڕەشەکانیان بوویەوە و رایگەیاند کە ئەوانیش ئامادەن دەستوەردان لە تورکیا لە دیاربەکرەوە دەست پێ بکەن و ڕووبەڕووی هەر هێرشێک دەبنەوە لەپێناو پاراستنی میللەتی کوردو خاکی کوردستان کە ئەمە هەڵوێستێکی مەردانەی نەتەوەیی و مێژووی بوو وە بە وڵاتانی دەوروبەری وت کوردستان هێلی سوورەو بۆ هیچ کەس نیە دەستوەبداتە خاکی کوردستان لەکاتێکدا کە کوردستان هیچ پشتگیرێکی وای نەبووە لە دنیادا بەهۆی ئەوەی خاوەنی ناسنامەو دەوڵەتی خۆی نەبووە!، کەواتە بۆ هەر کۆمەڵگاییک کە دابەش کرا بێت و بێ پاڵپشتی نێو دەوڵەتی بێت ئەوا پێویستی بە سەرکردەیەکی کاریزمی و تێکۆشەرو چاونەترس هەیە کە بە هەر وڵاتێک بڵێت نا وە سنوری بۆ دابنێت!، تا دەگاتە سەر ڕێڕەوی سروشتی خۆی و مافەکانی نەتەوە دەستەبەر دەکات. بەڵام خەمی هەرە قۆڵ و بڕین سارێژ نەبووی گەلی کورد خیانەتکارانی ناوخۆیەتی کە بەدرێژایی مێژو کوردیان بەش کردووەو نەیانهێڵاوە کورد بگات بەم مافە ڕەوایەی کە ببێتە خاوەن دەوڵەت! بۆیە جێی ئامازە پێدانە کە سەرۆک بارزانی وەک ڕابەرو سەرکردەیەکی خەمخۆر بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدا بووە کە ئەم دابەش بوونەو کێشەی نێوان براکان نەهێڵێت وە جوهدێکی زۆری پێشکەش کرد تا کوردستان گەیشت بە کەناری دڵنیایی و ئارامی بۆیە بۆ پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکان هیچ کەس ناتوانێ لەم ڕۆڵەی مەرجەعی سیاسی گەورەی کورد کەم بکاتەوە تەنانەت بەخستنە مەترسی گیانی خۆی و بنەماڵەی ڕووبەڕووی چەندان مەترسی ڕاستەقینە بۆتەوە تەنها تا پاشەکشە بکات لەو مافە ڕەوایەی کە سەدان ساڵە لەم نەتەوە ستەملێکراوە زەوت کراوەو وەک کالایەک سەیرکراوە !؟ وڵاتانی وەک ئەمەریکا تەنها بۆ بەرژەوەندی و خزمەت کردنی ئەجێندا‌کانی خۆیان میللەتانیان بەکارهێناون بەو شێوەیەی کە ویستویانە بۆیە کاتێک سەرۆک بارزانی وەک سەرکردەیەکی کاریزمایی دڵسۆزانەو چاونەترسانە ڕووبەڕووی ئەم ئەجێندایانە دەبێتەوە و دەڵێ نا بۆ هەر هێزێک لەدنیادا کە بیەوێت کورد لە مافی هاوڵاتی بوون و ناسنامە بێبەش بکات! ئەوە کارێکی ناوازەو مەزنە هەردەم بەبەرزی دەمێنێتەوە! دەگەمەن ئەو جۆرە سەرکردانەی کە بتوانن بە دنیای سەرمایەداری سیاسی مافیایی جیهانی بڵێن نەخێر!! وە گیانی خۆی گیانفیدایانە بخاتە مەترسی لەپێناو بەدیهێنانی ئەم خەونەو مافە ڕەوایەی گەلێکی ستەمدیدە وە دروست کردنی شورەیەک بۆ نیشتیمان کە هیچ کام لە وڵاتانی داگیرکار نەتوانن سنور ببەزێنن و هێرش بکەنە سەر خاک و نیشتیمان کە ئەمەش بەشێکی پەیوەندی بەوە هەیە کە پێشەوای کورد بارزانی باوک لەپێناو پاراستنی شەرەف و ناسنامەی گەلی کورد و سەربەرزکردنی ڕووبەڕووی گەورەترین نسکۆ مەترسی بۆتەوە، وە لەوکاتانەی کۆماری کوردستان دووای 8 مانگ لەلایەن ئیران و ئەمەریکا لەناو دەبرێت و پێشەوای کورد قازی محەمەد بەرەو پەتی سێدارەدان دەبرێت دەڵێت (ئالآی کوردستان لە دەستێکی ئەمیندایە) کە مەبەست لێی مەلا مستەفا بارزانی بوو. هەر لەوکاتدا کاتێک ئەرتەشی ئیران داوای چەککردنی کورد لە پێشەواو سیمبولی کورد مستەفا بارزانی دەکات بەڵام تەسلیم نابێت و بە چەکێکی سادە ڕووبەڕووی ئەرتەشی سوپای ئیران دەبنەوەو بەدەم شەرەوە داستانێکی گەورەی نەبەردی و مەردانەی مێژوویی تۆمار دەکەن و چەندین شەهیدو قوربانی بەخت دەبن لەپێناو ڕزگاری و سەربەخۆیی و سەربەرزی کورد ئینجا پاشەکشە دەکەن بەرەو باشوری کوردستان، هەمان شێوەی شۆرشی لیبیای عومەر موختار دژ بە داگیرکاری ئیتالیا لەپێناو گەلەکەی قارەمانێکی نەبەردی و مێژووی تۆمار دەکات و دووجار لیبیا ئازادو سەربەخۆ دەبێت.

لەچەند هەڵوێستێکیتری نیشتیمانی و مێژووی سەرۆک بارزانی دا جێی وەبیرهێنانەوەیە کە هەڵوێستێکی جوامێرانەی نیشتیمانی و خۆنەویستی ئەوکاتەی کە کۆنگرەی نەتەوەی کورد لە هەولێر لەسەر بڕیاری بارزانی دەستی پێ کردو سەرکردایەتی کرد کە بۆ یەکەمین جار بوو لەمێژووی بزاڤی سیاسی کورد کۆنگرەیەکی لەم جۆرە بکرێت کە لایەنە سیاسی و کەسایەتیەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بەشداریان تێبدا کرد بۆ پرسی نەتەوەی کورد بەڵام بەداخەوە بەهۆی هەبوونی دەستی خیانەت و عوقدەی نەقس لەلایەن pkkەوە حیزبە نزیکو هاوبیرەکانی کە جگە لەجەهالەت و لوت بەرزی و زیانی ترسناک بۆ گەلی کورد و نۆکەرایەتی کردن بۆ وڵاتانی دیکە سودێکیان بۆ کورد نەبووە؟!! کۆنگرەکە هەڵوەشێندرایەوە کە لەسەرەتادا داوایان کرد لە کۆی 1200 ئەندام دەبێت 800ی هی ئەوان بن و پاشانیش حیزبێکی ناوخۆیی دژە وڵات بەناو میدیا سەربەخۆکانیان هاندا تا رای گشتی و تاکی کورد چەواشە بکەن و بەلارێدا ببەن بەوەی کە بارزانی دەیەوێت قۆرخی دەسەلات بکات؟، لەکاتێکدا تاکە داوای مەرجەعی سیاسی نەتەوەی کورد مسعود بارزانی ئەوە بووە کە تەنها پابەند بن بە بنەماو ئامانجەکانی ئەم کۆنگرەیەو هەڵنەوەشێندرێتەوە کێشە نیە هەر لایەنێک یا کەسێک دەیەوێت سەرپەرشتی بکات با بفەرموێت تەنها دەبێ هەنگاوەکان وورد‌بینانە بن و مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەترە کە ئێوە داوای ئاغایەتی دەکەن بۆ خۆتان کەچی مەسەلەکە پرسێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیەو بۆ نەوەکانی داهاتووە بەرپرسیاریەتییکی گەورەی ئەخلاقی و نیشتیمانیەو لە ئەستۆی هەموو لایەکمانە! وە بەدیهێنانی خەونی گەلێکی ستەمدیدەی پارچە بووە پرسێکی نەتەوەییە چۆن دەبێ ئێوە کە خۆتان بەنوێنەری گەل دابنێن ئاوا بچوک بیر دەکەنەوەو لەم پرسە دەڕوانن؟! هەروەها لەکاتی داواکردنی ئاشتی و کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد لە باکوردا لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا لەوانکاتاندا بارزانی گەورەترین ڕۆڵی مێژوویی بینی لەپێناو چەسپاندنی ئاشتی و بەرقەرار بوونی ئارامی چەندین جار تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە پێویستە خەباتی چەکداری ڕابگیرێت و خەباتی مەدەنی دەست پێ بکرێت و بچنەوە ناو شارەکانی تورکیا لەوێوە خەباتی سیاسی و دیبلۆماسی بۆ دابین کردنی مافەکانی کورد دەست پێ بکەن تا چیتر زیانی گەورە بەر کورد نەکەوێت و مالوێرانی بۆ میللەت بەدوادا نەهێت کەچی بڕیاری بیروشکانی سەرانی pkkە مانەوە بوو لە دۆڵ و ناو ئەشکەوتو چیاکان تا ئەوەی بەتەواوەتی شارو شارۆچکەکانی کوردیان خستە بەر موشەک و هێرشی سەربازی و وێران کردن و دابەش بوون و پێدانی بەهانە بە سوپای تورکیا تا ڕۆژئاواش بە مەترسی بۆ سەر خاکی خۆیان بزانن و ئەنجامەکەیشمان بینی! هەموو ئەوانە بەهۆی نەزانین لە سیاسەت و دوور نەبینی و بەشێکی زۆریش خۆفرۆشی و خاکفرۆشی و عەمالەت کردن و خزمەت کردن بە ئەجێندای دەرەکی بوو، بۆیەش بینیمان لەکاتی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەر لە ئاغاکانیان دژ بە سەربەخۆیی کوردستان وەستانەوە!! لەکاتێکدا سەرۆک و مەرجەعی سیاسی نەتەوەی کورد مسعود بارزانی لە هەڵوێستێکی جوامێرانەو مەردانەدا وەک ڕێبەری نەتەوەیی لەکاتی ریفراندۆم تەحەددای تەواوی وڵاتانی دنیای کرد تەنها لەپێناو ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان تا چیتر ئەم گەلە بێ شورەو پشتیوانی نەمێنێتەوە! بەدنیا ڕاگەیەندرا کە گەلی کورد دەتوانێ خۆی بەڕێوە ببات و دەبێت خاوەنی ئالآی خۆی بێت لەڕیزی تەواوی وڵاتانی دنیا وتی: هیچ حیسابێک بۆ ڕەئیا هیچ کەس یا وڵاتێک ناکرێت بەیەوێت کورد بێ وڵات و هەمیشە بەژێردەستەیی بمێنێتەوەو بەکاربهێنرێت!. وە بۆ هەتاهەتایی کەرکوکی وەکو هەر شارێکی دیکەی کوردستان هەولێرو سلێمانی و دهۆک و هەلەبجەو مهاباد و شنۆو سەقز و ساپلاغ و ئورمیەو ئامەدو قامیشلۆو عەفرین و کرمانشان بەخاکی کوردستانی ناساندو کردی بە تاپۆیێکی ڕەش و جێگیری کرد بەبێ گوێدانە هیچ فشارێکی ناوخۆیی و دەرەکی!! وە هیچ کەسێک یا حکومەتێک ناتوانێ ئەم ئەنجامەی ریفراندۆم هەڵبوەشێنێتەوە کە میللەتی کورد بڕیاری چارەنوسی خۆی داوەو لە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو باکوری کوردستان هاتنە سەر شەقامەکان و بەچاوی پڕ ئەسرین و ئومێدەوە ئاهەنگیان گێڕا بۆ ریفراندۆم! کە ئەمە هەڵوێستێکی نەبەردانەو تێکۆشانی سەرۆک و مەرجەعی هەر چوار پارچەی کوردستان مسعود بارزانی بوو. بەڵام ئەم خۆشیەی گەلی کورد بە خیانەتێکی گەورەو ڕەش لە کوردو کوردستان لە 16ی ئۆکتۆبەردا وەڵام درایەوە!!؟ نزیک بوو شەڕی ناوخۆیی و دوو ئیدارەیی لێبکەوێتەوە بەڵام بەهۆی پشودرێژی و هەنگاونانی حەکیمانەو لەسەر خۆی سیمبولی گەلی کورد بارزانی بۆ پاراستن و یەکڕیزی کوردو خوێن نەڕشتن بوو بەڕێگر لە پیلان و ئامانجی دوژمنان و خیانەتکاران! وە پیلانەکە خرایە مەزبەلەی مێژوو! بۆیە بەدڵنیاییەوە تەواوی ئەوانەی نەیانتوانی دەنگ بە بەڵێ بدەن یا کەمتەرخەم بوون تەواو هەست بە ئازاری وێژدان دەکەن بەرامبەر بە نیشتیمان و نەتەوەی کوردو نەوەی داهاتوو، وە گەر بێت و لە ئێستادا ڕاپرسییێک بکرێت یا دووبارە دەنگدان بکرێتەوە بۆ ریفراندۆم بێ شک تەواوی دەنگەکانی میللەتی کورد بە بەڵێ دەبێت جگە لەکەمینەیەکی زۆر کەمی نیشتیمان فرۆش کە پەروەردەی دەستی دوژمنانی کوردن و هەمیشە بە نۆکەریکردن بۆ بێگانە ئامادەن بە جاشایەتی ژیاون و بە سەرشۆری سەر دەنێنەوە!!. وە ئەنجامی ریفراندۆمیش لەهەر کات و ساتێکی لەوادا ئامادەیەو نەتەوەی کورد دەگەیەنێتە ئامانج و مافی ڕاستەقینەی سەدان ساڵەی!.

بۆیە زۆر گرینگە بۆ میللەتی ئێمە کە ڕۆڵەکانی لە ونبونی ناسنامەو مێژوویان و سیمبولە تێکۆشەرە نەتەوەییەکانیان و شۆڕشە مەزنەکانیان هەمیشە ئاگادار بکرێنەوەو وانەی خۆشەویستی نیشتمانیان فێربکەین تا نەبن بە نێچیرێکی گوناح و دەستەمۆ!. بۆیە ئەرکی گشت تاک و لایەنێکە کەوا مێژووی پرشنگدارو وەرچەرخانی ئەم گەلە فەرامۆش نەکات و تاکێکی وشیارو نەبەرد پەروەردە بکرێت و پاراستنی خاک و نیشتیمان لە خوێن و مۆخیدا بچەسپێت.

پێشنۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان

عەبدولستار رەمەزان

پێشنۆرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کابینەی نۆیەمیدا، یەکەم وتاری بەڕێز، دسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێم دیاری کرد، دوای ئەوەی متمانەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانی وەرگرت و سوێندی یاسایی خوارد، بەمەش لە ڕۆژی 10تەمووزی 2019، بە فەرمی بووە سەرۆکی حکومەت. پێشنۆرەکانی بەسەر سێ تەوەر دابەش بووە (ناوخۆ، پەیوەستە بە ڕەوشی هەرێم)، (پەیوەندی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدرالی عێراق) و (هەرێمی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی). لە تەوەری یەکەمدا: ئەوەی پەیوەستە بە ڕەوشی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی وەزیرانی تازەی هەرێم، مەسرور بارزانی وتی:

1- بەڵێن دەدات چاکسازی فراوان لە هەرێمدا بکات، کە هەموو سێکتەرەکانی حکومەت بگرێتەوە، بەڵێنی چاکسازی لە کەرتی گشتیش دا.

2- بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی گشتگیر، هەوڵی زۆری داوە، لەوەتەی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە مانگی ئەیلولی 2018، کاندیدی کردووە، کاریشی لەگەڵ هەموو پارت و هێزێک کردووە، بۆ ئەوەی حکومەتێکی بەهێز دروست بکات، خزمەتی گەل بکات، دووپاتیشی کردەوە، ناتوانین لە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز سەرکەوتوو بین، ئەگەر دووبەرەکی و ناکۆکییەکان لێکمان جیا بکەنەوە.

3- دووپاتی کردەوە، پێویستە گرەنتی بدەین، حکومەتەکەمان بە شێوەیەکی ڕوون و بەرپرسانە، خزمەتی گەلی کوردستان دەکات.

4- کار لەسەر دانەوەی قەرزەکانی هەرێم دەکات، لەگەڵ ئەنجامدانی چاکسازی ڕێکخراویی، کە ڕێگە بە کۆمپانیاکان بدات، ببوژێنەوە.

لە تەوەری دووەمدا: ئەوەی پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدرالی لە عێراقدا وتی:

1- هەوڵێر و بەغدا، پەیوەندییەکی بووژاوەیان دەوێت، کە خزمەتی هەردوو لا بکات و ئاسایش و بووژانەوە بەدی بێنێت، لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و ئاڵوگۆڕ و هاریکاریدا.

2- هەرێمی کوردستان، چاوی لە پێشکەوتنی زیاترە لە (هاوبەشییەتی جێگیر و بنیاتنەر) لەگەڵ حکومەتی فیدرالی لە عێراقدا.

3- کار لەسەر دابینکردنی بەشی یەکسانی کورد لە بودجەی فیدرالی دەکات.

لە تەوەری سێیەمدا: بارزانی ڕووی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد بۆ ئەوەی:

1- پشتیوانی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەرنامەی چاکسازییەکەی بکەن، یارمەتی پاراستنی پێگەی ناوچەکەش بدەن، وەکو پەناگەیەکی ئارام بۆ چەوساوە و کۆچبەران.

2- کار لەسەر کەمەندکێش کردنی زیاتری وەبەرهێنانی بیانی و باشترکردنی ژێرخان دەکات.

شیاوی باسکردنە، پەرلەمانی کوردستان، ڕۆژی چوارشەمەی ڕابردوو 10 تەمووزی 2019، دانیشتنێکی ئەنجام دا و بە زۆرینەی دەنگ، متمانەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی، بەخشی، دواتر سەرۆکی حکومەت، لیستی پالێوراوانی خستە بەردەم پەرلەمانتاران، پەرلەمانیش دەنگی بە هەموو پالێوراوان دا، کە مەسرور بارزانی، خستبوویە بەردەمیان، کابینەکەشی لە 21 وەزارەت پێکهاتووە، لەگەڵ جێگرێکی سەرۆکی حکومەت، یەکەم جاریشە لە کوردستان و عێراق، سێ خانم بەبنە وەزیر، زۆربەی پارت و لایەنەکانی کوردستانیش لەو کابینەیەدا بەشدارن. وەزیرێکی کریستیان و یەکێکی تورکمانیش لە کابینەکە دان، کە بەزمانی دایکیان سوێندی یاساییان خوارد. ئەمەو مەسرور بارزانی، 48 کاتژمێر پێش دانیشتنی ڕۆژی چوارشەمە، ناوی کاندیدەکانی پێشکەشی پەرلەمان کردبوو، کە زۆربەشیان ناوی تازەن.

و: ڕەمزی میرەکانی

هەنگاونان بەرەو نووسینەوەی دەستووری کوردستان



هەژدەیەم وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا ئەم زاراوەیان بەکار هێناوە.

دەستوور لە رووی یاساییەوە سەرەوری تەواوی هەیە بەسەر هەموو یاساکانیتری وڵات کە نابێت هیچ یاسایەک کاتێ کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت ناکۆک یان پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت. هەروەها لە دەوڵەتی فیدراڵیدا نابێت بنەماکانی دەستووری هەرێمەک لە هەرێمەکان ناکۆک یان پێچەوانە بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستووری فیدراڵی. ئەگەر هەر مادە یان برگەیەکی دەستووری یەکێک لە هەرێمەکان پێچەوانەی بنەماکانی دەستووری فیدراڵی بێت کار بە دەستووری فیدراڵی دەکرێت و کار بەم مادەیە ناکرێت، چونکە نادەستوورییە و دەبێت پوچەل بکرێتەوە. هەروەها بەگشتی هەر یاسایەک لە دەسەڵاتی یاسادانان دەرچێت پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت ئەم یاسایە نادەستوورییە و نابێت کاری پێ بکرێت. کەواتە دەبێت لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا رەچاوی دەستووری فیدراڵی عێراق بکرێت کە لە ساڵی 2005دا نووسراوەتەوە، نابێت هیچ بنەمایەکی یاسایی دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بێت.

هەروەها خاڵیکیتری زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پێویستە دەستووری فیدراڵی و دەستووری هەرێمەکان لە رووی نووسینەوە دەستووری بەستەلەک بێت نەک دەستووری نەرم ، بۆ ئەوەی ئەو پارتەی دەبێتە زۆرینەی پەرلەمان نەتوانێت دەستووری وڵات بەپێی بەرژەوەندی حزبی خۆی هەموار بکات یان بیگۆڕێت و مافی تاکەکان پێشێل بکات یان ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی گشتی وڵاتدا نین جێبەجێ بکات. چونکە هەموار کردنی دەستووری بەستەلەک بە رێی و شوێنی سەختدا تێدەپەڕێت کە ئەم مەرجانەی هەموار کردن یان کۆتایی بە دەستوور هێنان لە خودی دەستووردا دیاری کراون، چونکە پەرلەما کە دەسەڵاتی یاسادانانە ناتوانێت دەستوری بەستەلەک هەموار بکات بەڵام دەتوانێت دەستوری نەرم هەموار بکات. هەر وڵاتێک بە پێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەستوور دەنووسرێتەوە واتە شێوازی نووسینەوەی دەستوور لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە. بۆیە لە خوارەوە بە کورتی باسی شێوازەکانی نووسینەوەی دەستوور دەکەین:

شێوازی نووسینەوەی دەستوور

بە گشتی دەستووری هەر وڵاتێک بە یەکێک لەم چوار رێگایانەی خوارەوە دەنووسرێتەوە:

یەکەم: رێگای پاداشت. دووەم: رێگای گرێبەست. سێیەم: رێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەر. چوارەم: رێگای راپرسی گەڵ. کە هەردوو رێگای یەکەم و دووەم رێگای نادیموکراتین و هەردوو رێگای کۆتایی واتە سێیەم و چوارەم رێگای دیموکراتین. چونکە لە هەردوو رێگای یەکەمدا دەستوور بە ویستی سەرۆکی وڵات یان پاشا و دەسەڵاتدارەکان دەنووسرێتەوە بەبێ ویستی گەڵ. بەڵام لە هەردوو رێگای کۆتایدا بە ویستی گەڵ دەنووسرێنەوە بەبێ ویستی سەرۆکی وڵات.

یەکەم: شێوازی پاداشت: بەپێی ئەم رێگایە سەرۆک یان پادشای وڵات بەویستی خۆی دەستووری وڵات دەنووسێتەوە بەبێ ئەوەی پرس بەگەل بکات یان رای گەڵ لەگەلیدابێت، بەلکو بە ویستی خۆی دەنووسێتە وە و وەکو پاداشت پێشکەشی بە گەل دەکات و منەتیشی بەسەر گەلەوە دەکات کە دەستووری وڵاتی نووسیوە، تا هەموو تاکەکان لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسان بێت و ستەم لە کەس نەکرێت. بەڵام لە بنەڕەتدا نووسینەوەی دەستوور مافی گەڵە نەک مافی پادشا یان سەرۆکی وڵات، چونکە دەبێت گەل دەستوور بە ویستی خۆی و بەپێی بەرژەوەندی گشتی وڵات بنووسێتەو تا مافەکانی تاک لە هەموو رووێکەوە پارێزراوبن لە ستەمی پاشا و هەموو دەسەڵاتدارەکان.

دووەم: شێوازی گرێبەست: ئەم شێوازە هەندێک لە شێوازی پاداست باشترە چونکە تاڕادەیەکی کەم رای گەلی لەگەڵدایە. لەم شێوازەدا پاشا لەگەڵ گەڵ رێکدەکەوێت کە بە هاوبەشی دەستووری وڵات بینوسنەوە، واتە چەند کەسێک لە نوێنەرانی گەل لەگەل پاشا یاخود سەرۆکی وڵات بە رێکەوتن لە گەڵ ئەم نوێنەرانە بە هاوبەشی دەستووری وڵات دەنووسنەوە. سێیەم: شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر: ئەم شێوازە بریتییە لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی لێژنەیەکی پسپۆر لە بواری یاسای دەستووری و سیاسەتوانە بە ئەزموونەکان و کەسانی پسپۆر لە بەرێوەبردنی وڵاتدا، ئەم کۆمەڵەیە کە نوێنەری گەڵە دەستووری وڵات دەنووسنەوە و لە کۆتایدا لەسەر کۆی بابەتەکان رێک دەکەون و ئەو بابەتانەی ناکۆکیان لە سەر هەیە لە نێو خۆیاندا دەخەنە دەنگدانەوە و بریاری کۆتایی لەسەر دەدرێت و دواتر راسەوخۆ دەچێتە واری جێبەجێکردنەوەبەبێ ئەوەی بدرێتە راپرسی گەڵ.

چوارەم: شێوازی راپرسی گەڵ: ئەم شێوازە بەهامان شێوەیی کۆمەڵەی دامەزرێنەر دەنووسرێتەوە تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە لە دوای تەواو نووسینەوەی دەستوور و دوا بڕیاردان لەسەری ناچێتە واری جێبەجێ کردنەوە تا نەدرێتە راپرسی گەڵ. کەواتە لە دوای ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەر درا لەلایەن هەمان کۆمەڵەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت رۆژێک بۆ راپسیدان لەسەر دەستوور دیاری دەکرێت، بەڵام دەبێت ماوەیەکی دیاریکراو و گونجاو هەبێت لە نێوان رۆژی راگەیاندنی راپرسی، چونکە ئەنجامدانی راپرسی، چونکە دەبێت پێشتر هاوڵاتیان لە رێگەی کۆڕ و سمینارەوە هوشیار بکرێنەوە لە ناوەرۆکی دەستوور کە ئایا ئەم دەتووڕە گونجاوە بۆ وڵات یان نە تا لە رۆژی راپرسی هاوڵاتیان بتوانن بە هوشیاربیەوە دەنگی خویان لەسەر بدن کە ئەم دەستوورە گونجاوە یان نە. ئەم رێگایە لە هەموو رێگاکانی پێشتر دیموکراتیترە و پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ئەم رێگایە بنووسرێتەوە.

1

مافپەروەر: جەواد مستەفا ستوپەیی

پێکهاتەی دەستوور

دەستووری هەر وڵاتێک چ ئەم وڵاتە دیموکراتی یان دیکتاتوری یاخود سیستەمی دەسەڵات تێدا کۆماری یان پاشایەتی بێت، بریتییە لە کۆمەڵێک بنەمای یاسای بنەڕەتی وڵات کە شێوازی دەوڵەت دیاری دەکات و گەرەنتی بنەڕەتی بۆ مافی تاکەکان دەستەبەر دەکات و دەسەڵاتە گشتیەکانیش رێک دەخات، لەگەڵ دیاری کردنی پەیوەندی نێوان ئەم دەسەڵاتانە. دەستوور بریتییە لە یاسای بنەڕەتی وڵات کە زور لە وڵاتان بە دەستووری وڵاتەکەیان دەڵێن یاسای بنەڕەتی وەک یەکەم دەستووری پاشایەتی دەوڵەتی عێراق کە لە ساڵی 1925 نووسراوەتەوە و تا 1958 کارابوو ،دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران کە لە ساڵی 1979 نووسراوە پێی دەڵێن (قانون اساسی) واتە یاسای بنەڕەتی.

لەرووی میژووییەوە دەستوور زاراوەیەکی فارسییە و لە رێگەی دەوڵەتی عوسمانییەوە هاتووە ناو وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی و جیهانی، کە بە ئینگلیزی پێی دەڵێن (constitution) لە سەدەی هەژدەیەم وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکا ئەم زاراوەیان بەکار هێناوە.

دەستوور لە رووی یاساییەوە سەروەری تەواوی هەیە بەسەر هەموو یاساکانیتری وڵات کە نابێت هیچ یاسایەک کاتێ کە لە دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت ناکۆک یان پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت. هەروەها لە دەوڵەتی فیدراڵیدا نابێت بنەماکانی دەستووری هەرێمەک لە هەرێمەکان ناکۆک یان پێچەوانە بێت لەگەڵ بنەماکانی دەستووری فیدراڵی. ئەگەر هەر مادە یان برگەیەکی دەستووری یەکێک لە هەرێمەکان پێچەوانەی بنەماکانی دەستووری فیدراڵی بێت کار بە دەستووری فیدراڵی دەکرێت و کار بەم مادەیە ناکرێت، چونکە نادەستوورییە و دەبێت پوچەل بکرێتەوە. هەروەها بەگشتی هەر یاسایەک لە دەسەڵاتی یاسادانان دەرچێت پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور بێت ئەم یاسایە نادەستوورییە و نابێت کاری پێ بکرێت. کەواتە دەبێت لە کاتی نووسینەوەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا رەچاوی دەستووری فیدراڵی عێراق بکرێت کە لە ساڵی 2005دا نووسراوەتەوە، نابێت هیچ بنەمایەکی یاسایی دەستووری هەرێمی کوردستان پێچەوانەی دەستووری فیدراڵی بێت.

هەروەها خاڵیکیتری زۆر گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکەم لە هەموو وڵاتانی جیهاندا لە دەوڵەتی فیدراڵیدا پێویستە دەستووری فیدراڵی و دەستووری هەرێمەکان لە رووی نووسینەوە دەستووری بەستەلەک بێت نەک دەستووری نەرم ، بۆ ئەوەی ئەو پارتەی دەبێتە زۆرینەی پەرلەمان نەتوانێت دەستووری وڵات بەپێی بەرژەوەندی حزبی خۆی هەموار بکات یان بیگۆڕێت و مافی تاکەکان پێشێل بکات یان ئەو یاسایانەی لە بەرژەوەندی گشتی وڵاتدا نین جێبەجێ بکات. چونکە هەموار کردنی دەستووری بەستەلەک بە رێی و شوێنی سەختدا تێدەپەڕێت کە ئەم مەرجانەی هەموار کردن یان کۆتایی بە دەستوور هێنان لە خودی دەستووردا دیاری کراون، چونکە پەرلەما کە دەسەڵاتی یاسادانانە ناتوانێت دەستوری بەستەلەک هەموار بکات بەڵام دەتوانێت دەستوری نەرم هەموار بکات. هەر وڵاتێک بە پێی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی دەستوور دەنووسرێتەوە واتە شێوازی نووسینەوەی دەستوور لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە. بۆیە لە خوارەوە بە کورتی باسی شێوازەکانی نووسینەوەی دەستوور دەکەین:

شێوازی نووسینەوەی دەستوور

بە گشتی دەستووری هەر وڵاتێک بە یەکێک لەم چوار رێگایانەی خوارەوە دەنووسرێتەوە:

یەکەم: رێگای پاداشت. دووەم: رێگای گرێبەست. سێیەم: رێگای کۆمەڵەی دامەزرێنەر. چوارەم: رێگای راپرسی گەڵ. کە هەردوو رێگای یەکەم و دووەم رێگای نادیموکراتین و هەردوو رێگای کۆتایی واتە سێیەم و چوارەم رێگای دیموکراتین. چونکە لە هەردوو رێگای یەکەمدا دەستوور بە ویستی سەرۆکی وڵات یان پاشا و دەسەڵاتدارەکان دەنووسرێتەوە بەبێ ویستی گەڵ. بەڵام لە هەردوو رێگای کۆتایدا بە ویستی گەڵ دەنووسرێنەوە بەبێ ویستی سەرۆکی وڵات.

یەکەم: شێوازی پاداشت: بەپێی ئەم رێگایە سەرۆک یان پادشای وڵات بەویستی خۆی دەستووری وڵات دەنووسێتەوە بەبێ ئەوەی پرس بەگەل بکات یان رای گەڵ لەگەلیدابێت، بەلکو بە ویستی خۆی دەنووسێتە وە و وەکو پاداشت پێشکەشی بە گەل دەکات و منەتیشی بەسەر گەلەوە دەکات کە دەستووری وڵاتی نووسیوە، تا هەموو تاکەکان لە ماف و ئەرکەکاندا یەکسان بێت و ستەم لە کەس نەکرێت. بەڵام لە بنەڕەتدا نووسینەوەی دەستوور مافی گەڵە نەک مافی پادشا یان سەرۆکی وڵات، چونکە دەبێت گەل دەستوور بە ویستی خۆی و بەپێی بەرژەوەندی گشتی وڵات بنووسێتەو تا مافەکانی تاک لە هەموو رووێکەوە پارێزراوبن لە ستەمی پاشا و هەموو دەسەڵاتدارەکان.

دووەم: شێوازی گرێبەست: ئەم شێوازە هەندێک لە شێوازی پاداست باشترە چونکە تاڕادەیەکی کەم رای گەلی لەگەڵدایە. لەم شێوازەدا پاشا لەگەڵ گەڵ رێکدەکەوێت کە بە هاوبەشی دەستووری وڵات بینوسنەوە، واتە چەند کەسێک لە نوێنەرانی گەل لەگەل پاشا یاخود سەرۆکی وڵات بە رێکەوتن لە گەڵ ئەم نوێنەرانە بە هاوبەشی دەستووری وڵات دەنووسنەوە. سێیەم: شێوازی کۆمەڵەی دامەزرێنەر: ئەم شێوازە بریتییە لە هەڵبژاردن و دامەزراندنی لێژنەیەکی پسپۆر لە بواری یاسای دەستووری و سیاسەتوانە بە ئەزموونەکان و کەسانی پسپۆر لە بەرێوەبردنی وڵاتدا، ئەم کۆمەڵەیە کە نوێنەری گەڵە دەستووری وڵات دەنووسنەوە و لە کۆتایدا لەسەر کۆی بابەتەکان رێک دەکەون و ئەو بابەتانەی ناکۆکیان لە سەر هەیە لە نێو خۆیاندا دەخەنە دەنگدانەوە و بریاری کۆتایی لەسەر دەدرێت و دواتر راسەوخۆ دەچێتە واری جێبەجێکردنەوەبەبێ ئەوەی بدرێتە راپرسی گەڵ.

چوارەم: شێوازی راپرسی گەڵ: ئەم شێوازە بەهامان شێوەیی کۆمەڵەی دامەزرێنەر دەنووسرێتەوە تەنها جیاوازییەکەی لەوەدایە لە دوای تەواو نووسینەوەی دەستوور و دوا بڕیاردان لەسەری ناچێتە واری جێبەجێ کردنەوە تا نەدرێتە راپرسی گەڵ. کەواتە لە دوای ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەر درا لەلایەن هەمان کۆمەڵەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت رۆژێک بۆ راپسیدان لەسەر دەستوور دیاری دەکرێت، بەڵام دەبێت ماوەیەکی دیاریکراو و گونجاو هەبێت لە نێوان رۆژی راگەیاندنی راپرسی، چونکە ئەنجامدانی راپرسی، چونکە دەبێت پێشتر هاوڵاتیان لە رێگەی کۆڕ و سمینارەوە هوشیار بکرێنەوە لە ناوەرۆکی دەستوور کە ئایا ئەم دەتووڕە گونجاوە بۆ وڵات یان نە تا لە رۆژی راپرسی هاوڵاتیان بتوانن بە هوشیاربیەوە دەنگی خویان لەسەر بدن کە ئەم دەستوورە گونجاوە یان نە. ئەم رێگایە لە هەموو رێگاکانی پێشتر دیموکراتیترە و پێویستە دەستووری هەرێمی کوردستانیش بە هەمان ئەم رێگایە بنووسرێتەوە.

پێشمەرگە.. شکۆ و پارێزەری کورد و کوردستانە



رێبوار حەمەلاو شوانی

بە درێژایی میژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژە هزر و بیری زانایان و فەیلەسووفەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چەمکگەلێکی وەک فیداکاری، بەرخودان و خۆبەختکردن لە پێناو ئامانج و ئارمانجشارێکی مرۆیی. بەو مانایە کە ئەم چەمکانە لە زەینی کۆمەڵگا ، لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک نەخش دەبەستن و بۆ گەیشتن پێیان ئامادەن بێ هیچ چاوەڕوانییەک گیانی خۆیانی بۆ فیدا بکەن و لەو راستایەدا سەختی و دژواری و کەموکوڕی ناناسن و بەردەوام رێ دەبڕن.



لەنێو گەلی کوردیشدا بوونی ئەم جۆرە کەسانە پرسێکی سەلێندراوە، بەو واتایە کە چ لە رابردوودا و چ لە ئێستادا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە هۆی گەیشتن بە لووتکەی بیرکردنەوە و مانای راستەقینەی ژیان، گیان و مالی خۆیان فیدای گەیشتن بە ئازادی، بەرژەوەندی نەتەوەیی و یەکسانی و دادپەروەری کردووە و ئارەزوومەندانە ژیانێکی پراوپڕ بە کەندولەند و هەوراز و نشێو هەڵدەبژێرن. مرۆڤ گەلێک کە ژیان لە لای وان بریتییە لە کۆمەڵێک کات و ساتی جوان و رەنگاڵە کەم ئەم جوانییە بۆ خۆیان پێی دەبەخشن و چاوەڕێی رووداوێک یان هەڵکەوتنی کەشوهەوایەکی گونجاو و لەبار ناکەن و خۆیان خولقێنەرانە، دەی ئافرێنن. ئافرێنەرانی جوانی لە نێو گەلی کورددا بە پێشمەرگە دەناسرێن. پێشمەرگە..کەسێک کە تەنیا و تەنیا بۆ بەختەوەری مرۆڤەکان هەوڵ دەدات و گیانی بۆ ئەم بەختەوەرییە دادەنێت. بەو واتایە کە قارەمانێتی دەنوێنێ. بەڵام قارەمان کێیە ؟ قارەمان بریتییە لەو کەسەی کە لە جەرگەی نەهامەتییەکاندا، کاتێک ئارامی مرۆڤ و مرۆڤایەتی بەرەو لەنێوچوون دەڕوات و چەمکی ژیان لە سنوورەکانی لەنێوچوون نزیک دەبێتەوە. لە لێواریشدا بێت لە مەترسیی تێداچوون رزگاری دەخاتە ژێرپێی سەرکەوتنەکانی خۆی. سەرکەوتنێک کە ئەگەرچی رەنگە نرخەکەی گیانی خۆی بێت بەڵام دەبێتە میوەیەکی بەتام و پڕ نێوەرۆک بۆ نەوەیەک یان چەند نەوە پاش خۆی. پێشمەرگە خۆی لە خەڵک جیا ناکاتەوە و خاوەنی هەر شتێک بێت بە هی خەڵکی دەزانێت، تەنیا مردن نەبێت کە ئامادە نیە لەگەڵ کەسانی دیکە دابەشی بکات. ئەوە بەو مانایە نیە کە پێشمەرگە ئەویندارە مردنە بەڵکو دەرخەری ئەو راستییەیە کە بۆ ژیانکردن مردنیش قبوڵ دەکات و خۆینی خۆی دەکاتە هەوێنی هەرمان و مانەوە و بەرخودان.

پێشمەرگە بەو کەسە دەگوترێت کە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی هێندە لەلا بەرزە کە لە پێناو پاراستنیاندا مەرگی خۆی بۆ دەخاتە سەردەست و لەپێناویدا بەختی دەکات، بەمەیش سینگی خۆی دەکاتە قەڵغان و بەرگری لەو خاکە دەکات کە دەیان ساڵە دوژمنانی کوردو کوردستان لە داگیرکردن و ئەنفال و کیمیاباران و پاکتاوی رەگەزی و بەعەرەبکردن نەک دریغیان نەکردووە بەڵکو دەسەڵاتە یەک لەدوایەکەکان رژد بوون لە جێبەجێکردنی هەمان ئەو پیلانە دوورمەودایەی کەلەناخی شۆڤێنیەکانیاندا گەرای ناوەتەوە. ئەو لەخۆبوردوویەی پێشمەرگە بۆ بەرژەوەندی خودی خۆی نیە بەڵکو بۆئەوەیە کە دوژمنان راوەدوو بنێت و داگیرکەرانی کوردستان وەدەر بنێت و وریایان بکاتەوە لەوەی کە سنوورێک بۆ پێشڕەویەکانیان دابنێنکاتێ باسی پێشمەرگە دەکرێ ئەوا دوژمنان و داگیرکەران باش دەزانن کە ڕووبەرووی چ چیاییەکی بەرز وپۆڵایین دەبنەوە و ناچارن چۆکی بۆ دابنێن و شکستی خۆیان مسۆگەر بکەن.پێشمەرگە، ئەو کەسە لە خۆبردوو و گیانبەخشەیە کە بەدرێژایی میژوو چەندین داستانی قارەمانەی لەگشت ناوچە جیاوازەکانی کوردستان تۆمارکردووە ، هەر لەداستانە پڕلە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک داستانەکانی شەری دەربەندی بازیان و داستانە قارەمانەکانی دەربەندی خان و زۆزک و گەروی عەمەرئاغاو شاخی ئەزمر لەسالی لەشۆڕشی مەزنی ئەیلولدا، کە ئەو داستانانە ئەوکات دەنگدانەوەی لە ئاستی ڕاگەیاندنە جیهانییەکانیش هەبوو ، هەروەها داستانی میژووی خواکورک لەسالی 1988لەشۆڕشی گوڵانی پێشکەتووخوازدا کە ئەمانە هەمووی نیشانەی خەبات و قارەمانیەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانن لەو کاتەدا.هەروەها هەموو جیهان بە هۆی قارەمانی و سەرکەوتنەکانی لە بەرامبەر درندەترین دۆژمنی مرۆڤایەتی بە هێزی زەمینی ناوی هێنراو شانازیی و میژوویی تۆمار کرد . بە شایەتی هەموو جیهانیش هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەدوای هێرشی تیرۆریستی داعیش زۆر بەجەرگانە زۆرترین سەرکەوتنی لەگشت بەرەکانی جەنگدا بەدست هێنا ، تەنانەت سەرجەم چاودێرانی سیاسی جەختی ئەوەیان دەکردەوە کە ئەو سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگە بەدەستی هێناوە هیچ کام لەسوپاکانی وڵاتێکی وەک ئێراق و سووریا نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن.دوای هێرش و پەلاماردانی حەشد و داگیرکەران بەچاوی خۆمان بینیمان کە چۆن هێزی پێشمەرگەی کوردستان زۆر بەجەرگانە توانی لەداستانە قارەمانیەکانی پردێ و مەحمودیە چۆک بە حەشدی شەعبی بدات و بە دوژمنان و داگیرکەران بڵێت گەر بۆ ماوەیەکی کاتیش خاکی کوردستان بە خیانەت داگیر بکەن ئەوا ڕێگە نادرێت شکۆ و ئیرادەی کورد و کوردستان لاواز بکرێ.

وون بوون

ناسنامەی کوردستان T.V بەناوی کامران فتاح حمد وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێلی جۆری ڤالڤۆ حاویە نفایات بەناوی (کۆمپانیای ئاوزیر) مۆدێل ٢٠٠٦ ڕەنگی تینی ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٦٦٥ کاتی دهۆك ژمارەی لاشە YV٢EE٠٠A١٦B٤١٥٧٢١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێستی ئۆتۆمبێلی جۆری شفل تایر حفارە مشترك بەناوی (کۆمپانیای یام) مۆدێل ٢٠٠٣ ڕەنگی زەرد و ڕەش ژمارەی لاشە SLP٣CXTS٢E٠٩٣٨١٢١ وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محكمة تحقيق الشمال

اعلان

الى المفقودين :١- سليم حسن خلف ٢- محسن حسن خلف

قدم السيد / حسن خلف عادو طلبا الى هذه المحكمة حول فقدانك بتاريخ ٢٠١٤/٨/٣ ولمجهولية محل اقامتك تقرر تبليغك بواسطة صحيفتين محليتين ولك حق الاعتراض خلال مدة ثلاثون يوما من تاريخ النشر وفي حالة عدم حضورك سيتم اتخاذ الاجراءات القانونية وفق الاصول

القاضي / علي حسن كريبان

***

مديرية تنفيذ ئاكرى

العدد / ١٣٩٨/ت.د/٢٠١٩

التاريخ / ١٥ /٧ /٢٠١٩

الى / منفذ عليه (مجاهد محمد سعيد)

م / تبليغ بمذكرة الاخبار بالتنفيذ

عليك الاضبارة التنفيذية المرقمة (١٣٩٨ /ت.د/٢٠١٩) بمبلغ قدرة (٢٦٢١٠٠٠) ملايين وستة مائة و واحد وعشرون الف دينار عراقي فقط ونظرا لمجهولية محل اقامتكما حاليا حسب كتاب مركز شرطة كولان المرقم (٢٨٥١) في ٢٠١٩/٧/١١ عليه قررنا تبليغكما عن طريق صحيفتين محليتين يوميتين رسمين للحضور في مديريتنا او ارسال من ينوب عنكما وبعكسه سوف نتخذ الاجراءات القانونية بحقكما بعد مرور الفترة القانونية (١٥) يوما

المنفذ العدل

ناطق نافع صديق

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٨٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (زینب علی حمدامین) کچی (علی حمدامین سایل) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (علی حمدامین اسماعیل) بۆ (علی حمدامین سایل) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەوی ژمارە (١٢٠) کەرتی ٨٧/زیارت, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەڕستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

سەرۆکایەتی لیژنەی یەکەمی زەوی دەست بەسەراگرتن لە هەولێر

ژمارە: ٨٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری

لەسەر داوای هاوڵاتی (عبدالحمید ابوبکر احمد) کوری (ابوبکر احمد حسین) سەرۆکایەتی لێژنەکەمان هەڵساوە بە ڕاستکردنەوەی ناو:- لە (ابابکر احمد حسین) بۆ (ابوبکر احمد حسین) لە بڕیاری تەسویەی پارچە زەویەکانی ژمارە (٧٥ ، ١١٩) کەرتی /٨٢ قیرژە الشرقیە, کە لەسالانی تەسویە بەهەلە تۆمار کراوە, جا هەر کەس و لایەنێك بۆ هەڕستکاری هەیە لەسەر ڕاستکردنەوەی ناوەکە ئاگادارمان بکاتەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەبڵاوکردنەوەی ئاگادارییەکە بەپێچەوانەوە لێژنەکەمان کارەکەی ئەنجام دەدات بەپێی یاسا.

کاروان ابراهیم اسماعیل/ سەرۆکی لیژنە

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٤

ژمارە:١٥٢٢/ش٢٠١٩/٤

ڕێکەوت/ ٢٠١٩/٧/٨

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو (طارق محمود علی) شوێنی دانیشتن نادیارە.

ئەم دادگایە لە داوای ژمارە (١٥٢٢/ ش٢٠١٩/٤) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٥) کە لە دادگای باری کەسی هەولێر دەرچووە دادگا بڕیاریدا بە (ئاگادارکردنەوەت کە داوا) لەسەرت تۆمارکراوە وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بە پێی ئیشعاری موختاری (هەولێر/ گەرەکی شۆرش) بۆیە بڕیاریدا لە پێڕاگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە کە لە هەرێمی کوردستان دەردەچێت تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی (١٠)دە ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنت بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت بەپێی یاسا.

دادوەر/ صباح حسن رشید

***

کۆلێژی بەرێوەبردن و ئابووری سەرچاوە مرۆییەکان

هۆبەی خوێندنی

ژمارە: ١١٩٥/٢/٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

بۆ/ مریوان خلیل ابراهیم/ بەناونیشانی (ی. تۆژەر) لە کۆلێژەکەمان

بیرخستنەوە

دوابەدوای فەرمانی کارگێڕیمان ژمارە ١١٧٤/٢/٤ لە ٢٠١٩/٧/٨ وە لەبەر دابڕانت لە کارەکەت تاکو ئەمڕۆ بەبێ هۆو ئاگاداری ئێمە داوات لێ دەکەین بگەڕێیتەوە سەر کارەکەت لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژ لە ناوەوەی هەرێم بیت وە (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لە دەرەوەی هەرێم بیت بەپێچەوانەوە بەدەست بەردار لە کارەکەت دادەنرێت بەپێی برگەی (٢) ماددەی ٣٧ لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموار کراو کۆتایی بەراژەکەت دەهێنرێت.

پ.د. احلام ابراهیم ولی

ڕاگر

***

زانستی زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

کۆلێژی زانستە ئەندازیاریە کشتو کا ڵیە کا ن

هۆبەی سەرچاوە مرۆییەکان

ژمارە: ١٨٢٤

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٠

بۆ/ خاتوو (میدیا لاس جمال) (ئەندازیاری کشتوکاڵی) لەبەشی پیشەسازی خۆراکی

کۆلێژەکەمان

ئاگادارکردنەوە (اخطار)

لەبەر ئەوەی دەست بەکارنەبوویتەوە لە کۆلێژەکەمان پاش تەواو بوونی مۆڵەتی بێ مووچە لە ڕێکەوتی ٢٠١٨/١٠/٢٦ و لەبەر ئەوەی مامەلەی مۆڵەتی بێ مووچە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دواکەوتووە و مۆڵەتی بێ مووچەی پێندراوە بەپێویستمان زانی ئاگادارکردنەوە (اخطار) ئاراستەتان بکەین بۆ ئەوەی دەست بەکاربێتەوە لە شوێنی کارەکەتان لە ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژ ئەگەر لەناوەوەی هەرێمی کوردستان بێ و (٣٠) سی ڕۆژ ئەگەر لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بێت ئەگەرنا بەپێچەوانەوە سزای یاساییت بەرامبەر دەگرینە بەر.

ل. پ.ی.د. کاوە عبدالکریم علی

ڕاگری کۆلێژ بەوەکالەت

***

ئاگاداری دووەم

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانەوەی شوێنی فۆتۆکۆپی لەناوی بینایەی بەرێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر بەزیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەمواركراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله

ی. بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

ئاگاداری دووەم

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەڵدەستێت بە دووبارە بەکرێ دانەوەی شوێنی فۆتۆکۆپی لەناوی بینایەی بەرێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر بەزیاد کردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ٣٢ ساڵی ١٩٨٦ هەمواركراو ڕێنمایی دارایی ژمارە (٥) ی ساڵی ١٩٨٦ جا هەر کەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەر لە بەرێوەبەرایەتی خانووبەرەی میری لە هەولێر بدات لە ماوەی (١٥) ڕۆژ کە دەست پێ دەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی سەعات (١٠) ی سەر لە بەیانی بە مەرجێك بارمتەی یاسایی (٢٠٪) یەدەگی پێی بێت لەبری پارەی خەملێنراو گشت خەرجیەکانی بەکرێ دانیش لە ئەستۆی کرێچیە.

نزار حسین عبدالله

ی. بەرێوەبەری گشتی بۆ کاروباری خانووبەرەی میری

***

بەرێوبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد

فەرمانگەی دادنووسی مێرگەسۆر

داواکار (عزیز مصطفی لشکری) داوای تۆمارکردنی ئەم ئامێرانەی خوارەوە کردووە لە کارگەی قیری (مێرگەسۆر) لە مێرگەسۆر / کوران / ئاکارەکانیان لەخوارەوە دیاریکراون بەپێ تۆماری میکانیکی ژمارە (٣٣) ی ساڵی (١٩٩٨) بڵاوەکەینەوە هەرکەسێك بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەریەك لەم ئامێرانەی خوارەوە دادەنێت لەماوەی یانزە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێجەوانەوە بە ناوی داواکار تۆمار دەکرێت وە بەناوی دەکرێت .

ئامێرەکان :

١/ مۆلیدەی کارەبا / ac ٧٠٣/ kva ٧٠٣/ بەکارهاتوو / گاز / بۆبەرهەمهێنانی کارەبا – ژمارە ٢٥٢٨٢٩٨٥

٢/ ئامێری خەزنەی قیری شل / بەکارهاتوو / (٥) دانە بێژمارە لەگەل (٢) دوو دینەمۆ ١/ژمارە (١٥٩) ایرانی , ٢/ژمارە (٨٠٧١١٣٨٥١) المانی بۆ خەزن کدرنی قیری شل /کارەبا

٣/هۆپەر (٤) دانە / بەکارهاتوو / تەرهیم / لەگەل (٤) دینەمۆیی کارەبا / هەموان بێژمارەن لەکەڵ (١) قایش بۆ بەرزکردنەوەی مەواد بۆ ناو درایەر بێ ژمارە /بەکارهاتوو .

٤/فلتەر (نوێ) بۆپاراستنی کارگە لەبڵاوبونەوەی تۆزی وشك /بی ژمارە /لەگەل (١) دینەمۆی ژمارە سینی pn١٧٠٩٠٢٤١٧١

٥/ هۆپەر فلتەر (بێ ژمارە) بەکارهاتوو /تەرهیم /بۆ جیاکرنەوەی تۆز لە مەواد / بێ ژمارە /لەگەڵ (٤) دینەمۆی بێ ژمارە (کارەبا)

٦/ ئامێری درایەر بۆ گەرم کردنی مەواد / بەکارهاتوو / بێ ژمارە لەگەڵ (٤) دینەمۆی بێ ژمارە (کارەبا)

٧/ ئامێری (تۆربۆ جیت) بۆ کارپێکردنی ئاگری درایەر /بەکارهاتوو / بێ ژمارە / کارەبا

٨/ ئامێری مسحەد فلەر / بەکارهاتوو / بێ ژمارە / بۆ بەرزکردنەوەی فلەر بۆناوخەزان (کارەبا)

٩/ ئامیری مسحەد مەواد /بەکارهاتوو / ٠٩٠٤٤/ بۆبەرز کردنەوەی مەواد بۆناو خەبیل (کارەبا)٢٠٠٩

١٠/ ئامیری میکسەر / بەکارهاتوو بێ ژمارە / بۆ تێکەلکردنی قیر لەگەل مەواد (کارەبا)لەگەڵ دوو دینەمۆ .

١١/ ئامێری خەزانی مەواد / بەکارهاتوو / بێ ژمارە ٤/ هۆپەری (کارەبا)

١٢ / ئامێری خەزانی قیر / بەکارهاتوو / بێ ژمارە/ ١ هۆپەری کارەبا / ١ دینەمۆ

١٣/ ئامێری خەزانی مەزاد / بەکارهاتوو / بێ ژمارە / (١) جەگ (١) دینەمۆ (کارەبا)

١٤/ئامێری غەربیل / بەکارهاتوو / بێ ژمارە / (١) دینەمۆی کارەبا بۆ جیاکردنەوەی هاوڕ

١٥/ ئامێری خەزانی هایدرۆلیك / بۆ گەرم کردنی قیری کارگە (کارەبا) ژمارە (٢٠١١) لەگەڵ یەك ئامێری بیزنەر (مەشعەل) ژمارە (١٣٨٥٧١) المانی (ts٢١١٠١٢٣)

١٦/کۆنترۆلی کۆمپێتەری / بۆ ریکخستن و کۆنترۆلکردنی تەواوی ئامێرەکان بە ئامێری کۆمپیتەری / لەگەڵ ترانسفۆری کارەبا / نوێ / بی ژمارە

دادنووس / اقدم دینۆ میرزا

***

دادگای باری کەسێتی سلێمانی/٥

ژمارە : ٤٨٦٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری

لەسەر داوای داواکار (بدریە عثمان حمەامین) بۆ ئەم دادگایە بەمەبەستی لەئامێز گرتنی منداڵەکەی(دیاکۆ سالار علی) بەهۆی ئەوەی باوکی ئەو منالّە شوێنی نادیارە. دادگا بڕیاریدا ئاگاداری (سالار علی امین) بکاتەوە بەهۆی یەك ڕۆژنامەی ناوخۆ ئامادەبێت لەم دادگایە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیە کە لە دووەم ڕۆژی دەرچوونەوە هەژمار دەکرێت ئەگەر ئامادەنەبێت لەماوەی دیاریکراودا ئەوا دادگا هەڵدەستێت بە کاری یاسایی.

دادوەری یەکەم

د.سردار علی عزیز

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ١٨٢٩/ش٢٠١٩/٢

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٨

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو : (محمد سعدی هادی)/ شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (نورا فواز خضر) داوای ژمارە (١٨٢٩/ش٢٠١٩/٢) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (استرداد حضانة) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر-تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٣٠)، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای باری کەسی هەولێر/٢

ژمارە: ١٨٢٨/ش٢٠١٩/٢

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٨

جاڕدان

بۆ/ داوالێکراو : (محمد سعدی هادی)/ شوێنی دانیشتنت نادیارە

داواکار (نورا فواز خضر) داوای ژمارە (١٨٢٨/ش٢٠١٩/٢) ی لەم دادگایە لەسەرت تۆمارکردووە، تیایدا داوای (نفقة) دەکات، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (هەولێر-تەیراوە) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێڕاگەیاندنت لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە، بەمەبەستی ئامادەبوونت لەم دادگایە لە ڕۆژی دادبینی (٢٠١٩/٧/٣٠)، بەپێچەوانەوە دادبینی ئەنجام دەدرێ بەشێوەی ئاشکراو پاشملە.

دادوەر/ طارق حسین کریم

***

دادگای کەتن لە هەڵەبجە

ژمارە: ٤٠٠/ج/٢٠١٨

بەروار: ٢٠١٩/٦/١٨

بۆ/ تۆمەتباریی هەڵهاتوو (چۆمان عمر جعفر)

لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری ئەنجوومەنی هەڵبژێراوی هەلەبجە بۆیە ئاگادارت دەکەینەوە کە پێویستە لەبەردەم ئەم دادگایە ئامادەبیت لەڕۆژی ٢٠١٩/٧/٢٩ بەمەبەستی دادگایی کردنت بە گوێرەی ماددەی ٤٤٦ لەیاسای سزاکانی عیراقی وە بپێچەوانەوە ئەگەر ئامادەنەبیت دادگایی دەکرێیت بەپاشملەیی و خۆت بەرپرسیار دەبێت، پاڵپشت بەئەحکامی ماددەی ١٤٣/ج لەیاسایی بنچینە دادگاییە سزاییەکان.

دادوەر/ محمد شفیق حمه

***

بەرێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی هەولێر

ژمارەی دۆسیە: ٢٠١٩/٢١٧٥

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

ئاگاداری

بۆ/ فرج الله یداله روستم

لەبەر نەزانین و نادیاری شوێنی نیشتەجێ بوونت, بڕیە بەپێی ماددەی (٢٧) لەیاسای جێ بەجێ کردن, بڕیاردرا لەڕێگای ڕۆژنامەیەکی ناوخۆوە پێت ڕابگەیەنین تا لەماوەی (١٥) ڕۆژ لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە بەردەم بەرێوەبەرایەتی یە ئامادە بێت بۆ ئەنجامدانی ڕێکارەکانی جێ بەجێ کردنی دانەوەی قەرزی (سامان سلیمان شکری) کە بڕی (٤٨,٠٠٠,٠٠٠) ملیۆن دینارە لەبری کۆمپانیای ڕێکخراو ئەگەرنا بەپێی یاسا ناچار دەکرێیت قەرزەکە بدەیتەوە.

جێبەجێکاری داد/ هەردی حمدامین همزه

***

دادگای بەرایی هەولێر/١

ژمارە/ ١٢٥٥/ب٢٠١٩/١

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥

جاردان

بۆ/ داوالێکراو (محمد عبدالله احمد)

داواکار (ابراهیم احمد حمد و هاوبەشەکانی) داوای ژمارە (١٢٥٥/ ب٢٠١٩/١)ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لە سەرتان بە نەهێشتنی هاوبەشی لە مولکی ژمارە (١٨/٩٦) کەرتی ٤٦ وارش، وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری (پارێزگای هەولێر/ گەرەکی کوردستان) لە ٢٠١٩/٦/٢٤ بۆیە ئەم دادگایە بڕیاری دا بە پێڕاگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی ئامادە بوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی (٢٠١٩/٧/٣١) کات (٩)ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادبینی بە پاشملە ئەنجام دەدرێت.

دادوەری یەکەم / مجید سعید برادۆستی

***

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (الحزمە) بۆ بازرگانی گشتی و ئەلیکترۆنی/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر/ بەوەکالەت

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٤٩٥٧

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٧

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (INTEGRAL) بۆ (بازرگانی گشتی/ سنووردار) وە پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بڕیارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بڕیارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئاراس ڕۆوف عارف

بەرێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

***

بەرێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان

بەرێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر

بەشی یاسا

ژمارە: ١٢٦١٢

ڕێکەوت: ٢٠١٩/٧/٩

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (الحزمە) بۆ بازرگانی گشتی و ئەلیکترۆنی/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (الحزمە) بۆ بازرگانی گشتی و ئەلیکترۆنی/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٦/٢٥) تاییەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سالار رسول حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/٧/٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەرێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

سەرۆکایەتی لێژنەی بریاری ٢٢٢
سالّی ١٩٧٧
ژمارە: ٢٣١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥
ئاگاداری
ئاگاداری خاوەن پارچە زەوی ژمارە (٥٣) کەرتی ٧٩/گـراو و زەوی ژمارە (٩ و ٨٧) کەرتی ٨١/ قیـرژە هاوولّاتیان (سامان صابر احمد و فـؤاد عبدالعزیـز سلیمان و هونـر فـؤاد عبدالعزیـز) دەکەینـەوە کـەوا لێژنـەی بریـاری (٢٢٢) سـالّی ١٩٧٧ هەلّدەسـتێت بـە کۆزاندنـەوەی پارچـە زەوی ئامـاژە پێکـراو بـۆ بەرژەوەنـدی سـەرۆکایەتی شـارەوانی سـەری بلّنـد جـا بـە خۆتـان یـان بریکاردارتـان ئامادەبـن لـە رۆژی ٢٠١٩/٨/١٢ بـۆ کەشـف بـۆ سـەر پارچـە زەویـەکـە ئەگـەر نـا بـە پێچەوانـەوە لێژنەکـە کـاری یاسـایی خـۆی ئەنجـام دەدات.
د.عبدالرحیم عمر مصطفی
سەرۆکی لێژنە
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٤
ژمارە:٣٣٥٣/ش٢٠١٧/٤
رێکەوت:٢٠١٩/٧/١٠
جاردان
بۆ/ داوالێکراو (زیاد یاسین طه) شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار (سـاکار صـلاح احمـد) داوای ژمـارە (٣٣٥٣/ش٢٠١٧/٤)ی لـەم دادگایـە لەسـەرت تۆمارکـردووە تیایـدا داوای (پەسـندکردنی طـلاق خارجـی) دەکات لـە تـۆ، وە لەبـەر ئـەوەی شـوێنی دانیشـتنت نادیـارە بەپێـی اشـعارەی مختـاری (ئیسـکان) بۆیـە دادگا بریـاری دا بەپـێ راگەیاندنـت لـە رێگـەی دوو رۆژنامـەی ناوخۆیـی رۆژانـە بەمەبەسـتی ئامادەبوونـت لـەم دادگایـە لـە رۆژی دادبینـی ٢٠١٩/٨/٧ بەپێچەوانـەوە دادبینـی ئەنجـام دەدرێ بـە شـێوەی ئاشـکراو پاشـملە.
دادوەر/ صباح حسن رشید
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٨٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٩١)
پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی رادەگەێنێـت بـۆ پـرۆژەی (ئامادەکردنـی خواردنـی نەخۆشـخانەکانی سـنووری بەرێوەبەرایەتـی گشـتی تەندروسـتی کۆیـە) (بەرێوەبەرایەتـی گشـتی تەندروسـتی کۆیـە) پێـی هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـەدر و کۆمپانیایـەک ئـارەزووی بەشـداربوونی هەیـە بـا سـەر لەبەرێوەبەرایەتـی ژمێریاریـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەک لەتەنـدر و مەرجەکانـی بەڵێندەرایەتـی پـرۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـک وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لێژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ رۆژی (یـەک شـەممە) رێکەوتـی ٢٨ / ٧ / ٢٠١٩ دەبێـت.
وە مـەرج نییـە فەرمانگەکەمـان بەنزمتریـن نرخـی تەنـدەر رازی بێـت، وە کرێـی بڵّاوکردنـەوەی راگەیاندنـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە کـەم کردنـەوەی لەسـەر دەگیرسـێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیـا تایبەتمەنـد بێـت بەدابیـن کردنـی خۆراک.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بارمتەی سەرەتایی ١٥,٠٠٠,٠٠٠ پانزدە ملیۆن دینار بە چەک یان دەستەبەری بانکی.
- سـزای دواکەوتـن بەپێـی خشـتەی ئامادەکـراو لـە تەنـدەر.
- فرۆشـتنی تەنـدەر (٧٥,٠٠٠) حەفتـاو پێنـج هـەزار دینـار کـە ناگەرێتـەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٨٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٩٢)
پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی رادەگەێنێـت بـۆ پـرۆژەی (پاککردنـەوەی نەخۆشـخانەکانی سـنووری بەرێوەبەرایەتـی گشـتی تەندروسـتی کۆیـە) کـە (بەرێوەبەرایەتـی گشـتی تەندروسـتی کۆیـە) پێـی هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـەدر و کۆمپانیایـەک ئـارەزووی بەشـداربوونی هەیـە بـا سـەر لەبەرێوەبەرایەتـی ژمێریاریـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەک لەتەنـدر و مەرجەکانـی بەڵێندەرایەتـی پـرۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـک وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لێژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ رۆژی (یـەک شـەممە) رێکەوتـی ٢٨ / ٧ / ٢٠١٩ دەبێـت.
وە مـەرج نییـە فەرمانگەکەمـان بەنزمتریـن نرخـی تەنـدەر رازی بێـت، وە کرێـی بڵّاوکردنـەوەی راگەیاندنـی دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو کەسـەی کـە کـەم کردنـەوەی لەسـەر دەگیرسـێتەوە.
مەرجەکانی وەگرتنی تەندەر:
- کۆمپانیـا تایبەتمەنـد بێـت بەدابیـن کردنـی خۆراک.
- باجی دەرامەت نوێ کراو بێت.
- بارمتەی سەرەتایی ١٥,٠٠٠,٠٠٠ پانزدە ملیۆن دینار بە چەک یان دەستەبەری بانکی.
- سـزای دواکەوتـن بەپێـی خشـتەی ئامادەکـراو لـە تەنـدەر.
- فرۆشـتنی تەنـدەر (٧٥,٠٠٠) حەفتـاو پێنـج هـەزار دینـار کـە ناگەرێتـەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
پارێزگای هەولێر
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتییەکان
ژمارە: ١٨٤
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١١
ئاگاداری
کەم کردنەوەی نهێنی / ژمارە (٩٠)
پارێـزگای هەولێـر/ بەڕێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتییەکان / کـەم کردنـەوەی نهێنـی رادەگەێنێـت بـۆ پـرۆژەی (دروسـتکردنی دیـواری پاڵپشـت بـۆ رێـگای هاملتـۆن پشـت مـەزاری شـێخی باڵـەک لـە ناحیـەی حاجـی ئۆمـەران/ قـەزای چۆمـان/ پارێـزگای هەولێـر) کـە (بەرێوەبەرایەتـی گشـتی شـارەوانییەکانی هەولێـر) پێـی هەڵدەسـتێت. جـا هـەر بەڵێنـەدر و کۆمپانیایـەک ئـارەزووی بەشـداربوونی هەیـە بـا سـەر لەبەرێوەبەرایەتـی ژمێریاریـان بـدەن بەمەبەسـتی وەرگرتنـی وێنەیـەک لەتەنـدەر و مەرجەکانـی بەڵێندەرایەتـی پـرۆژەی سـەرەوە بەمەرجێـک وەرگرتنـی ئـەو تەندەرانـە دەبـێ لەنـاو زەرفێکـی مۆرکـراو دابـێ و وە ناونیشـانی بەڵێنـدەر یـا کۆمپانیـا لەسـەر نـووسراو بێـت و پێشـکەش بەسـکرتێری لێژنـەی کردنـەوەی تەنـدەرەکان لەدیوانـی پارێـزگای هەولێـر / کارگێـڕی خۆجـێ یەتـی بکـرێ وە دوا کاتیـش بـۆ وەرگرتنـەوەی تەنـدەرەکان کاتژمێـر (١٢)ی نیـوەڕۆ رۆژی (یـەک شـەممە) رێکەوتـی ٢٨ / ٧ / ٢٠١٩ دەبێـت.
- بەڵێننامـەی نـووسراو بـۆ دەسـتەبەرکردنی تەنـدەر (التعهـد الخطـی) لەنێـوان بەرێوەبەرایەتـی گرێبەسـتە گشـتیەکان و بەڵێنـدەر.
- دەبێـت ناسـنامەی کۆمپانیـا و یەکێتـی بەڵێنـدەران نـوێ کـراوە بێـت و لەگـەل خـۆی بێنێـت و بەنـاوی خـۆی بێـت ئەگـەر بەنـاوی خـۆی نەبێـت دەبێـت نـووسراوی رێپێـدان لەلایـەن کۆمپانیـا بێنێـت.
- فرۆشـتنی تەنـدەر (٧٥,٠٠٠) حەفتـاو پێنـج هـەزار دینـار کـە ناگەرێتـەوە.
نوزاد هادی مولود
پارێزگاری هەولێر
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنـەی فرۆشـتن وبەکرێدانـی دووەم لـە بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ١٠٠/٤٠
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥
ئاگاداری
لیژنـەی سـەرەوە هەڵدەسـتی بـە بەکرێدانـی (٦) شـوێن مولکـی شـارەوانی لەسـەر بەشـێکی زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) بەمزایـەدەی ئاشـکرا بـەم شـێوەی کـە لـە خـوارەوە دیـار کـراوە ئەوکەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا باسـەر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی قوشـتەپە بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٦ / ٨ /٢٠١٩ کات ١٢:٣٠ دوانـزە و نیـوی نیـوەرۆ لـە رۆژی دیـار کـراو کرێگرتـەش دەبـێ بارمتـەی یاسـایی بەرێـژەی (٢٠٪) لەکـرێ ی خەملێنـدراو بـۆ بەرێـژەی (٢٠٪) لەکـرێ ی بڵّاوکردنـەوە وخەرجـی تریـش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـۆی.
١- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (پێشـانگای جـل و بـەرگ) زنجیـرە (١٧) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٤٧٥م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٠ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٢- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (مارکێـت) زنجیـرە (١٨) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٤٨٠م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٠ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٣- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (پێشـانگا و کـەل و پەلـی ناومـاڵ) زنجیـرە (١٩) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٤٨٠م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٠ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٤- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (مارکێـت) زنجیـرە (٢٠) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٤٨٠م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٠ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٥- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (نورینگـە) زنجیـرە (٢١) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٥٣ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٤٨٠م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٠ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٦- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی (بـازاری هاوچـەرخ) زنجیـرە (١) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٢٩/٧ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەری زەوی بـەم٢/٨٠٠م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ ١م٢/ ٥٠٠٠ پێنـج هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/١٥ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە
بەرێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ١٠٠/٤١
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥
ئاگاداری
لیژنـەی سـەرەوە بـۆ جـاری دووەم هەڵدەسـتی بـە بەکرێدانـی (١) شـوێنی مارکێـت (٩) دوکان مولکـی شـارەوانی بـەم شـێوەی کـە لـە خـوارەوە دیـار کـراوە ئەوکەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لـە زیادکردنـی ئاشـکرا باسـەر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی قوشـتەپە بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٦ / ٨ /٢٠١٩ کات ١٢:٣٠ دوانـزە و نیـوی نیـوەرۆ لـە رۆژی دیـار کـراو کرێگرتـەش دەبـێ بارمتـەی یاسـایی بەرێـژەی (٢٠٪) لەکـرێ ی خەملێنـدراو لەگـەل خـۆی بەنـی کـرێ ی بڵّاوکردنـەوە وخەرجـی تریـش دەکەوێتـە ئەسـتۆی خـۆی.
١- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ (٨) دوکان لـە کۆمەڵگـای وروسـت لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٣٩/٩ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەر بـەم١٠/٢م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٢- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ (مارکێـت) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٢٩/٧ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەر بـەم٣٣٠/٢م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٧٥٠٠٠٠ حەفـت سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٣- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی دوکانـی ژمـارە (١١) لـە کۆمەڵـگای مـزوری لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٣٩/٧ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەر بـەم١٠/٢م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***
وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
بەرێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن وبەکرێدانی دووەم لە
بەرێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
ژمارە: ١٠٠/٣٩
رێکەوت: ٢٠١٩/٧/١٥
ئاگاداری
دوابـەدوای ئاگادارییـان ژمـارە (٢٥) لـە ٢٠١٩/٥/٢٦ لەبـەر هەڵسـانی هاوولّاتـی (جـەال کـەال حمدامیـن) بـە شـکاندنەوەی مزایـدەی بەکرێدانـی شـوێنی هەنگەوانـی لەسـەر زەوی ژمـارە (١/٢٤٨١ ك ٩٥ کەسـنەزان) لیژنـەی سـەرەوە هەڵدەسـتێ بـە دووبـارە بەکرێدانـەوەی بـەم شـێوەی کـە لـە خـوارەوە دیارکـراو بەزیادکردنـی ئاشـکرا ئـەو کەسـەی نیـازی بەشـداربوونی هەیـە لەزیادکردنکـە باسـەر لـە سـەرۆکایەتی شـارەوانی کەسـنەزان بـدات مزایدەکـە ئەنجـام دەدرێـت لـە رێکەوتـی ٢٠١٩/٨/٦ کات ١٢:٣٠ دوانـزەو نیـوی نیـوەرۆ لـە رۆژی دیاریکـراو کرێگرتـەش دەبـێ بارمتـەی یاسـایی بەرێـژەی (٢٠٪) لەکـرێ ی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٢- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ (مارکێـت) لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٢٩/٧ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەر بـەم٣٣٠/٢م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٧٥٠٠٠٠ حەفـت سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
٣- ژمارەوجـۆری مولـک وشـوێن/ شـوێنی دوکانـی ژمـارە (١١) لـە کۆمەڵـگای مـزوری لەسـەر بەشـێک لـە پارچـە زەوی ژمـارە (٣٩/٧ ك ١٠١ قوشـتەپە) رووبـەر بـەم١٠/٢م٢ کـرێ ی سـاڵانەی خەملێنـدراو بـۆ هـەر دوکانێـک/ ٢٥٠٠٠٠ دوو سـەدو پەنجـا هـەزار دینـار مـاوەی بەکرێـدان/٣ سـاڵ بـە زیـاد کردنـی ئاشـکرا.
ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەرێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
***

پراگەیاندنی تەندەر

دەزگای خێرخوازیی باررزانی، دەزگایەکی مرۆیی قازانج نەویستی ناحکومی یە، داوا لە کۆمپانیا تومارکراوەکانی بواری تەندروستی دەکات بۆ بەشداری کردن لە تەندەری دابینکردنی دەرمان و پێداویستی تاقیگە و پێداویستی ددان و کەل و پەلی تەندروستی.

شوێن	ناوی پرۆژە
پارێزگای هەولێر، گەڕەکی هەولێری نوێ نزیک کۆمەڵگای ماس ستی	پرۆژەی پێداویستی تەندروستی رێکخراوی ئێڵ دی ئیسی ئەمریکی بەهاوکاری لەگەڵ بی سی ئێف

هەرکۆمپانیایەک ئارەزوومەندە لە بەشداری کردن، دەبێت پێش کاتژمێر 11:00ی بەیانی لە ئۆفیسی هەولێر، دەزگای خێرخوازیی باررزانی لەگەڕەکی هەولێری نوێ ئامادەبێت بۆ وەرگرتنی تەندەر.

رۆژانی وەرگرتنی تەندەر(٢٠١٩/٠٧/١٥ تا ٢٠١٩/٠٧/٢١) دەبێت.

گەڕاندنەوەی تەندەر (٢٠١٩/٠٧/٢٢) دەبێت، تەندەری پرکراوە پێویستە پێش کاتژمێر 11:00ی بەیانی بگەڕێندرێتەوە هەمان شوێن.

پرۆسەی کردنەوەی تەندەرلە کاتژمێر 11:30ی بەیانی دەبێت، هاوکاتی رۆژی گەڕاندنەوە دەبێت، هەر کۆمپانیایەکی بەشداربوو پێویستە نوێنەرەکەی ئامادە بێت لە پرۆسەی کردنەوەی تەندەر.

"پێویستیەکانی کۆمپانیا بۆ بەشداربوون لە تەندەر"

1. **کۆمپانیای بەشداربوو دەبێ ئەم داواکاریانەی خوارەوە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت بۆ وەرگرتنی تەندەر.**
   - کۆمپانیا دەبێ لە بواری تەندروستی بێت (الشركة الأدوية والمستلزمات الطبية)
   - ناسنامەی کۆمپانیا (هوية تصنيف الشركة).
   - تابلۆی کارنامە (الشهادة الجداريه).
   - پرۆفایلی کۆمپانیا ئەگەر هەبێ.
   - بڕیاری کارگێڕی (امر اداری).
   - گرێبەستی دامەزراندن (عقد تأسيس).

2. **هەرکۆمپانیایەک پێویستە بڕی ٢٠٠،٠٠٠ دینار بدات بۆ وەرگرتنی پەراوی تەندەر.**

المركز الرئيسي:
بناية مجموعة فاروق القابضة،
شارع سالم، السليمانية، العراق.
ص.ب: A 52-0176 B , 115516
تلفون: 1811 330 53 964 +
فاكس: 1812 330 53 964 +
care@asiainsurance.net
www.asiainsurance.net

ASIA INSURANCE COMPANY
شركة اسيا للتأمين

السليمانية في 2019/07/15

السادة مساهمي شركة اسيا للتأمين/مساهمة خاصة ،

تحية طيبة و بعد ،

دعوة الى عقد اجتماع الهيئة العامة للشركة

عملا بأحكام المواد 87 و 88 من قانون الشركات رقم 21 لسنة 1997 المعدل لسنة 2004 اتشرف بدعوتكم لحضور اجتماع الهيئة العامة للشركة والذي سيعقد في فندق كراند ميلينيوم (شاري جوان) – السليمانية و ذلك في تمام الساعة الرابعة من ظهر يوم الاربعاء الموافق 2019/07/31 ، **وذلك للنظر في الامور التالية :**

1- **مناقشة تقرير مجلس الادارة و الخطة المستقبلية للشركة.**
2- **مناقشة حسابات الشركة وبياناتها المالية للسنة المنتهية في 2018/12/31 والمصادقة عليها.**
3- **ابراء ذمة رئيس واعضاء مجلس الادارة عن السنة المنتهية في 2018/12/31 .**
4- **تعيين مدقق حسابات الشركة للسنة المالية 2019 وتفويض مجلس الادارة بتحديد اتعابه .**
5- **مناقشة الارباح المتحققة و اتخاذ القرار المناسب بشأنها.**
6- **اية امور اخرى تقترح الهيئة العامة ادراجها على جدول الاعمال بموجب القانون ومما يدخل في نطاق اختصاصها .**

نرجو حضوركم شخصيا او من ينوب عنكم من المساهمين بموجب صك الانابة او من الغير بموجب وكالة مصدقة مع ضرورة ايداع الانابات والوكالات في مركز الشركة قبل مدة لا تقل عن ثلاثة ايام من التاريخ المحدد لعقد الاجتماع وفقا للمادة 91 من القانون المذكور اعلاه . و في حال عدم تحقق النصاب القانوني يتم تأجيل الاجتماع الى يوم الاربعاء الموافق 2019/08/07 بنفس التوقيت و المكان.

مع التقدير.....

عمر حسين احمد
رئيس مجلس الادارة

يرجى زيارة الموقع الالكتروني للشركة للاطلاع على البيانات المالية www.asiainsurance.net
للاستفسار: مسؤول قسم المساهمين : شيماء محمد غريب - الهاتف 07723335212

- نسخة الى مراقب الحسابات :السيد نارس محمد سعيد .


كۆمپانیای ئاسیا بۆ تەئمین
شركة آسيا للتأمين
3

عضو في فاروق القابضة

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1856:
بە سەرپەرشتی حکومەتی فەرەنسا ، دەست بە هەڵکەندنی نۆکەندی سوێس کرا .



سالی 1863:
بۆ ڕۆژی چوارەم و وەک دەبڕینی ناڕەزایی بەرامبەر بە یاسای سەربازگیری ، تۆندوتیژیی لە شاری نیویۆرک بەردەوام بوو .



سالی 1952:
نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند کە ئەریتیریا وڵاتێکی سەربەخۆیە .



سالی 1979:
ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی پێشووتری عیراق دەستی لەکار کێشایەوە .



سالی 1990:
بومەلەرزەیەک بە گوڕی **7.7**پلە لە فلپین رووید‌ا و **1600** گیانیان لەدەست دا .



سالی 2004:
لە ئەنجامی کەوتنەوەی ئاگر لە یەکێک لە قوتابخانەکانی باشووری هیند **90** منداڵ گیانیان لەدەست دا .

سووریا... بەرەو کام چارەنووس؟



فایز سارە

ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی کە چەند ڕۆژێک پێش ئێستا باڵاو بووەتەوە، ئاماژە بەوە دەکات، سێ وڵات بە تەمان سامانە سەرەکییەکانی سووریا لەنێوانی خۆیاندا دابەش بکەن، ڕاپۆرتەکە دووپاتی دەکاتەوە (فۆسفات بۆ ڕووسیا ، نەوت بۆ ئەمریکا و زەیتونیش بۆ تورکیا)یە.

ئەگەر ناوەڕۆکی ئەو هەواڵە ڕاست بێت، ڕاپۆرتەکە بۆ ئەوە دەست دەدات، هێما بێت بۆ گەیشتنی سووریا بەو ڕەوشە، لە دابەشکردنی وڵات و دزینی توناکانی دارایی و قۆرخکردنی توانا‌کانی مرۆیی، کە بۆ زلهێزەکانی ژینوار(واقع) لە وڵات و کۆمەڵەکان بووەتە شتێکی باو ، ئەوانەی لە سااڵنی ڕابردوودا، دەستیان لە کێشەی سووریا وەر داوە. ئەگەر سااڵنی ملمانێی ڕابردوو لە سووریا ، بووبێتە هۆی گۆڕانی بەردەوام لە نەخشەکانی ژینواردا، نەخشەی ئێستا ، وا لە سووریا دەکات، بەسەر چوار قەوارە دابەش ببێت، یەکەمیان، کە ڕووبەری لە هەموان گەورەترە، قەوارەیەکی هاوبەشە بۆ هاوپەیمانییەتی ڕژێمەکەی ئەسەد، لەگەڵ ئێرانی و ڕووسیەکاندا، ئەویش لە کەنارەوە بۆ ناوەڕاستی وڵات، لە حەلەب لە باکوورەوە بۆ ئەوپەڕی باشووری لە دەرعا ، سویدا، چەند دوورگەیەکی دیاریکراو لە ڕۆژهەاڵت و باکووری ڕۆژهەاڵت، لەنێوان حەسەکە و دێرەزور دڕێژ دەبێتەوە، لەوکاتەی ئەمریکا باڵادەستی خۆی بەسەر قەوارەی دووەم سەپاندووە، بە دڕێژایی بەشێکی زۆر لە دوورگەی سووریا ، تاکوو دەگاتە دەوروبەری دێرەزور لە ڕۆژهەاڵت و حەلەب لە باکووردا، ناوچەکەش لەلایەن هاوپەیمانەکانی لە ئەنجومەنی دێموکراتی سووریا ، لە دەوروبەری دێرەزور و بەشێکی لە دەشتاییەکانی سووریا دەبێت. قەوارەی سێیەم کە لەژێر دەستی پاشماوەی داعش دایە و تاکوو ئەو ڕێکخراوە بمێنێتەوە. قەوارەی چوارەم و کۆتایی لە ئیدلب و چواردەوری دایە ، ئەویش بەرەو دەشتییەکانی حەلەب، حەما و لازقیە دەڕوات، ئەو قەوارەیەش، بە بازنەی هەژموونی و دەسەاڵتی تورکیا دادەنرێت، هەرچەندە چەند هێزێکی چەکداری خۆمالیشی تێدایە، کە هەندێکیان لایەنگر و هەندێکیشیان لەدژی مانەوەی تورکیان. وەکو ڕوونە، ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ دەکات، لە دابەشکردنی هەندێ سامانی سووریا ، پەیوەستە بە ڕەوشی قەوارەکانی ئێستاوە، کە کاریگەر نابێت و دەستیش بەسەر سامانە سەرەکییەکان، بەڵکو بەسەر هەموو سەرچاوە بەردەستەکاندا دەگرێت، ئەوەش ئەو ڕەفتارەیە کە دەسەاڵتدارانی ژینوار بەرجەستەیان کرد، لەگەڵ دەستکردن بە پرچەککردن و بەسەربازییبوون و دامەزراندنی ڕێکخراوە چەکدارەکاندا، هەندێکیش ڕژێمەکەی ئەسەد بانگی کردن، یان بە بوونیان ڕازی بوو ، کە مانای نانەوەی پشێوی و داکۆتانی وتەکانییەتی، لەبارەی تیرۆر، دەستوەردانی دەرەکیی و جەنگیی گەردوونی لەدژی. ئەگەر پێکهاتە چەکدارەکان دەستیان بەسەر توانا و سەرچاوەکاندا گرت، لەو شوێنانەی لەبەردەستی خۆیاندایە، لە زۆربەی شوێن و کاتەکانیش دووبارەیان کردەوە، لەژێر پاساو و هەنجەتی هەمەجۆردا، هەندێک ڕێکخراو دەستگرتن بەسەر مووڵکی چەکداری خۆمالیشی تێدایە، کە هەندێکیان لایەنگر و هەندێکیشیان لەدژی مانەوەی تورکیان. وەکو ڕوونە، ئەوەی ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ دەکات، لە دابەشکردنی هەندێ سامانی سووریا ، پەیوەستە بە ڕەوشی قەوارەکانی ئێستاوە، کە کاریگەر نابێت و دەستیش بەسەر سامانە سەرەکییەکان، بەڵکو بەسەر هەموو سەرچاوە بەردەستەکاندا دەگرێت، ئەوەش ئەو ڕەفتارەیە کە دەسەاڵتدارانی ژینوار بەرجەستەیان کرد، لەگەڵ دەستکردن بە پرچەککردن و بەسەربازییبوون و دامەزراندنی ڕێکخراوە چەکدارەکاندا، هەندێکیش ڕژێمەکەی ئەسەد بانگی وەرگرتنی سەرانەی ڕەتبوون، بۆ باربووکردنی پێکهاتە چەکدارەکاندا کردووە. پێویست ناکات دووپاتی بکەینەوە، ئەو جۆرە لە ڕێوشوێنی پێکهاتە چەکدارەکان، لە ئیدلب و دەوروبەری بەردەوامە، کە تورکیا خۆی لێیان بێدەنگ کردووە، یان پێیان ڕازیبە، بەتایبەتی لە وەرگرتنی سەرانەی ڕەتبووندا، کە ڕۆڵی لە پێکهێنانی پێکهاتەی لایەنگری تورکیادا دەبێت. وەلێ ئەو جۆرە دەستگرتنە بەسەر سامانەکان لە بارودۆخی سووریا ، بە مەترسیی گەورە دانانرێت، چونکە بەزۆری دەست بەسەرداگرتنی کاتیی و دیاریکراوە لە کات و شوێنێکدا، ئەوەش گرووپە چەکدارەکان لە سااڵنی ڕابردوودا سەلماندوویانە، زۆربەشیان کۆتایان پێ هاتووە، بە گرووپە تیرۆریستە تۆندڕەوەکانیشەوە، هەندێکیشیان بوون و هەژموونیان بە شێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە. ئەگەر چوارچێوەیەک هەبێت، بۆ ئەوەی ڕێکەوتن و ڕێوشوێنەکانی دابەشکردنی تواناکان و لووشکردنی لەنێو دابنرێت، کەمترین مەترسیی، پەیوارەکان (غائب) لە دانیشتووان، ڕێگەنەدان بە کەسانی نزیکیشیان دەستکاریی بکەن، دووەم: سەپاندنی سەربازییکردنی زۆرەملێ بەسەر سووریەکان و هاندانیان بۆ جەنگان لەدژی ئەوانی دیکە، ئەو دوو ڕێوشوێنەش، هاوشێوەی ڕەفتاری ڕژێمەکەی ئەسەدە، لەو شوێنانەی لەژێر دەسەاڵتی خۆی دان. ڕێوشوێنی دابەشکردنی سامانەکان و لووشکردنی دەگاتە لوتکە، لەوەی ڕژێمەکەی ئەسەد، لەگەڵ هاوپەیمانەکانی ئێرانی و ڕووسەکان ئەنجامی دەدات، کە زۆربەی سامان و توناکانی سووریا بەو دووانەوە گرێدراوە. ڕژێم لەگەڵ ئەو دوو لایەنە، سەدەها ڕێکەوتنی دڕێژخایەنی کردووە، کە زۆربەی کەرتەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریی دەگرێتەوە، لەوانە چەند ڕێکەوتنێکی پەیوەست بە بەرهەمهێنانی نەوت، غاز، فۆسفات و گەشتوگوزار لەگەڵ ڕووسیا، کە سااڵنی **2018** هاتنی **80** کۆمپانیای ڕووسی، بۆ پێکەوتن بە ئاسۆی کارکردنیان لە سووریادا تۆمارکرد، هەموو ئەوانەش دەخرێتە سەر ڕێکەوتنی ستراتیژیی نێوان ڕووسیا و ڕژێمەکەی ئەسەد، کە بوونی سەربازیی ڕووسیا لە سووریا و دەستوەردانی مۆسکۆ لە ساڵنی **2015**، بۆ پشتیوانیکردن لە ڕژێمەکەی ئەسەد و پاراستنی لە کەوتن ڕێکدەخات. ئاسایە، ئێرانیش پێگەیەکی جیاووکی (ممیز) لە ڕێکەوتنەکانی لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسەددا هەبێت، کە چەندین بواری وەکو کشتوکاڵ، نەوت، پیشەسازیی، سامانی ئاژاڵ و بەندەرەکان دەگرێتەوە، زێدەباری زیادکردنی هەناردەکانی، کە لە ساڵی **2012**وە، لە دانی باج بووراوە، ئەوەی بەهای ڕێکەوتنەکانیشی لەگەڵ ڕژێم قایمتر کردووە، ئەو ڕێوشوێنانەیە، کە ئێران لە پەلهاویشتن لەنێو کۆمەڵگە و دامودەزگاکانی ڕژێمی دەسەاڵتدار گرتوویەتیە بەر، بۆ پتەوکردنی چالاکییەکانی لە بەشیعەکردن، بڵاوکردنەوەی کولتووری خۆی، دروستکردنی حوسەینییەی زیاتر و کڕینی زەوی نیشتەجێبوون و بازرگانیی زیاتر، لە ڕێگەی داهێنانی گۆڕانکاریی دیمۆگرافی، بەتایبەتی لە دیمەشق و چواردەوریدا.

و ڕەمزی میرەکانی

سەرچاوە:
www.aawsat.com



www.xebat.net
ژمارە (5790) 2019/7/16 ساڵی شەممە

ئەنقەرە سیستەمی موشکی ئێس 400ی رووسی دەکڕێ و ئەمەریکاش هەڕەشە دەکات

ئا: عەبدولقادر کەڵهۆڕ

ئەلێکسی بۆشکۆف کە سیناتۆرێکی روسیە گوتی، فرۆشتنی چەکی ئەمەریکایی بە ئەندامانی هاوپەیمانی ناتۆ یەکێکە لەئامانجەکانی ئەو هاوپەیمانیەتییە، ئەوەش بە پێی بۆچوونی بۆشکۆف نادادپەروەری و نایەکسانییە لە نێوان ئەندامەکانی هاوپەیمانیەتی ناتۆ.



لە هەمبەر ئەگەری سزاکانی ئەمەریکا بۆ تورکیا بەهۆی کڕینی سیستەمی موشەکی روسی ئێس 400 بۆشکۆف گوتی، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزا بەسەر تورکیا دەسەپێنێت چونکە دەبوایە تورکیا بەناچاری سیستەمی موشەکی پاتریۆت بکڕێت کە ئەسڵەن پێویستی پێ نییە نەوەک سیستەمی موشەکی ئێس 400ی رووسی.ئەوە بەڵگەیە کە یەکێک لە ئامانجەکانی هاوپەیمانیەتی ناتۆ ،کڕینی چەکە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نادادپەروەری و نایەکسانیە لە نێوان ئەندامانی هاوپەیمانییەتی ناوبراو ..هەر لەو چوارچێوە ئاژانسی بلۆمبێرگ رایگەیاند، چاوەڕوانەدکرێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ئەو هەفتەیە سەپاندنی سزا بەسەر تورکیا رابگەیەنێت بەهۆی ئەوەی سیستەمی موشکی ئێس 400روسی کڕیوە.

هاوکات پێش ئەوەش چەند ئەندامێکی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا داوایان لە دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا کرد سزا بەسەر تورکیا بسەپێنێت بەهۆی کڕینی سیستەمی موشەکی ئێس 400 لە روسیا . هەوەرها ناوی تورکیا بسرێتەوە لە بەرنامەی دروستکردنی فڕۆکەی جەنگاوەری ئێف – 35 . لە بەرانبەردا وەزارەتی بەرگری تورکیا رایگەیاند، پڕۆسەی هێنان و وەرگرتنی سیستەمی موشەکی ئێس 400 لە روسیاوە بۆ تورکیا دەستپێکردووە و گەیشتووەتە بنکەی ئاسمانی ئاکینجی لە ئەتقەرە و چوار فڕۆکەی بارهەڵگری روسی چەند پارچەیەکی ئەو سیستەمەیان گەیندووەتە بنکەی ئاسمانی ناوبراو .

هەر لەو بارەوە ئاژانسەی ئەنادۆلی تورکیا رایگەیاند فرۆکە روسیاەکان بەردەوامن لە گەیاندنی پارچەکانی سیستەمی موشکی ئێس 400 بۆ بنکەی ئاسمانی ئاکنجی لە ئەنقەرەو تاکو ئێستا 6 فرۆکەگەیشتووە.جێی زانینە لە رۆژی هەینی رابردووەوە فرۆکە بارهەڵگرەکانی روسیا دەستیان کردووە بە گەیاندنی پارچەکانی سیستەمی موشکی ئێس 400 بۆ بنکەی ئاسمانی ئاکنجی لە دەورووبەری ئەنقەرە.

هەر لەو چوارچێودا وەزیری بەرگری تورکیا خەلوسی ئاکار رایگەیاند لەگەڵ گەیشتنی پارصەکانی سیستەمی بەرگری موشکی ئێس 400 دەستکراوە بە مەشق پێکردنی سەربازانی تورکیا بۆ چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەوجۆرە چەک .بەگەیشتی ئەو پارچە چەکانی گورزێکی توند بەپەیوەندییەکانی نێوان ئەنقەرەو واشنتۆن دەکەوێت ،ماوەی چەند مانگی رابردوو بەردەوام بەرپرسانی ئەمەریکا گوشاریان دەخستە سەر تورکیا بۆ ئەوەی پاشگەز ببێتەوە لە کڕینی ئەو سیستەمە موشکەییە.

بەرپرسانی ئەمەریکا دەڵێن ئەوکارە پرسێکی ئەمنی زۆر ترسناکە بەتایبەتیش لەگەڵ بوونی تورکیا لە دروستکردنی فڕۆکەی جەنگاوەری ئەمەریکایی ئێف- 35 کە رەنگە روسیا سیستەمە موشەکییەکەی کە فڕۆشتوویەتیە تورکا بەکاربێنێت بۆ سیخوڕیکردن لەسەر ئەو جۆرە فرۆکەیە.رەنگە ئەمەریکا هەر بەوەندە نەوەستێت تورکیا لە برەنامەی دروستکردنی فڕۆکەی ئێف 35 دوور بخاتەوە بەڵکو سزای ئابووریشی بەسەر بسەپێنێت.کە ئابووری ئەو وڵاتە خۆی لە خۆیدا وێرانەو بەو هەنگاوە زیانی زیاتری پێدەگات .لە بەرانبەردا بەرپرسانی تورک دەڵێن ئەو پڕۆسەیە پەیوەندی بەسەروەری تورکیاوە هەیە و تورکیا مافی خۆیەتی بەرگری لە خۆی بکات و ئەو بەرگریە بەهیچ بکات.

بۆ ئەوەش بەهانەکە دەخەنە ئەستۆی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ، چونکە هەوڵەکانی تورکیای پەکخستووە بۆ کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی پاتریۆت لە ئەمەریکاوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەمەریکاییەکان دەڵێن ، لەسەردەمی ئیدارەی باراک ئۆباماوە ئەمەریکا داوا لە تورکیا دەکات لە کڕینی سیستەمی بەرگری موشەکی روسی ئێس 400 دووربکەوێتەوە، بەڵام ئەردۆغان سوڕە لەسەر دەستەبەرکردنی ئەو سیستەمە موشەکییە چونکە ئەویش لەلایەن خۆیەوە چەندین جار تورکیای ئاگەدار کردووەتەوە کە دوور بکەوێتەوەل ە پاڵپشتیکردنی هێزەکانی سوریای دیموکراتیی کە ئەنقەرە بە گرووپێکی تیرۆریستیانم لەقەڵەمدەدات و ئەمەریکاش پشتیوانیان لێدەکات و چەک و تەقەمەنی و پاڵپشتییانم پێدەبەخشێت.

لە نێوان سیستمی پاتریۆتی ئەمەریکی و سیستمی موشەکی S-400ی رووسیدا

ئا: هەندرین شێرزاد



رۆژی هەینی رابردوو ، 12ی تەموزی 2019، تورکیا پارچەکانی یەکەمی سیستمی بەرگریی موشەکی جۆری ئێس 400ی رووسی بەدەست گەیشت ، ئەو سیستمە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە رووبەڕووبوونەوەی موشەکە بالیستیەکان و فرۆکەی شەڕکەر و درۆنز . لە راستیدا پێدەچێ ئەم سیستمە پێشبڕکێکاری یەکەمی سیستمی پاتریۆتی ئەمەریکی بێ . لە خوارەوە گرنگترین جیاوازیەکانی نێوان هەردووک سیستمەکە دەخەینەڕوو:

سیستمی ئێس 400ی رووسی

رادارى سیستمەکە لە توانایدا هەیە لە بازنەی 600 کیلۆمەتردا ئامانجەکان ئاشکرا بکات.
ئەم سیستمە توانای هەیە لە یەک کاتدا 300 ئامانج دەستنیشان بکات.
یەک بەشی سیستمی ئێس 400 دەتوانێ لە یەک کاتدا ڕووبەڕووی 80 ئامانج ببێتەوە و دوو موشەکی زەمین – ئاسمان ئاراستەی هەر ئامانجێک بکات.
نرخی هەر بەشێکی دەگاتە 500 ملیۆن دۆلار.
لە توانایدا هەیە لە بەرزایی 10 مەتر تا 30 کیلۆمەتر ئامانجەکانی بپێکێ .
خێرایی هەر موشەکێک 4.8 کیلۆمەترە لە چرکەیەکدا.
تەنیا پێویستی بە 5 خولەک هەیە بۆ ئەوەی بۆ بەکارهێنان ئامادە بێ.
تەنیا لە ماوەی 10 چرکەدا موشەک ئاراستەی ئامانجەکان دەکات.
تەنیا یەک بەشی ئەم سیستمە 32 موشەک هەڵدەگرێ.

سیستمی موشەکی پاتریۆتی ئەمەریکی

رادارى ئەم سیستمە لە بازنەی 150 کیلۆمەتردا ئامانجە ئاسمانیەکان ئاشکرا دەکات .
لە توانایدا هەیە لە یەک کاتدا 100 ئامانج ئاشکرا بکات .
نرخی یەک بەشی ئەم سیستمە یەک ملیار دۆلاری ئەمەریکیە .
لە دووری 60 مەتر تا 24 کیلۆمەتر ئامانجەکان دەپێکێ
پێویستی بە 30 خولەک هەیە بۆ ئەوەی بۆ کارکردن ئامادە بێ .
تەنیا پێویستی بە 15 چرکە هەیە بۆ ئاراستەکردنی موشەکەکانی .
تەنیا لە گۆشەی 38 پلە موشەکەکانی ئاراستەی ئامانجە ئاسمانیەکان دەکات.
یەک بەشی سیستمی پاتریۆت توانای هەڵگرتنی 16 موشەکی هەیە.

مانشێت



سکای نیوز:
لە باکوری سوید فرۆکەیەک کەوتە خوارەوە و 9 کەس گیانیان لەدەست دا .



رۆژنامەی ئەلحەیات:
دوای ڕەخنەگرتن لە سەرۆکی ئەمەریکا ، کیم داروشی باڵیۆزی بەریتانیا لە ئەمریکا دەستی لەکار کێشایەوە .



رۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
حکومەتی چین بەنیازە سزا بخاتە سەر ئەو کۆمپانیا ئەمەریکیانەی چەک بە تایوان دەفرۆشن .



رادیۆی سەوا:
حکومەتی فەرەنسا 282 کەسی لە هاندەرانی هەڵبژاردەی جەزائیر دەستگیر کرد کە بەبۆنەی سەرکەوتنی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان لە پاریس خۆپیشاندانیان ئەنجام دا .



دۆیچە ڤیلە:
حکومەتی ئەڵمانیا رایگەیاند کە بە هەموو شێوەیەک دژی هەوڵی راستڕەوان بۆ هێرشکردنە سەر سیاسەتوانانی وڵات دەوستێتەوە .



ئەی ئێف پی:
پاریس و لەندەن و بەرلین داوای هێورکردنەوەی بارودۆخی شڵەژاوی نێوان ئەمەریکا و ئێرانیان کرد .

هۆکاری کەمی گوڵکردنی بامیە بزانە



ژمارەیەکی زۆر لە جوتیاران بەهۆی کەمی گوڵکردن و بوونی بە بەرهەم گلەیی دەکەن، هەندێک جار ئەو دیاردەیە دەبێتە هۆی کەمی ڕێژەی 50%ی بەرهەم. شارەزایانی بواری کشتوکاڵ و ژینگەی ڕووەکی دەڵێن هۆکاری سەرەکی ئەو دیاردەیە بۆ ناڕێکی کەش و هەوا دەگەڕێتەوە وەک بەردەوام بوونی تەوژمی گەرمی بەرز سەرەڕای جیاوازی زۆری نێوان پلەی گەرمی شەو و ڕۆژ یان دابەزینی پلەی گەرمی و بەرزبوونەوەی بۆ ڕۆژی دوایی یان بۆ بەرزبوونەوەی ڕادەی شێ دەگەڕێتەوە هەندێک جاریش بۆ سەرهەڵدانی تەوژمی بای وشک و پاشان هاتنی تەوژمێکی بای شێدار دەگەڕێتەوە. پرۆسەی گوڵکردن لە بامیە پێویستی بە دەستبەرکردنی ڕێژەیەکی باشی پێویست لە کاربۆهێدرێت هەیە بۆ دروستبوونی هۆرمۆنەکانی گوڵکردن و پیتاندن بە هەبوونی بڕی گونجاو لە توخمی پۆتاس و فۆسفۆر بە شێوەیەکی سەرەکی.
گرنگترین هۆکارەکانی نزمی ڕێژەی گوڵکردن ئەمانەن:
یەکەم: جیاوازی زۆری نێوان پلەی گەرمی شەو و ڕۆژ.
دووەم: گەورەبوونی کۆمەڵەی سەوزی ڕووەک بە هەر هۆیەکەوە بێت.
سێیەم: کۆنترۆڵ نەکردن و ڕێک نەخستنی کرداری ئاودان.
چوارەم: ڕووەکەکە دووچاری تێنووبوونی زۆر هاتبێت.
پێنجەم: زێدەڕۆیی لە ئاودان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕادەی شێی خاک و ڕەگەکان تووشی خنکان دێن کە ئەوەش دەبێتە هۆی وەرینی گوڵەکان.
شەشەم: زێدەڕۆیی لە بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی بە تایبەتی پۆریا.
حەوتەم: ڕووەکەکە پەینی فۆسفاتی پێنەدراوە یان بە بڕی پێویست لە پەینی فۆسفاتی پێی نەدراوە.
هەشتەم: گرنگی نەدان بە پەینی پۆتاسی.
نۆیەم: دابەزینی ئاستی توخمی کالیسیۆم و بۆرۆن لە نێو ڕووەکدا.
دەیەم: هەبوونی جیاوازییەکی زۆر لە نێوان ڕادەی شێی هەوا و خاک.
یازدەهەم: بەرزی ڕێژەی خوێ لە خاک یان لە ئاوی ئاودانەوە.
دوازدەهەم: هەندێک کات گوڵەکانی بامیە دەوەرێت بە هۆی باکارهێنانی هەڵەی ڕێکخەرەکانی گەشەی ڕووەک یان بەهۆی تێکەڵکردنی بە هەڵەی ئاوێتە کیمیاییەکان یان بەکار هێنانی بڕی زۆری ئەو ئاوێتانە لەوەی ڕێگا پێدراوە لە لایان کۆمپانیا دروستکەرەکەوە.
ڕێگاکانی چارەسەرکردنی دیاردەی کەمی ڕێژەی گوڵکردن
یەکەم: بەکارهێنانی پەینی نایترۆجینی ڕادەگرین، ئەگەر ڕووەکەکە زۆر لاوازبوو بە بڕێکی کەم بەکاریدەهێنین.
دووەم: کەمکردنەوەی ڕێژەی ئاودان تا دەگاتە نزیک تێنوکردنی ڕووەک بە مەرجێک ئاودان لە ئێواران دەکرێت.
سێیەم: ترشی فۆسفۆریک دوو جار لەگەڵ ئاودان بە ڕووەکەکە دەدرێت.
چوارەم: توخمی پۆتاس و مەگنیسیۆم بە ڕووەک دەدرێت.

لە وەرزی گەرمادا دار پرتەقاڵ پێویستی بەم خزمەتانەیە



لە وەرزی گەرمادا هەندێک کاری کشتوکاڵی گرنگ هەیە کە پێویستە لە نێو باخی پرتەقاڵدا بکرێت، هەروەها ئەوانەی پرتەقاڵیان لە باخچەی ماڵدا چاندووە دەتوانن ئەو ڕێنماییانە پەیڕەوبکەن:
یەکەم – گرنگی دان بە ئاودان، هەروەها لە کاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئاودان ڕادەگیرێت.
دووەم – کێڵانێکی ڕووی زەوی دەکرێت بە مەرجێک کێڵانەکە قوڵ نەبێت.
سێیەم – ئەگەر بە جۆگە ئاوەدەران ئەوە بۆ جاری سێیەم پەینی نایترۆجینی بە دارەکان دەدرێت.
چوارەم – پەینکردنی دارەکان بە پەینی پۆتاسی.
شەشەم – ئەگەر لە دوو مانگی ڕابردوو پەینە بچوکەنەکان بە دارەکان نەدراوە ئەوە لەم مانگەدا ئەو توخمانەی پێ دەدرێت.
حەوتەم – ڕشاندنی بەرگری دژی ژەنگ و ئەکارۆسەکان.
هەشتەم – ئەو لق و پۆپانەی لە ژێرەوەی دارەکە یان لەسەر قەدی دارەکە دەردەکەون بەدەست لادەدرێن.
نۆیەم – بەردەوام بوون لە بەرنامەی ڕشاندنی بەرگری دژی مێروو کونکەرەکان.
دەیەم – ڕشاندنی دارەکان بە گیراوەی بۆردۆ یان ئەو گیراوانەی ڕێگا بەهەڵمبوون نادەن بۆ ئەوەی خۆر بردی نەبن.
یازدەهەم– لالەنگی ئەگەر بەرهەمی زۆر بوو ئەوە بەدەست یان بە ماددەی کیمیایی بڕێک لە بەرهەمەکەی کەم دەکرێتەوە (نزیکەی 25-30%).

چەند سوودێکی خواردنەوەی ئاو

یەکەم: ئاو هێزت پێدەبەخشێت و کەمی ئاو لە جەستەدا دەبێتە هۆی وشکبوون و لە ئەنجامدا هەستکردن بە مەندیبوون و شەکەتی.
دووەم: خواردنەوەی ئاو یارمەتی دڵ دەدات بۆ پاڵدانی خوێن بە شێوەیەکی باش.
سێیەم: خواردنەوەی ئاو هاوکارە بۆ گواستنەوەی ئۆکسجین و ماددە خۆراکییەکان بۆ جەستە بۆئەوەی سوودی لێ ببینێت.
چوارەم: 70-80% پێکهاتەی مێشک لە ئاو پێکدێت ئەگەر تۆشیی وشکبوون بووی ئەوە دەبێتە هۆی هەستکردن بە دڵەڕاوکی بۆیە بەردەوام ئاو بخۆوە لە هەر کوێیەک بیت.
پێنجەم: کاتێک ئاو دەخۆیتەوە ڕێگری لە گرژی ماسولکەکان دەکەیت و جومگەکان تەڕ دەکەیتەوە.
شەشەم: یارمەتیدەرە بۆ دەربازبوون لە پاشەڕۆ، ئەو کەسانەی دووچاری وشکبوون دەبن ئەوە بڕی ئاو لە جەستەیاندا هەڵدەمژرێت و تۆشیی قەیزیبان دەکات.
حەوتەم: ئەگەر ویستت لە بەردی گورچیلە دەربازت بێت تەنها ڕێگا خواردنەوەی ئاوەی زۆرە لە هەمانکاتدا خوێ کەم بکەوە.



ئایا دابەزینی کولیسترۆڵ زیانی هەیە؟

لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە زانکۆی ویلایەتی بنسلڤانیا ئەنجام دراوە دەرکەوت ئەو کەسانەی ئاستی کۆلیسترۆڵی پرۆتینی چەوری کەم چڕیان (LDL) یان لە 70 کەمتر ڕووبەڕووی مەترسیی توشبوون بە جەڵدەی مێشک دەبنەوە.
ئاشکرایە نزمی کولیسترۆڵ بەسوودە بە تایبەتی بۆ کەمکردنەوەی مەترسیی توشبوون بە جەڵدەی مێشگ کە بە هۆی گیرانی خوێنبەرەکان ڕووەدات کە دەبێتە هۆی نەگەیشتنی خوێن بۆ مێشک، بەڵام دابەزینی زۆری ئاستی کۆلیستۆڵ بە هەمان شێوە پەیوەندی بە ئەگەری توشبوون بە جەڵدەی مێشکی خوێنبەربوون هەیە و ڕێژەکەشی دەگاتە 169%، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە ئەوەش دەبێتە هۆی لاوازی مەلوکەکانی خوێن و تەقینیان لە ئەنجامدا.



ئەو لێکۆڵینەوەیە لەسەر نزیکەی 96043 کەسی ئەنجامدرا، لێکۆڵەرەوەکان بۆیان دەرکەوت کە دەکرێت میانڕەوی و هاوسەنگی بکرێت بۆ بەدەستهاتنی نمونەترین ئاستی کۆلیستۆڵی زیان بەخش لە جەستەدا.
لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوت ئەوانەی ئاستی LDLیان لە 50ملیگرام/دیسیلیتر کەمترە ئەوانە بە ڕێژەی 169%مەترسیی توشبوونیان هەیە بە جەڵدەی مێشکی خوێنبەربوون بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی ئاستی کۆلیستۆڵیان لە نێزان 99-70ملیگرام/ دیسیلیترە.
شارەزایان ڕینوێنی دەکەن کە پێویستە ئاستی کۆلیستۆڵ لە ژێر 100ملیگرام/دیسیلیتر بێت، لەگەڵ ئەوەی کە ڕێژەی 120-100 ملیگرام/ دیسیلیتر مەترسیدار نیە بۆ ئەوانەی کێشەی تەندروستیان نییە.
دەکرێت ڕێژەی LDL کەم بکرێتەوە لە ڕێگای کەمکردنەوەی خواردنی گۆشتی سوور و بەرهەمە شیرەمەنییەکان کە پڕ چەورین و هەروەها نەخواردنی کێک و پسکویت.

سوودە تەندروستییەکانی زەنجەفیل

زەنجەفیل یان زونجەبیل چەندین سوودی تەندروستی هەیە کە بەهۆی ئەو سوودانەوە بەردەوام ئامۆژگاری خواردن و بەکارهێنانی دەکرێت، ئەوەش هەندێک لە سوودەکانی زەنجەفیلە:-
یەکەم: ئێسک بەهێز دەکات.
دووەم: بەلغەم ناهێنێت.
سێیەم: چارەسەرە بۆ سک ئێشە و ڕشانەوە.
چوارەم: کۆئەندامی دەمار بەهێز دەکات و بەرگری جەستە بەرزدەکاتەوە.
پێنجەم: ئازار و گرژی ماسولکەکان ناهێنێت.
شەشەم: بە سوودە بۆ پاراستنی دروستی کۆئەندامی هەرس و ڕێڕەوەی میز.
حەوتەم: خوێنبەرەکان فراوان دەکات و فرمانەکانی دڵ ڕیکدەخات.
هەشتەم: مێشک لە نەخۆشیی دەپاریزێت و بە تەندروستی دەیهێڵێتەوە.
نۆیەم: غازات لە گەدە و ڕیخۆڵەکان دەردەدات.
دەیەم: جەستە لە زیانەکانی تیشکی سەرووی وەنەوشەیی دەپارێزێت.
یازدەهەم: بەسوودە بۆ گورچیلە و گەدە و زۆر میزکردن.
دوازدەهەم: ئاستی شەکرەی خوێن ڕێکدەخات.
سێزدەهەم: ئاستی کۆلیستۆڵی زیانبەخش لە جەستەدا کەم دەکاتەوە.
ئاگاداری: شارەزایانی بواری خۆراک ئامۆژگاری ئەوانە دەکەن کە نەخۆشیی دڵ و برین گەدەیان هەیە زێدەڕۆیی لە خواردنی زەنجەفیل نەکەن. پێیان باشە ڕۆژانە تەنها 10 گرام زەنجەفیل بخورێت.



زیانی خواردنی باینجان

باینجان یەکێ لەو بەروبوومانەیە کە سەر بە خێزانی باینجانییەکانە Solanaceae ئەو کۆمەڵەیەش لە باینجان و تەماتە و پەتا و بیبەر پێکدێت ئەو کە بۆ هەندێک کەس کێشەی تەندروستی دروست دەکەن.
باینجان کە یەکێکە لە بەروبوومی ئەم کۆمەڵەیە زیان بە کۆمەڵەی هەرس دەگەیەنێت بۆ هەندێک کەس کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی هەوکردن. باینجان دەوڵەمەندە بە ترشیی (ئۆکسالیک) هەبوونی ئەو ترشە پەیوەندی بە دروستبوونی بەردی گورچیلە و هەوکردنی جومگەکان هەیە بۆ هەندێک کەس.
ئەوەش یەکێ لە زیانەکانی باینجانە بۆیە ئەوانەی لە میژووی خێزانیاندا دروستبوونی بەردی گورچیلە یان هەوکردنی جومگەکان هەیە ئەوە دەبێت لە خواردنی باینجان دوور کەونەوە.
هەندێک کەس هەستەوەری (حەساسیە)یان هەیە لەگەڵ خواردنی باینجان بۆیە ئەوانە پێویستە باینجان نەخۆن.



ئاگرەکەی زیاتر خۆشکرد..

نایمار:

جوانترین یادگاریم ئەوکاتە بوو کە 6 – 1 لە پاریس سان جێرمانمان بردەوە

تادێت پەیوەندییەکانی نێوان نایمار و پاریس سان جێرمان زیاتر ئالۆز و بەکێشە دەکەوێتەوە، هەردوولا لێدوانی دژ بەیەک ئاراستەی یەکتری دەکەن، نایمار لە کاتی گەڕانەوەی بۆ پتریس، پێشوازییەکی سەرنجراکێشی لێکرا و لەپەراویزی ئەو پێشوازییەشیدا کە هەفتەک دەرەنگتر گەرایەوە گوتی: جوانترین یادگاری وەرزشیم ئەو یارییە بوو کە **6-1** گۆل لە یانەی پاریس سان جێرمان بردەوە.

کاتێک لە نایمار دەپرسن خۆشترین یادگاریت کەی بوو؟ نایمار لەوەڵامدا دەڵێت: بەدەستهێنانی میدالیەی ئۆڵۆمپیادی **2016** لەگەڵ هەڵبژاردەی بەرازیل، هەروەها وەک سوکایەتی کردنیش بە یانەکەی گوتی: هەروەها ئەو ڕێژنتادایەی بەرشلۆنە بوو بەسەر پاریس سان جێرمان.

بەرشلۆنە

پاڵەوانی ئیسپانیا دەباتە ریزەکانیەوە

یانەی کاشیما ئەنتلەرزی ژاپۆنی و پاڵەوانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئاسیا، رایگەیاند کە هێرۆکی ئابی هێرشبەرەکەیان چووەتە یانەی بەرشلۆنە، یانە زەبەلاحەکەی ئەوروپا.

ئەو یانەی لە تویتەر بڵاویکردۆتەوە کە کاشیما و بەرشلۆنە گەیشتونەتە ڕێکەوتن بۆ ئەوەی هیرۆکی لەوەرزی داهاتوو لە خولی پلە یەکی ئیسپانیا یاری بۆ بەرشلۆنە بکات، بێ ئەوەی ئاماژە بە نرخەکەی بکرێت، بەڵام میدیاکان لە ئیسپانیا بڵاویان کردۆتەوە کە بەرشلۆنە بڕی 2.25ملیۆن دۆلاریان داوە بۆ گەیشتن بە خزمەتەکانی هیرۆکی تەمەن 20سالان.

سواریێز: مێسی بە ڕەخنەکان کاریگەر دەبێت

لویس سواریێز، هێرشبەری یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی وتی، هاوتیپ و کاپتنی بلاوگرانا، لیونێل مێسی، بەو ڕەخنانە کاریگەر دەبێت، کە سەبارەت بە شتەکانی دەرەوەی یاریگە لێی دەگیرێت، دووپاتیشی دەکاتەوە، لیۆ، دەست لەو کاروبارانە وەر نادات، کە لە دەرەوەی کاری خۆیەتی وەکو یاریزان.

سواریێز لە میانی لێدوانی بۆ تۆڕی (فۆکس سپۆرتس) وتی:"دەبینم تاکو ئێستا دەڵێن، مێسی، فلانە کەسی ناوێت، یان دەیەوێت ئەو یاریزانە، یان ئەو ڕاهێنەرە بێت، لەگەڵ زۆر شتی دیکەش". هەروەها وتی:"هەتا لە هەڵبژاردەی نیشتمانیش، داوایان لێکرد بۆچوونی خۆی لەسەر هەندێک شت دەربڕێت، وەڵامی ئەوەیش ئەوها بوو: داوای هیچ شتێک لە من مەکەن، بەخۆتان بڕیار بدەن". لە بارەی ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی مێسی دەکرێتەوە لەم بارەیەوە، سواریێز وتی: من و مێسی زۆر باسی ڕەخنەکان دەکەین، ئەویش وەکو مرۆڤ، بەدڵنیاییەوە زۆر کاریگەر دەبێت. یاریزانی تۆپی پێ، دەبێت لە ڕەخنەکانی نێو یاریگە را بێت، نەوەکو لە دەرەوەیدا". لە بارەی دەرچوونیش لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپاوتی: دوای دەرچوون لە خولی یانە پاڵەوانەکان، دەمویست خۆم لە جیهان ون بکەم، نامەوێت ڕووداوەکەم بیر کەوێتەوە.

ڕەمزی میرەکانی






کۆتینهۆ: نامەوێ لەیانەیەک یاری بکەم رکابەری لیقەر بێت

بەڕێوەبەری کاروبارەکانی فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلی و یاریزانی ناوەڕاستی بەرشلۆنە رایگەیان کە ئێستاش ئەو یاریزانە دڵی بۆ لیقەرپوول لێدەدات.

بەڕێوەبەرەکەی کۆتینهۆ دەڵێت: تا ئێستاش یانەی لیقەرپوول شوێنی تایبەتی لەناو دڵی دا هەیە، ئەو ئاشقێکی گەورەی ئەو یانەیەیە، مەحالە کۆتینهۆ بتوانێت بچێتە یانەیەک یاری بۆ بکات و ئەو یانەیەیش رکابەری لیقەرپوول بێت.

جێی باسە لێدوانەکانی بەڕێوەبەری کاروبارەکانی کۆتینهۆ دوای ئەوە دێت کە هەواڵەکان لە کەتالۆنیا و ئەنفیلد باس لەوە دەکەن کە ئەو یاریزانە بەرازیلییە دەیەوێ جارێکی تر بگەڕێتەوە خولی پرێمەرلیگ.

هازارد درێسی ژمارە 7ی ڕۆنالدۆی ڕەتکردەوە



زۆرێک پێیان وابوو کە هازارد درێسی ژمارە (7) لە بەر دەکات و درێژەپێدەری ڕائۆل و ڕۆنالدۆ دەبێت، بەڵام ئەو یاریزانە پێچەوانەی هەموانی کرد و درێسی ژمارە **23**ی بۆ وەرزی داهاتوو هەڵبژارد، ئەمەش وەک سەرسامیی بە مایکل جۆردانی یاریزانی باسکەی ئەمەریکی کە کاتی خۆی ئەو ژمارەیەی بەستبوو.

هەڵەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکردووە کە هازارد لەم سەرەتای چوونەیدا بۆ ریال مەدرید نەیوستووە بە ڕۆنالدۆی بچوێنن، هەربۆیەشە درێسی ژمارە 7ی ڕۆنالدۆی ڕەتکردۆتەوە؟

ئیکاردی هەڕەشە لە ئینتەر دەکات

ڕۆژنامەی لاریبۆبلیکای ئیتاڵی ئاشکرای کرد کە دوای ئەوەی لە سەربازگەی تیپەکە دوورخرایەوە، ماورۆ ئیکاردی هەڕەشەی لە ئینتەر میلان کردووە کە بەتەنیا مەشقەکانی ئەنجام دەدات و بەهیچ شێوەیەک لە ئینتەر ناڕوات کە ئەوان بیری لێدەکەنەوە.

ڕۆژنامەکە لەزاری ئیکاردی گواستویەتییەوە: بۆ دووسااڵی تر لە ئینتەر دەمێنمەوە و ناڕۆم، مووچەی خۆم بەتەواوی وەردەگرم و دواتر بە خۆڕایی دەڕۆم، هەروەها ڕۆژنامە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە پەیوەندی نیوان ئیکاردی و دەستەی کارگێڕی یانەی ئینتەر بەرەو خراپی دەچێت و پێناچێت بەم حاڵەتە ئیکاردی بتوانێت بەردەوام بێت.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com


خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla

خەبات XEBAT
Tue, 16. Jul. 2019 No: (5790)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر



وریا شەمێرانی لە کاتی ماچکردنی ئالای کوردستاندا



چاپکراوی نوێ

پڕ پڕە لە تۆ.. چۆڵ نییە دڵم

نووسەرو ڕۆژنامەنووس ئازاحەسیب قەرە داخی دەڵێت: (پڕ پڕە لە تۆ.. چۆڵ نییە دڵم) کتێبێکی نوێمە.لە کەرنەڤاڵێکی مالّی کتێبدا، لە هەولێر بلاّو دەکرێتەوە.لە دوو تومێی٣٢٨ لاپەڕەدا ١١٤ دەق و ١٣ چوار دێڕیی لەخۆ دەگرێ کە بەرهەمی یەک سالّی رابردوومە.شۆڕش غەفوری دیزاینی بەرگەکەی کردووە. ئەژی ئازا حەسیب قەرەداخی دیزاینینی ناوەڕۆکەکەی کردووە و لەچاپخانەی ڕۆژهەلاّت چاپکراوە.هیوادارم جێی ڕەزامەندی خوێنەران بێ.

لە ئەڵمانیا کارەکەی دەبێتە جێی سەرنجی هاوواڵتیانی بیانی

وریا شەمێرانی: ئالای کوردستان بەشێکە لەروحم

بەرهەم شێخ عزەدین

ڕۆی 14/ 7 / 2019 لەشاری کۆڵنی وڵاتی ئەڵمانیا ،هەڤاڵ وریا شەمێرانی کە کادرو پێشمەرگەیەکی دڵ سۆزی پارتیە و ئێستا لەو شارە ژیان بەسەردەبات بەو جۆرەی کەلەوێنەکەدا دیارە وێنەی ئالای پیرۆزی کوردستان ماچ دەکەت ،کاتێک دەبینێت ئالای کوردستان لەنێو ئالای میلەتان نەخشێنراوە، ئەوکارەی وریا دەبێتە جێی سەرنجی هاوڵاتیانی دەوروبەری، شەمێرانەی بەخەباتی گوت:هیچم نەکردوە ئەو ئەرکی سەرشانی هەرتاکێکی کورد ڕێز لەپیرۆزییەکانی بگرێت ،من ئالاّ بەبەشێک لەحوم ئەزانم وئەرکی سەرشانما ڕێز بنوێنم بەرانیەری.

چەرەسی بەرازیلی یەکێکە لە چەرساتە زۆر گرنگەکان بۆ دابەزاندنی چەوری خراپی خوێن

ئا/وریشە عومەر: دکتۆر ئەسرا کەمال شا محەمەد بەکالۆریۆس لە پزیشکی گشتی و ماستەر لە زانستی خۆراک لەپەیجی خۆی لەتۆڕی کۆمەلاّیەتی فەیسبوک دەڵێت: چەرەسی بەرازیلی یەکێکە لە چەرساتە زۆر گرنگەکان بۆ دابەزاندنی چەوری خراپی خوێن (کۆلیسترۆل)، بە پێی هەندێک تۆێژینەوە ڕۆژانە ٢-٣ دەنک کاریگەری هێندە یاخود زیاتر لە حەبی دابەزاندنی کۆلیسترۆل هەبووە. هەروەها کاریگەرییەکی باشی هەیە لەسەر ڕێکخستنی هۆرمۆنی غودەی دەرقی چونکە زۆر دەوڵەمەندە بە مادەی سیلینیوم هەر لەبەر ئەمەشە باشترە ڕۆژانە تەنها ٢-٣ دەنک زیاتر نەخورێت. وە هەروەها بۆ ڕێکخستنی پەستانی خوێن زۆر گرنگە چونکە دەوڵەمەندە بە پۆتاسیۆم و مەگنیسیوم...

ئەڵمانیا ... ڕەوەندی کورد بەشێکی گرنگی فێستڤاڵی کولتووری نەتەوەکانە

موزیکژەن فەرەیدون محەمەد: هیوادارم ئەم بۆنانە لە تاراوگە زیاتر کورد لە یەک نزیکبکاتەوە



کوردانی بەشداربوو لە فیستیڤاڵ



لایەنێک لە فیستیڤاڵەکە

خەبات- ئەڵمانیا: ساسان دەرویش

هەموو ساڵێک لەگەڵ دەستپێکردنی پشووی هاوین وسەرەتایی مانگی تەموز بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک فێستیڤاڵی ساڵانەی جەژنی خواروی نۆرنبێرگ لە ئەڵمانیا، لەژێر ناونیشانی کلتوری نەتەوە جیا جیاکانی نیشتەجێی ئەڵمانیا بەڕێوە دەچێ ، کە تیدا زیاتر لە 63 ڕێکخراوی جیاواز کە ڕەنگدانەوەیان لە جوانکاری بۆنەکەدا هەیە لە بەڕێوەچوونی پڕۆگرامەکان جگە لە ژمارەیەک پارتی ئەڵمانی و ئامادەبوونێکی ئێجگار زۆری خەڵک ، ئەوەی جێگایی سەرنجی هەموانە بەشداربوونی ڕەوەندی کوردستانیانە لە هەرچوار پارچەکەی کوردستانە لەو شارە لەگەڵ نەتەوەکانی تر و نمایشکردنی خواردنی کوردی و پێشکەشکردنی ئاواز و میوزیکی کوردی و ڕەشبەلەکی دەستگیراوی کوڕان وکچانی کورد و خۆشی دەربڕین و چێژ وەرگرتن لە پڕۆگرامی بۆنەکە ئەو چەند ڕۆژە پێکەوە دەگوزەرێنن لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەریەکەیان لە ڕەوەندی کورد ناسنامەی نەتەوەکەیەتی لە نیشاندانی کولتوور و هونەری کوردی و ناساندنی دۆزی کورد و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی کورد و نەتەوەکان بەتایبەتی ئەڵمانیەکان ، لە میانەی ئەم چەند ڕۆژەشدا گروپێکی میوزیکی کوردی بینرا بەسەرپەرشتی هونەرمەند فەرەیدون محەمەد قادر کە بۆ چەند ساتێک گوێچکەیی هەموانیان پڕکرد لە ئاواز و میوزیکی کوردی و هێنانە جۆشی و هەڵپەڕکی بۆ هەمان مەبەست بۆ خەبات دوا وگوتی : سەرەتا سوپاستان دەکەم ستافی خەبات بەگشتی و نووسینگەی هۆڵەندا بۆ بەسەرکردنەوەمان و گەیاندنی پەیامی کوردانی تاراوگە بەنیشتیمان کە هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوخەم خۆری گەل و ، خاکی خۆمانین و بەشێکی دانەبڕاوی کار وچالاکیە جۆراوجۆرەکانی تاراوگەین لە پێناو ناساندی دۆزی کورد و کولتوور وهونەری کوردی ، ئەم بۆنەیەش لە سەرەتایی هەفتەیی یەکەمی مانگی تەموزی هەموو ساڵێک بەڕێوەدەچێت لە ڕۆژانی هەینی وشەممەویەک شەممە کە هەموو کوردستانیان لە ڕوەندی کوردی هەرچوارپارچەکەی کوردستان لەم شارەدا بەشداری کارایان دەبێت لەپاڵ میللەتانی تردا خۆیان دەناسێنن لە کلتوری کوردی کە خۆشبەختانە لە پرۆگرامی شانۆیی گەورە بۆ پێشکەشکردنی میوزیک کوردیش لە ڕیزبەندی ناوەکانە ئێمە بەشداربووین وەک سەنتەری مۆسیقاو چالاکییە هونەریەکانی کورد لە نۆرنبیرگی ئەڵمانیا کە پێکەوە لەگەڵ هونەرمەندان هاوکار ئامێدی و عوسمان ئابی و هەڕێم ئەحمەد و شێخەی دەلاک و ڕێکان محەمەد و سالاری حەمادی چەند پارچە میوزیکێکی کوردیان پێشکەشکرد کە جێگا سەرنجی ئامادەبوان بوون بەهیوام ئەم بۆنانە زیاتر کورد لە تاراوگە کۆبکاتەوە ونزیک بکاتەوە لەیەک کە زیاتر هەستی نیشتیمان پەروەریان بەهێز و پڕجۆشتر دەکات بۆ خاک و گەلەکەیان.